

وضاح الخطيب

# پوختەیەک لە زانستەکانی قورئان

بەکوردی کردنی

زێبار غزیزخان مهاجر

بسم الله الرحمن الرحيم

# پوختەیەک لە زانستەکانی
# قـــورئـــان

ناوی كتێب به عەرەبی: الـوَجيـزُ في عُلوم الـقُرآن
نووسەر: وضاح مجدالدين الخطيب
ناوی كتێب به كوردی: پوختەیەك له زانستەكانی قورئان
وەرگێڕانی: زێبار عەزیزخان مهاجیر
نەخشەسازی ناوەوە: مهاجر محمد
نەخشەسازی بەرگ: بەرەكات قوڕتاس
بڵاوكار: نووسنگەی كاروان
نۆره و ساڵی چاپ: دووەم، ١٤٤٠ك – ٢٠١٩ز
تیراژ: ١٠٠٠ دانه

له بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كتێبخانه گشتییەكان ژمارەی سپاردنی (٥٤٤)ـی بۆ ساڵی (٢٠١٣)ـی پێدراوە.

- ناونیشان: كوردستان، سۆران، شەقامی گشتی بۆ پەیوەندی كردن:
٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥ Karwancenter18@gmail.com

# پوختەیەك لە زانستەكانی

# قــورئــان

نــووسینی: وەزاح ئەلخەتیب

وەرگێڕانی: زێبار عەزیزخان مهاجیر

(١٤٣٤ك – ٢٠١٣ز)

# پـێــشەکــی وەرگێــر

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای زانا و خاوەن توانا، درود و سڵاو برژێ بەسەر پێغەمبەری خاوەن پەیامی ڕەوا، و بەسەر خانەوادە و یاران و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی جیاکردنەوەی ڕەوا و ناڕەوا.

پاشان!

لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری ئیسلام و دەرکەوتنی مەشخەڵی پێغەمبەرایەتی موحەممەد (ﷺ) جیهان چووە قۆناغێکی دیکەوە، بە هاتنی قورئانی پیرۆز دونیا جارێکی تر زەردەخەنەی بۆ گەڕایەوە و بەرچاوی ڕۆشن بوو.

دوای پایەداربوونی ئایینی ئیسلام و حەسانەوەی مرۆڤایەتی لە سایەی سێبەری بەرنامەی خوادا، دەستکرا بە گرنگی دان بە قورئانی پیرۆز و شرۆڤە و شیکردنەوەی دەقەکانی، دانانی ئامراز و دیارکردنی ڕێگاکانی لێتێگەیشتنی.

سەدە دوای سەدە زانا خواناسەکان بایەخی زیاتریان دەدا بە زانستەکانی قورئانی پیرۆز، تا وایلێهات بووە زانستێکی سەربەخۆ جیا لە زانستەکانی دیکە، ئەمەش پیشاندەری دڵسۆزی پەیڕەوانی قورئان و گەورەیی ئەم پەیامەیە.

قورئانی پیرۆز یەکێك لەو کتێبانەی کە زۆرترین خوێندنەوە و توێژینەوەی بۆکراوە و دەکرێت لە جیهاندا، ئێستاش چەندین کتێبی بێ ژمار لە بارەی زانستەکانی قورئانی پیرۆز لە کتێبخانەکاندا هەن، هەر یەکێك لەم کتێبانە بە درێژی یان بە پوختی زانستەکانی قورئانی پیرۆز تاوتوێ کردووە.

ئەم کتێبەش بریتییە لە کلیلی ئەو دەرگایانەی، کە مرۆڤ دەتوانێت پێی بچێتە ناو هۆڵی زانستەکانی قورئانی پیرۆز و ئامرازێکە پێی دەگاتە قوڵایی زەریای حەقیقەتەکانی، تا گەوهەر و مروارییە بە نرخ و گرانبەهاکانی دەربهێت و کەڵکی لێوەربگرێت بۆ دین و ژین. هیوادارم خوای مەزن بە چاکە پاداشتی دانەر بداتەوە. ئەم کارەی بەندەش بکاتە خێر و بیخاتە سەر تای تەرازووی چاکەکانی[١].

هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە کلیلی ڕۆیشتنە ناو بەهار و گوڵزاری زانست و زانیارییەکانی قورئانی پیرۆز، و ئاوێتە بوون لەگەڵ ئاوازەکانی باوەڕ و تێگەیشتن لە پەیامی خوا، و پێگەیشتن لەسەر بەرنامەکەی و خزمەتی زیاتر بە مەشخەڵی هەمیشە داگیرساوی ئیسلام.

**زێبار عزیزخان مهاجیر**

**ســـۆران**

---

(١) بۆ ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: خوڵاصەی تەفسیری نامی، دانراوی مەلا عبدالكريمی مدرس. تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین. (وەرگێڕ).

# پێــــشنــووس

**ڕێزدار شێخ ئەحمەد کەفتارۆ**

**موفتی کۆماری عەرەبی سوریا**

**سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتواو کۆڕبەندی شێخ ئەحمەد کەفتارۆ لە دیمەشق**

---

**بــەنــاوی خــوای بــەخــشندەی مــیــهــرەبــان**

سوپاس و ستایش بۆ خوا کە دابەزێنەری قورئانی مەزنە، ڕێنیشاندەرە بۆ هەق و ڕێگەی ڕاست و ڕەوان، درود و سڵاو برژێ بەسەر سەرورەمان موحەممەد و خانەوادە و تێکڕای هاوەڵانی، پاشان:

بەڕاستی قورئانی پیرۆز سفرەو خوانی پەروەردگارە، کە باوەڕداران شتی پڕ چێژو بەتامی لێهەڵدەهێنجن و هەست بە خۆشی و ئاسودەیی دەکەن لە سایەی بەخششەکانی، ﴿ يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾ المائدة: ١٦. واتە: (- بێگومان - خوا بەو قورئانە پیرۆزە ڕێنوێنی ئەو کەسانە دەکات کە: شوێن ڕەزامەندی خوا کەوتوون، بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتی و ئاسوودەیی و لە تاریکیەکان دەریاندەهێنێت و ڕزگاریان دەکات و دەیانخاتە ناو ڕووناکیەوە بە فەرمانی خۆی و ڕێنموونییان دەکات بۆ سەر ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست). جا خۆشبەختی بۆ ئەوەی خوانی پەرەوەردگار قبوڵ بکات و وەڵامی ئەو بانگهێشتە بداتەوە کە خوای مەزن ئاڕاستەی کردووە.

ئای مرۆڤایەتی چەندە بەختەوەر بوو کاتێك ئەم بەخششەی وەرگرت و ڕووی تێکرد، چەندە بەدبەخت بوو کاتێك ڕووی وەرگێڕا و پشتی تێکرد و ڕووی کردە جگە لە قورئانی پیرۆز، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی:
﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ
(١٢٤) قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا (١٢٥) قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَـٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ
وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴾ طە: ١٢٤ - ١٢٦. واتە: (ئەوەی ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامەی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشری دەکەین. ئەو جۆرە کەسە دەڵێت: ئەی پەروەردگار بۆ بە کوێری حەشرت کردم، خۆ من کاتی خۆی چاوساغ بووم. - لەوەڵامدا خوا - دەفەرموێت: تۆ ئا بەوشێوەیە بوویت - کوێر بوویت لە ئاستی - ئایەت و بەڵگەکانمان کاتێك پێت ڕاگەیەنرا، ئێمەش ئەمڕۆ ئاوا مامەڵەی کەسێکی لەبیرکراوت لەگەڵدا دەکەین - لە سزاو ئەشکەنجە و ئازاردا دەهێڵرێیتەوە -).

جا ئوممەت کاتێك کە دەیەوێت گەنجینە و نهێنی و خەزێنەکانی قورئانی پیرۆز بدۆزێتەوەو دەربخات، پێویستە شارەزایی هەبێت سەبارەت بە زانستە سەرەکیەکانی قورئان، کە لە میانەیاندا دەتوانێت پەیی ببات بە زانیارییە وردەکان و مەبەست و ئامانجی ڕێنماییەکانی.

سەبارەت بەم کتێبە کە خوای گەورە کوڕەکەمان (وضاح الخطيب)ی سەرکەوتوو کرد لە پێشکەش کردنی بە کتێبخانەی ئیسلامی، خستنەڕووی گرنگترین زانستەکانی قورئانی تێدایە بە ئاسانکراوی و سادەیی و دوور لە ئاڵۆزکردنی وشە و دەربڕین و کەم و کورتی لە گەیاندنی مەبەست و واتاکان.

داوام وایە لە خوای پایەبەرز خێرو بێرو ڕێنوێنی تێبخات، زانینی ئەم زانستانە ببێتە ڕێگەیەك بۆ تێگەیشتن لە کتێبی خوا و کارکردن بە بەرنامە دانا و پڕ لە حکیمەتەکەی، بەشێوەیەك کە ئەم ئوممەتە زیندوو بکاتەوەو بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر سەکۆی سەربەرزی و پایەداریەکەی.

**درودو سڵاو بڕژێ بەسەر سەرومرمان موحەممەد و خانەوادە و سەرجەم هاوەڵانی ... و سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان.**

**د. شێخ ئەحمەد کەفتارۆ**

**موفتی گشتی کۆماری عەرەبی سوریا**

**سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا و کۆڕبەندی شێخ ئەحمەد کەفتارۆ**

# پێشەکی چاپی نوێ

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە کتێب (قورئانی پیرۆز)ـی بۆ سەر بەندەکەی دابەزاندووەو هیچ کرچ و کاڵی و کەم و کورتیەکی تێنەخستووە.

درود و سڵاو بڕژێ بەسەر ئەوەی کە یاد و ڕێنوێنی بۆ دابەزیوە تا ئەو بەرنامەیە بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە کە بۆیان هاتووە، پاشان:

لە بەخشش و منەتی خوایە بەسەرمەوە کاتێك هەر لە هەرەتی تەمەن و سەرەتای نووسیندا منی سەرکەوتوو کرد بۆ نووسینی ئەم کتێبە، ئومێدەوارم بخرێتە تەرازووی چاکەکانمەوە، لە ڕۆژێکدا گەواهیم بۆ بدات کە سەروەت و سامان و خاووخێزان و منداڵ سوودیان نابێت.

خوای گەورە ڕێزداری کردم بەوەی بەم کتێبە سوودی بە زۆر بەندە گەیاند، بەتایبەت زانستخوزان و قوتابیان لە کۆڕبەندی شێخ ئەحمەد کەفتارۆ (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

پاشان دوای بەسەرچوونی ماوەی پازدە ساڵ بەسەر دانانی ئەم کتێبە و بەسەربردنی چەند ساڵێك لە وتنەوەی بە قوتابیان، پێم باش بوو هەندێك دەستکاری کەمی تێدا بکەم بەهۆی ئەوەی وا هەستدەکەم کەم و کورتی تێدایە، ئەم کەم و کورتیەش مرۆڤ بە سروشت هەیەتی، هەروەها دارشتنی بەشێوەیەکی تر کە بە باشترم دەزانی لەوەی پێشترو زیاتر ڕوونکردنەوەی هەندێك دەربڕین کە هەندێك لە قوتابیان کێشەیان هەبوو لە ئاست لێتێگەیشتنیدا.

داوام وایە لە خوای مەزن ئەم کارەم بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خۆی پەسەند بکات، بیکاتە مایەی سوود بۆ بەندەکانی، بەڕاستی خوا چاکترین داوالێکراوە.

**سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان**

**وضاح مجدالدين الخطيب**

**دیمەشق**

# پێـشەکی چاپـی یـەکـەم

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە قورئای پیرۆزی دابەزاندووە، کە بەڵگە و نوورێکی ڕۆشنە، کردوویەتییە ئامۆژگاری و چارەسەر بۆ ئەوەی لە سینەکاندایە، هەروەها کردوویەتیە مایەی ڕێنوێنی و ڕەحمەت بۆ باوەڕداران.

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە کتێبەکەی دابەزاندووەو شیرینی کردووەو ڕازاندوویەتیەوە، سەرەوەی بەرهەمدارو ژێرەوەی تۆکمە کردووە، وای لێکردووە کە هەمیشە زاڵ بێت و هیچ شتێکی بەسەردا زاڵ نەبێت[1]، جا ئەم کتێبە دەستووری موسڵمانان بوو، دەستی ئەوانی دەگرت و بەرەو بەختەوەری و سەرکەوتنی ئاشکرای دەبردن.

درود و سڵاو بڕژێ بەسەر ئەوەی کە بۆ سەرجەم خەڵك ڕەوانەکرا وەك مژدەدەرو ترسێنەرو ڕێنمایکارو ڕێنیشاندەرو ڕەحمەت بۆ جیهانیان، پاشان:

جا ئەگەر قورئانی پیرۆز دەستووری موسڵمانان و موعجیزەی نەمر بێت کە ڕۆژانە گەواهی لەسەر گەورەییەکەی دەدرێت و بە ڕوونترین واتا ئاماژە دەدات بە بوونی بەدیهێنەری تاك و تەنها. ئەگەر ئەم کتێبە بناغەی یەکەم بێت کە موسڵمان کۆشکی خۆی لەسەر بنیات بنێت و تاکە ڕێنیشاندەر بێت کە هەنگاو دوای هەنگاو شوێن پێی هەڵبگرێت، ئەوا مادەم وایە دەبێ موسڵمان لە هەموو کات و ساتێکدا لەسایەی سێبەری ئەم کتێبەدا بژیت، تا یارمەتی ڕۆحی و زانستی پێویستی لێوە بەدەست بێنێت، دەبێ شارەزایی تەواو پەیدا بکات سەبارەت بە زانست و زانیاریەکانی، تا دڵنیا بێت سەبارەت

---

[1] وەلیدی کوڕی موغەیرە سەرباری بێ باوەڕیەکەی و بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەر ﷺ ئەوا بەم شێوەیە وەسفی قورئانی پیرۆزی کرد.

بە شیاوتربوونی ئەم کتێبە بۆ ئەوەی ببێتە دەستووری ژیان و ڕێکخەری ئاڕاستەی گوزەرانی.

هەر لەم خاڵەوە: زانایانمان ئەوەندە خزمەتی ئەم کتێبەیان کردووە کە شایستەی بێت، بۆیە یەکێك بووە لەو کتێبانەی کە زۆرترین مرۆڤی پێوە سەرقاڵ بووبن و زۆرترین دانراوی لەبارەوە دانرابن و لقە زانکۆییەکان تایبەت کرابن بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی.

بەڵام ئەوەندە هەیە کە لە کاتی لێکۆڵینەوەم لەو کتێبانەی لەوبارەوە نووسراون، بینیم ئەم دانراوانە زیاتر خەسڵەتی پسپۆریان هەڵگرتووە، زاراوەی زانستی تێدا بەکارهاتووە تا وای لێهاتووە خوێندنەوەیان سەخت بێت بۆ ئەو کەسەی کە پسپۆر نییە تێیدا، لە ڕاسپاردەی زانستیەوەیە ئەگەر ئاماژە بەوە بکەم کە ژمارەیەکی زۆری نووسەر هەڵساون بە پوخت و کورتکردنەوەی ئەم زانستە و ئاسانکردنی، تا ئاستێکی زۆر لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بوونە. بەڵام نووسین لەم بارەوە لەگەڵ پوختکردنەوەشی وای لێکردن کە هەندێك لە زانستەکانی قورئان فەرامۆش بکەن. بەمەش نووسراوەکانیان سیفەتی گشتگیریان لە دەستداوە.

ئەمەش وای لێکردم ئەم کتێبە بنووسم، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم سێ خاڵانەی خوارەوە:

١- ئاسانکردن بە پلەی یەکەم، خۆدوورگرتن لە بەکارهێنانی وشەی زاراوەیی ورد، کە تەنها ئەوانەی پسپۆرن لێی تێدەگەن، لەگەڵ پاراستنی زاراوە سەرەکیەکان کە پێویستن.

٢- لەخۆگرتنی سەرجەم ئەو بابەتانەی کە پێویستە موسڵمانی نا پسپۆر سەبارەت بە زانستەکانی قورئانی پیرۆز بیزانێت.

٣- هەتا بگونجێت پوخت بکرێتەوە.

دەربارەی ئەندازەی سەرکەوتنم لە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەدا:

- سەبارەت بە خاڵی یەکەم: کە لە نێو ئەم سێ خاڵەدا لە هەمووان گرنگترە، بە بەخششی خوا ئەوەندەی گونجاو بێت دەربڕینەکەم سادە کردۆتەوە، تا وای لێهاتووە لێتێگەیشتنی بۆ ڕۆشنبیری سادە ئاسان بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پابەندبووم بە وشە زاراوەییەکان، ئەم پابەندیەش پێویستە، بۆ ئەوەی کتێبەکە پەیامی خۆی بگەیەنێت، بابەتی زانست لە ژێر پەردەی ئاسانکاری نەتوێتەوە، ئەوەی زانستی دەوێت دەبێت هەندێك هەوڵ و کۆشش بدات، ئەگەر ئەوەی هەوڵیشی بۆ بدات ئاسانکراو بێت.

- لەبارەی خاڵی دووەم: ئەم کتێبە گرنگترین زانستەکانی قورئانی لە خۆگرتووە، بەڵام دەبوایە هەندێك زانست هەر فەرامۆشکرابان، چونکە مایەی بایەخ نین بۆ موسڵمانی ڕۆشنبیری نا پسپۆر، زۆربەی ئەوانەی فەرامۆش کراون دەچنە ناو زانستەکانی ترەوە لە سەرروویانەوە: زانستی زمانەوانی، زانستی بنەماکانی فیقھ، زانستی بنەماکانی ئایین، بەھەمان شێوە وەك: گشتی (عام) و تایبەتی (خاص)، ڕەھا (مطلق) و سنوودار (مقید)... تاد.

- سەبارەت بە خاڵی سێیەم: قەبارەی کتێبەکە پێویستی بە قسە لەسەرکردن نییە، ئەگەر زانیمان ئەو کتێبە قەبارە مامناوەندانەی کە باسی ئەم زانستە دەکەن لە نێوان سێ سەد تا چوار سەد لاپەڕدان، ئەو کتێبە درێژانەش کە باسی ئەم زانستەش دەکەن لە ھەزار لاپەڕ کەمتر نین.

لە کاتێکدا سەرقاڵی ئەم کتێبە قەبارە بچووکەم ئەوا دەبێت ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری سەروەر ﷺ لەبەرچاو بگرم: ((مَنْ لَمْ يَشْكُرِ النَّاسَ لَمْ يَشْكُرِ اللَّه)) واتە: کەسێك سوپاسی خەڵك نەکات، ئەوا سوپاسی خواش ناکات. بەم بۆنەیە سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە بەشدار بوونە لە دەرکردنی ئەم کتێبە، جا - لە دوای خوای پایەبەرز - سوپاسی ڕێزدار شێخ

ئەحمەد كەفتارۆ موفتی كۆماری عەرەبی سوریا دەكەم، كە چاكەی هەرە زۆری بەردەكەوێت لە پێگەیاندنم لەسەر خۆشویستنی قورئانی پیرۆزو خزمەتكردنی بە كردارو گوفتار.

هەروەها سوپاسی مامۆستای دكتۆر موحەممەد زوحەیلی و مامۆستا بەسام عەجك دەكەم كە ئامۆژگاریە بەپێزەكانیان كاریگەری باش و فەرداری هەبوو، سەبارەت بە ژمارەیەك شوێن و بابەت و شێوازی كتێبەكە، زۆر بەتایبەت سوپاسی شێخ موحەممەد بەشیر موفشی دەكەم كە چاكەی لەگەڵ كردم بە پێداچوونەوە پڕ بایەخ و ڕێزدارەكەی بۆ ئەم كتێبە.

داوا لە خوای پایەبەرز دەكەم، ئەم بەشداریە كەمە بكاتە خشتێك لە خشتەكانی خێرو چاكە، كە ڕۆڵی خۆی بگرێێت لە بنیاتنانی تەلارێكی زانستی، بیكاتە وەفایەك لەهەمبەر كۆششی زانایانمان كە ئەم زانستانەیان لەبەركرد و پاراست و گەیاندیانە نەوەكانی دوای خۆیان، بۆ ئەوەی خێرو بێری ئەم زانستانە هەمووان بگرێتەوە، خوای گەورە لە جیاتی ئێمە پاداشتیان بداتەوە بە چاكە.

**سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان**

**وضاح مجدالدين الخطيب**

**دیمەشق**

## بەشی یەکەم

# قورئانی پیـرۆز

## ( پێناسەکەی - ناوەکانی - خەسڵەتەکانی )

### پێناسەی قورئانی پیرۆز:

١- **لە ڕووی زمانەوانیەوە:** (قُرآن) لەسەر کێشی (فعلان)ە بە واتای (خوێندنەوەیە). ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەش لەوەوە هاتووە: ﴿إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ وَقُرۡءَانَهُۥ ١٧ فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ﴾ القيامة: ١٧-١٨. واتە: (بەڕاستی لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەو خوێندنەوەی. جا کاتێك ئێمە دەیخوێنینەوە تۆش شوێنمان بکەوە لە خوێندنەوەیدا).

٢- قورئان بەو ناوە ناونراوە بە واتای (خوێنراوە)، وەك چۆن مەکتوب بە کتێب و مەحسوب بە حیساب ناونراوە[1].

**لەڕووی زاراوەییەوە:** ((فەرمایشتی خوایە، دەرئاسا و موعجیزەیە، بۆ سەر سەروەرمان موحەممەد ﷺ دابەزرێنراوە، بە دەربڕینی عەرەبی و لە ڕێگەی ئەمینداری سروشەوە، لە نێوان دوو توێی پەڕاو "مەصحەف"دا کۆکراوەتەوە، بە ڕێژنەیی "تواتر[2]" بۆمان گوێزراوەتەوە، خوێندنەوەی پەرستشە، بە

---

(١) بڕوانە: مناهل العرفان: ١/١٤، النبأ العظيم: ١٢، عتر ١٠.

(٢) التواتر، لە زمانەوانیدا بریتییە لە: بەدوای یەکدا هاتن، دەڵێیت: (تواتر المطر) واتە: بارانەکە بەدوای یەکدا دەهاتە خوارەوە، موتەواتر: ناوی کارایە، لە تەواترەوە هاتووە، بریتییە لەو کەسەی کە بەدواداچوون دەکات. فەرموودەی موتەواتر لە زاراوەی فەرموودەناساندا: بریتییە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر فەرمایشتێك دەگێڕنەوە بەجۆرێك کە بەهەموو شێوەیەك دوورە لە نەریت و عادەت ئەمانە لەسەر

**سوڕەتی "الفاتحة" دەستی پێکردووەو بە سوڕەتی "الناس" کۆتایی هاتووە))[1].**

**لە میانەی ئەم پێناسەیەدا تێبینی ئەم شتانەی خوارەوە دەکەین:**

**١- قورئانی پیرۆز فەرمایشتی خوایە: هەرچی لە قورئاندایە لەلایەن خوای پایەبەرزەوە هاتووە، پێویستە هەواڵەکانی بە ڕاست دابنرێن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکرێ.**

**٢- قورئانی پیرۆز دەرئاسا (موعجیزە)یە: مرۆڤ ناتوانێت هاووێنەی بێنێت یان هاوشێوەی سوڕەتێکی بێنێت.**

**٣- دابەزیوەتە سەر دڵی سەروەرمان پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ.**

**٤- دابەزینی لە ڕێگەی ئەمینداری سروشەوە بووە کە سەروەرمان جبریل** (سڵاوی خوای لێبێت)**: جا ئەوەی بەدڵداهاتن و خورپە (ئیلهام) بێت و سروش نەبێت قورئان نییە.**

**٥- لە نێوان دوو توێی پەڕاو "مەصحەف"دا کۆکراوەتەوە: قورئان تەواو و کامڵە و هەمووی پارێزراوە، هیچ شتێکی لێ بەجێنەهێڵراوەو نەگۆڕدراوە.**

**٦- بە ڕێژنەیی "تواتر" بۆمان گوێزراوەتەوە: ژمارەیەکی گەڵێك زۆر لە خوێنەرانی و لەبەرکارانی قورئان نەوە دوای نەوە بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە بە زارەکی و بیستن و نووسین، کەواتە لە ڕووی چەسپاویەوە بڕاوەتەوەو سەلمێنراوە.**

---

درۆ کۆببنەوەو هەر لەسەرەتای زنجیرە (سەنەد)ەکە تا کۆتاییەکەی و پشت ببەستێت بەشتێکی بەرهەست (بەرهەست وەك: بیستن و هاوشێوەکانی). (بۆ ئەم پێناسەیە سوودم بینیوە لە: مباحث في علوم الحديث: مناع القطان. وەرگێڕ).

[1]) بڕوانە: قطان ٢١، مباحث في علوم القرآن. صالح ١٩، و لاپەڕەکانی دواتری. أصول الفقه الإسلامي، د. وهبة الزحيلي، ١/٤٢١.

٧- خوێندنەوەی پەرستشە: تەنها خوێندنەوەکەی بریتییە لە خواپەرستی، نوێژکردن دروست نییە بە خوێندنی شتێك لە جیاتی قورئانی پیرۆز.

## ناو و خەسڵەتەکانی قورئان:

خوای پایەبەرز پێنج ناوی لە کتێبە ڕێزدارەکەی خۆی ناوە، کە ئەمانەن:

١- **القرآن**: خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ ﴾ الإسراء: ٩. واتە: (بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنیشاندەرە بۆ چاکترین ڕێگە و ڕێبازو بەرنامە).

٢- **الكتاب**: خوای تاك و تەنها فەرموویەتی: ﴿ لَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ ﴾ الأنبياء: ١٠. واتە: (سوێند بەخوا بێگومان ئێمە کتێبێکمان ڕەوانەکردووە بۆتان کە باس و خواس و ناوبانگی ئێوەی تێدایە).

٣- **الفرقان**: خوای بێ وێنە فەرموویەتی: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ﴾ الفرقان: ١. واتە: (بەرزو پیرۆزو پاك و بڵندە ئەو زاتەی کە قورئانی دابەزاندووە تا ببێتە جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست، بۆ سەر بەندەی خۆی "موحەممەد ﷺ" تا ببێتە هۆشیارکەرەوەو بێدارکەرەوەی دانیشتووانی جیهان لە هەموو سەردەمێکدا).

٤- **الذكر**: خوای زانا و خاوەن توانا فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾ الحجر: ٩. واتە: (ئێمە یاد - قورئان - مان ناردۆتە خوارەوە هەرخۆشمان دەیپارێزین و چاودێری دەکەین).

٥- **التنزيل: خوای بێ هاوەڵ و هاوبەش فەرموویەتی:** ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ الشعراء: ١٩٢. **واتە: (بەڕاستی ئەم قورئانە لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەکانەوە ڕەوانەکراوە).**

**سەبارەت بە خەسڵەتەکانی ئەوا گەلێك زۆرن، ئەمانەش هەندێکیانن:**

■ **نوورو ڕووناکییە:** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُم بُرْهَٰنٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ نُورًا مُّبِينًا ﴾ النساء: ١٧٤. **واتە: (ئەی خەڵکینە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگە و نیشانەی ئاشکراتان بۆ هاتووەو نوورو ڕووناکی ئاشکراشمان بۆ دابەزاندوون "کە قورئان"ە).**

■ **ئامۆژگاری و چارەسەر و ڕێنیشاندەرو ڕەحمەتە:** ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾ يونس: ٥٧. **واتە: (ئەی خەڵکینە، بەڕاستی ئێوە ئامۆژگاریەکی گەورەو گرنگتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە "قورئانە" شیفا و چارەسەریشە بۆ نەخۆشی دڵ و دەروونەکان و ڕێنیشاندەرو ڕەحمەتیشە بۆ ئیمانداران).**

■ **پیرۆزە:** ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ ﴾ الأنعام: ٩٢. **واتە: (ئەم "قورئانە" کتێبێکی پیرۆزە، دامان بەزاندووە، ڕاستی کتێبەکانی پێشوو دەسەلێنێت).**

■ **ڕوون و ڕۆشنە:** ﴿ قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ وَكِتَٰبٌ مُّبِينٌ ﴾ المائدة: ١٥. **واتە: (بەڕاستی لەلایەن خواوە ڕووناکیەکی ئاشکرا هاوڕێ لەگەڵ کتێبێکی ڕوونکەرەوەدا - کە قورئانە - بۆتان هاتووە).**

■ مژدەیە: ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ البقرة: ٩٧. واتە: (کتێبەکانی پێشوو بەڕاست دادەنێت و ڕێنوێنی - بۆ چاکە - دەکات و مژدەبەخشە بە ئیمانداران).

■ باڵادەستە: ﴿وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ﴾ فصلت: ٤١. واتە: (بێگومان ئەو قورئانە کتێبێکی زۆر بە نرخ و ناوازە و باڵادەست و سەرکەوتووە).

■ پایەبەرزە: ﴿بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ﴾ البروج: ٢١. واتە: (ئەو قورئانە بەرزو بڵندو پایەدارە).

■ بە زمانی عەرەبییە و مژدەدەرو ترسێنەرە: ﴿كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ۝٣ بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ فصلت: ٣-٤. واتە: (کتێبێکە؛ ئایەتەکانی تێروتەسەلیان پێدراوە - لەبارەی بیروباوەڕی و کوفر، حەڵاڵ و حەڕام و چاکە و خراپە...هتد -، قورئانێکە بە عەرەبیەکی ڕەوان بۆ کەسانێك کە دەیزانن و شارەزاییان هەیە. هەر ئەم قورئانە مژدەدەرە بە ئیمانداران، ترسێنەری کافرانە، کەچی زۆربەی هاوبەشدانەران پشتیان تێکرد و بەرهەڵستیان کرد و نایبیستن).

## جیاوازی نێوان قورئانی پیرۆز و فەرموودەی قودسی:

نموونەی فەرموودەی قودسی، وەك ئەو فەرمایشتەی ئەبو زەڕ (ڕەزای خوای لێبێت) کە لە پێغەمبەری ﷺ گێڕاوەتەوە، لەوەی پێغەمبەر ﷺ لە خوای گەورە دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ مُحَرَّماً بَيْنَكُمْ فَلاَ تَظَالَمُوا يا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلاَّ مَنْ هَدَيْتُهُ فَاسْتَهْدُونِي

أَهْدِكُمْ...))[1] واتە: ئەی بەندەکانم من ستەمم لەسەر خۆ حەرام کردووە، لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە کەواتە ستەم مەکەن، ئەی بەندەکانم ئێوە هەمووتان گومڕاو سەرلێشێواون مەگەر ئەوەی ڕێنوێنیم کردبێت، کەواتە ڕێنوێنیم لێبخوازن تا ڕێنوێنیتان بکەم.

بۆنەی ناونانی ئەم فەرموودەیە بە (فەرموودەی قودسی) بریتییە لە ڕێزگرتن لەو فەرموودانە لە ڕووی دانە پاڵ خوای گەورە[2]، کە بەم دەربڕینە دەگێڕدرێتەوە: (لەو فەرموودیەی کە پێغەمبەر ﷺ لە پەروەردگاری دەگێڕێتەوە فەرموویەتی) یان بەم شێوە دەربڕینە: (پێغەمبەر فەرمووی ﷺ: خوای پایەبەرز فەرموویەتی) یان بەم جۆرە دەربڕینە: (خوای گەورە فەرموویەتی لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ لێی گێڕاوەتەوە) یان هاوشێوەی ئەمانە[3].

ئەم دەربڕینانە ئەوە دەگەیەنن کە ناوەڕۆك دەدرێتە پاڵ خوا نەك وشەکە، وەك چۆن کاتێك هۆنراوەیەك دەگێڕیەوە دەڵێی: (شاعیر وادەڵێت) و کاتێك بەخۆت ئایەتێك لە کتێبی خوا ڕاڤە دەکەیت دەڵێی: (خوای پایەبەرز ئاوا دەفەرمووێت)[4].

لەوەی خرایەڕوو دەگەینە ئەم جیاوازیانەی خوارەوە کە لە نێوان قورئانی پیرۆزو فەرموودەی قودسی و فەرموودەی ڕێزداردا هەن:

**یەکەم: جیاوازی قورئانی پیرۆز لەگەڵ فەرموودەی قودسی و فەرموودەی ڕێزدار[5]:**

---

(1) موسلیم گێڕاویەتیەوە.

(2) منهج النقد: ٣٢٣.

(3) علوم الحديث ومصطلحه: ١٢.

(4) النبأ العظيم: ١٦.

(5) بڕوانە: سەرچاوەکانی پێشوو.

قورئانی پیرۆز بەم خاڵانەی خوارەوە لە شتەکانی تر جیا دەکرێتەوە:

١- موعجیزەیەکی هەمیشەییە تا ڕۆژی دوایی.

٢- بە دەربرین و واتاکەیەوە لەلایەن خواوە هاتووە بە سروشێکی دیارو درەوشاوە.

٣- خوێندنەوەکەی پەرستشە، تەنها خوێندنەوەکەی خواپەرستییە، دیاریکراوە کە دەبێت لە نوێژدا قورئان بخوێنرێت، دروست نییە جگە لە قورئان لە نوێژدا بخوێنرێت.

٤- دەست لێدان یان هەڵگرتنی دروست نییە تەنها بە پاکبوونێکی تەواوەوە نەبێت.

٥- سەرجەم قورئان بە ڕێگەی ڕێژنەیی (تواتر)ی بڕاوەو سەلمێنراو گوێزراوەتەوە، لە کاتێکدا خەسڵەتی ڕێژنەیی (تواتر) لە هەموو فەرموودە قودسیەکاندا نەهاتۆتەدی، بەڵکو لاوازو هەڵبەستراویشی تێدایە.

٦- حەڕام بوونی گێڕانەوەی قورئان بە واتا، لە کاتێکدا گێڕانەوەی فەرموودەی قودسی و فەرموودەی ڕێزدار بە واتا بە چەند مەرجێکی دیاریکراو دروستە.

**دووەم: جیاوازی نێوان فەرموودەی قودسی و فەرموودە ڕێزدارەکانی تر[1]:**

هەر دوو فەرموودەی قودسی و فەرموودەی ڕێزدار لە پێغەمبەری خواوە ﷺ سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام فەرموودەی قودسی واتاکەی بەبێ چەند و چوون دراوەتە پاڵ خوای گەورە، بە هۆی ڕاشکاوانە ئاماژەکردن پێی. بەڵام فەرموودەی ڕێزدار بە ڕاشکاوانە واتاکەیان نەدراوەتە پاڵ خوای پایەبەرز؛ لەوانەیە پێغەمبەر ﷺ واتاکەی لە سروشەوە هەڵهێنجابێت، لەوانەشە واتاکەی هەڵهێنجابێت بەپێی زانیاری و کۆششەکەی، یان بەپێی سروشتە مرۆییەکەی، بەڵام بۆمان نییە یەکلا بکەینەوە کە فەرموودە ڕێزدارەکانی پێغەمبەر لە سروشەوە، یان لە کۆششی خۆیەوەیە، جا ناومانن فەرموودەی پێغەمبەر.

ئەگەرچی ڕاجیایی لە نێوان زانایان نییە لەبارەی ئەوەی کە هەر فەرموودەیەك پەیوەندی بە لایەنەکانی شەرعدانانەوە هەبێت، وەك: نوێژو ڕۆژوو و حوکمەکانی تریش، ئەوا لە ڕێگەی سروشەوەیە کە سەرپێچی کردنی دروست نییە.

---

(1) المختصر الوجيز: ٢٠، النبأ العظيم: ١٦، مباحث في علوم القرآن: ٣٣ و لاپەڕەکانی دواتری. و بڕوانە: الحجامة في الفقه والحديث للمؤلف: ١٦ _ ٣٤.

## بەشی دووەم

# دابەزینی قورئانی پیرۆز

### ژمارەی دابەزینەکان

زۆربەی زانایان بۆچوونیان وایە کە قورئانی پیرۆز سێ دابەزینی هەیە، کە ئەمانەن[1]:

١- **دابەزینی یەکەم:** دابەزینی قورئانی پیرۆز بۆ تۆماری پارێزراو (لوح المحفوظ)، بەر لەم دابەزینە لە زانستی خوای پایەبەرزدا بوو، بەڵگەی ئەم دابەزینەش ئەم فەرمایشتەی خوای بێ وێنەیە: ﴿ بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ ٢١ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ﴾ البروج: ٢١_٢٢. واتە: (ئەو قورئانە بەرزو بڵندو پایەدارە. لە تۆماری پاریزدراو " لوح المحفوظ"دایە).

٢- **دابەزینی دووەم:** لە تۆماری پارێزراو (لوح المحفوظ)ەوە بۆ (بەیتولعیززە) لە ئاسمانی دونیا، ئم دابەزینە لە شەوی قەدردا بووە لە مانگی ڕەمەزاندا. خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ﴾ القدر: ١. واتە: (بەڕاستی قورئانمان دابەزاندۆتە خوارەوە لە شەوێکی بەفەڕو ڕێزداردا).

٣- **دابەزینی سێیەم:** لە (بەیتولعیززە) دابەزی بۆ سەر دڵی پێغەمبەر ﷺ لە ڕێی ئەمینداری سروشەوە جبریل (سڵاوی خوای لێبێت)، جا بە شێوەیەکی بەش بەش و پلە بە پلە لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا دابەزیوە.

---

[1] الإتقان: ١/١١٦، مناهل العرفان: ١/٣٦.

وتراوە سەرەتای دابەزینی دووەم لە شەوی قەدردا بووە، بەم پێیە مەبەستی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ﴾ القدر: ١. ئەوە دەبێت، کە دەستمان بە دابەزاندنی قورئان کرد لە شەوی قەدردا، پاشان دابەزینەکەی بەردەوام بوو بە درێژایی ماوەی بیست و سێ ساڵ.

ئیبن مەردویە و بەیهەقی و ئیبن عەبباس گێڕاویانەتەوە کە لە عەتیەی کوڕی ئەسوەدیان پرسیار کردووە، عەتیەش وتویەتی: لە دەروونمدا گومان دروست ببوو بەهۆی ئەم دوو فەرمایشتەوە: ﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ﴾ البقرة: ١٨٥. واتە: (مانگی ڕەمەزان - ئەو مانگەیە - کە قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەوە). و ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ﴾ القدر: ١. واتە: (بەڕاستی قورئانمان دابەزاندۆتە خوارەوە لە شەوێکی بەفەڕو ڕێزداردا). کەچی لە مانگەکانی تریش وەك: شەوال و زیلقەعدە و زیلحیججە و موحەڕەم و صەفەرو ڕەبیعیشدا قورئان دابەزیوە.

ئیبن عەبباس وتی: قورئان لە مانگی ڕەمەزان لە شەوی قەدردا (بە یەك جار) دابەزیوە، دواتر بەش بەش بەگوێرەی هەڵومەرجەکان بەدوای یەکدا، بە هێمنی دابەزیوەو لە دوو توێی مانگ و ڕۆژەکاندا.

## بۆچی قورئانی پیرۆز بەش بەش دابەزی[1]:

قورئانی پیرۆز بە یەك جار هەمووی بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ دانەبەزی، بەڵکو بەش بەش بەپێی (ڕووداو و بارودۆخەکان) دابەزی لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا، حیکمەت لەمەدا چییە؟ بۆچی قورئان بەیەك کەڕەت دانەبەزی،

(١) بڕوانە: روائع القرآن: ٣٦، القرآن ونصوصە: ٦٦، مباحث في علوم القر،: ٥٣، مناهل العرفان: ٥٣/١.

وەك چۆن تەوڕات بۆ موسا دابەزی دوای ئەوەی چل شەو لە کێوی تور گفتوگۆی لەگەڵ خوای مەزن کرد و لێی پاڕایەوە، هەروەك زەبور بۆ داود و ئینجیل بۆ عیسا (درودو سڵاوی خوا لەوان لە پێغەمبەری ئێمەش بێت) دابەزیون؟.

توێژەر چەندین حیکمەتی زۆر دەبینێتەوە لە دابەزینی قورئان بەشێوەی بەش بەش، هەندێك لەم حیکمەتانە:

**یەکەم: جێگیرکردنی دڵی پێغەمبەر ﷺ:**

خوای بێ وێنە فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ٱلۡقُرۡءَانُ جُمۡلَةٗ وَٰحِدَةٗۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَۖ وَرَتَّلۡنَٰهُ تَرۡتِيلٗا ﴾ الفرقان: ٣٢. واتە: (کافرەکان وتیان: ئەوە بۆ قورئان بە یەك کەڕەت بۆی ڕەوانە ناکرێت، بێگومان ئێمە هەر بەوشێوەیە ڕەوانەی دەکەین، تا دڵی تۆ زیاتر ئارام و جێگیر بکەین، بەردەوام بە جوانی دایدەڕێژین و دەیگەیەنین).

پێغەمبەر ﷺ لە بانگەوازەکەیدا تووشی زۆر سەختی و ناخۆشی و بەرهەڵستی بووەوە لەلایەن هۆزەکەیەوە، سروش دڵ و دەروونی پێغەمبەری ﷺ توووند و تۆکمە دەکرد و لەسەر ڕاستی جێگیر دەکرد لە میانەی:

١- خۆشی و بەختەوەری، کە پێغەمبەر ﷺ هەستی پێدەکرد، لەکاتی گەیشتن بە جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) و لێ وەرگرتنی قورئاندا.

٢- ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لە ئایەتەکان وەری دەگرت کە هانیان دەدا لەسەر ئارامگرتن و مژدەدان بە سەرکەوتن و تێکشکانی کوفرو کافران. وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَاۖ ﴾ الطور: ٤٨. واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ، خۆگربە لە بەرامبەر بەجێهێنانی فەرمانی پەروەردگارتەوە، دڵنیابە کە تۆ لە ژێر چاودێری ئێمەدایت). و ئەم فەرمایشتەی خوای پاك و بێگەرد: ﴿ فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ ﴾

القلم: ٤٨. واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ خۆڕاگربە لە بەرامبەر فەرمانی پەروەردگارتەوە، نەکەیت وەك هاوەڵی نەهەنگەکە بیت - کە یونس پێغەمبەرە-). هەروەها ئەم فەرمایشتە: ﴿ فَٱصۡبِرۡ صَبۡرٗا جَمِيلًا ﴾ المعارج: ٥. واتە: (خۆگرو ئارامگربە بەشێوەیەکی جوان و چاك).

ئەم ئایەتانە پێغەمبەر ﷺ هان دەدەن لەسەر ئاراماگرتن و خۆڕاگری.

یەکێك لەو ئایەتانەی کە مژدەی سەرکەوتن بە پێغەمبەر ﷺ و تێکشکانی بێ باوەڕان دەدات ئەم فەرمایشتەی پەروەردگارە: ﴿ سَيُهۡزَمُ ٱلۡجَمۡعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴾ القمر: ٤٥. واتە: (لە ئایندەیەکی نزیکدا لەشکرو کۆمەڵیان شکست دەهێنێت و هەڵدێن).

## دووەم: ئاسانکردنی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بۆ باوەڕداران:

ئەگەر قورئانی پیرۆز بەیەکجار هاتبایە خوارەوە، ئەوا لەبەرکردنی بەلای باوەڕدارانەوە سەخت دەبوو، بەتایبەت کە ئەوان نەخوێندەوار بوون، سەبارەت بە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی بیستنی هەر ئایەتێك لە فریشتەوە ئەوا ئایەتەکەی دووبارەی دەکردەوە لە ترسی لەبیرچوونەوە، تا خوای گەورە ڕێگری لەم کارەی پێغەمبەر ﷺ کرد و لەبەرکردنی قورئان و کۆکردنەوەی لە سینەی پێغەمبەردا ﷺ خستە ئەستۆی خۆی، هەروەك لەم فەرمایشتەدا هاتووە: ﴿ لَا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ ١٦ إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ وَقُرۡءَانَهُۥ ١٧ ﴾ القيامة: ١٦-١٧. واتە: (پەلە مەکە و زمانت مەجوڵێنە، بۆ ئەوەی پەلە بکەیت لە وەرگرتنیدا. بەڕاستی لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەو خوێندنەوەی). هەروەها ئەم فەرمایشتە: ﴿ وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥ ﴾ طه: ١١٤. واتە: (- ئەی موحەممەد ﷺ - نەکەیت لە خوێندنی قورئاندا پەلە

بکەیت؛ لە پێش ئەوەی سروش و نیگای ئەو قورئانە تەواو بێت بۆ لای تۆ - چونکە ئێمە نایەڵین فەرامۆشی بکەیت -). هەروەها ئەم فەرمایشتە: ﴿ سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾ الأعلى: ٦. واتە: (- ئەی موحەممەد ﷺ - ئێمە قورئان لە ڕێگەی جبریلەوە بەسەرتدا دەخوێنینەوە، ئیتر هەرگیز بیرت ناچێت).

**سێیەم: پەروەردەکردنی ئوممەتی تازە دروستبوو لە میانەی ڕووداو و بارودۆخە بەردەوامەکان:**

ئەمە کاریگەری زۆر زیاترە لە پەروەردەکردنی تیۆری کە پەیوەست نییە بە ڕووداوەکانەوە، بەڵکو لەسەر شێوەی ڕێنماییە و پێویستی بەوەیە کە بیبەستێتەوە بەو واقیعەی خەڵکی تێیدا دەژین.

**چوارەم: چارەسەرکردنی کێشەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان:**

هەندێك ئایەت دەهاتنە خوارەوە بە بۆنەی هەندێك ڕووداو، یان پرسیارێکەوە کە ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ دەکران. جا بە دابەزینی ئایەتەکان ڕووداوەکانی پێوانە دەکرد یان وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، بەشێوەیەك کە چارەسەری هەرە گونجاوی فەراهەم دەکرد بۆ کێشە هاوچەرخەکان و حوکمەکانی دەچەسپاند لە دوای ڕوودانی ئەو هۆکارانەی کە ئەم حوکمانەیان دەخواست، دەروونی مرۆڤیشی ئامادە دەکرد بۆ قەناعەتکردنی تەواو بەو حوکمانە و دواتر بە ئاسانی پێیەوە پابەند بوون و جێبەجێ کردنیان.

**پێنجەم: پلەبەندی لە حوکمە شەرعییەکان:**

**ئەمەش لەپێناو ئەمانەی خوارەوە:**

**١- پێشخستنی شتی گرینگتر ئینجا گرنگ لە کاروباری ئەم ئاینە نەمرەدا. بۆیە ئەو ئایەتانەی کە سەرەتا دابەزین، لەبارەی بیروباوەڕو ئیمان و تووڕدانی هاوبەشدانان و بتپەرستی بوون.**

**٢- دەستپێکردن بەوەی کە وەرگرتنی ئاسانە؛ هەروەها دواخستنی ئەوەی کە وەرگرتنی سەختە لە دەرەنجامی داب و نەریتەکان، جا ئەو حوکمەی کە بەرهەڵستییەکی تووندی دەکرا بە چەند قۆناغێك دادەبەزی، وەك: ڕەحمەتێك بۆ خەڵکی، بۆ نموونە حەڕام کردنی مەیی و سوو (ڕیبا) بە چەند قۆناغێك بوو.**

**بۆ نموونە حوکمی قەدەغەکردنی مەیی بە چوار قۆناغ دابەزی:**

**❑ لە قۆناغی یەکەمدا قورئانی پیرۆز بە ناڕاشکاوی سەرزەنشتی مەیی کرد، خوای مەزن فەرموویەتی:** ﴿ وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلۡأَعۡنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنۡهُ سَكَرٗا وَرِزۡقًا حَسَنًا ﴾ النحل: ٦٧. **واتە: (لە بەروبوومەکانی دارخورما و ڕەزی ترێکانیش - هەندێك جار - شتی سەرخۆشکەر دروست دەکەن، - گەلێ جاریش - بەرهەمی چاك و بەسوود - وەك: دۆشاو و مێوژ و شەربەت.. هتد - لێ دروست دەکەن).**

**قورئانی پیرۆز باسی ئەو دوو جۆرە بەکارهێنانەی خورما و ترێی کردووە، ستایشی جۆرێکی بەکارهێنی کردووەو جۆری دووەمیشی فەرامۆش کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بە ناڕاشکاوانە بە دزێوی دادەنێت.**

❑ دواتر ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز دابەزی: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ﴾ البقرة: ٢١٩. واتە: (پرسیارت لێدەکەن دەربارەی عەرەق و قومار، پێیان بڵێ لەو دووانەدا تاوان و گوناهێکی گەورە هەیە، هەرچەندە چەند سوودێکشیان هەیە بۆ خەڵکانێك، بێگومان گوناهەکەیان گەورەترە لە کەڵك و سوودیان). لەم ئایەتەدا بە ڕاشکاوانە باسی زەرەرو زیانی ئەمانەی کردووە بێ ئەوەی حوکمی ڕاشکاوو بڕاوە لەبارەی مەیی خواردنەوەو قومار بدرکێنێت.

❑ پاشان ئەم فەرمایشتەی خوای بێ وێنە هاتە خوارەوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ ﴾ النساء: ٤٣. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نزیکی نوێژ مەکەون لە کاتێکدا ئێوە سەرخۆشن، هەتا شوێنەواری سەرخۆشی نامێنێت و دەزانن چی دەڵێن - لە نوێژەکەدا -). لەم ئایەتەدا پەتی ملی مەیخۆر زیاتر توونند دەکات لە میانەی بەرتەسك کردنەوەی ئەو کاتەی کە مەیی تێدا دەخواتەوە.

❑ لە دوا قۆناغدا ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ المائدة: ٩٠. واتە: (ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و قومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵك بە پیرۆزی داناوە نەك ئیسلام، بورج و حەڕام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەموویان پیسن و لە کارو کردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دووربگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازی و بەختەوەری بەدەست بهێنن).

جا دوای ئەوەی دەروونەکانی ئامادەکرد بۆ وەرگرتنی حوکمەکە ئەوا حوکمی حەڕام کردنی مەیی بە ڕوونی هات، مەیی ڕژێنرایە کۆڵانەکان و تێکڕای خەڵك دەستیان هەڵگرت لە مەییخواردنەوەو بەمەش بە ڕەهایی حەڕام کرا.

**شەشەم: دابەزینی قورئان بە بەش بەش، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەلایەن خواوە هاتووە:**

ئایەتەکانی یەك سوڕەت لە ماوەی لێك دوورو بۆنەی جیا جیادا دادەبەزین، جا هەر ئایەتێك کە دادەبەزی ئەوا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە نووسەرانی قورئان دەکرد کە ئەو ئایەتە یاخود ئەو چەند ئایەتانە بخەنە فڵانە شوێنە لە فیسارە سوڕەتە.

جا کاتێك دابەزینی قورئانی پیرۆز تەواو بوو، ئەو ئایەتانە ڕێکخرابوون لە سوڕەتانێکی کامڵ و هەماهەنگدا، هەر ئایەتێك ئەوەی تری تەواو دەکرد، سەرباری دابەزینی ئایەتەکان لە کاتی جیاوازدا کە لەوانەیە ماوەکەیان بگاتە چەندین ساڵ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خاوەنی ئەم فەرمایشتە زانایە بە پەنهان و دەزانێت لە ئایندەدا چ ڕوودەدات[1]، ئەمەش تەنها خوای مەزن دەزانێت کە زانایە بەهەموو پەنهانەکان.

## یەکەم و دواهەمین ئایەت کە لە قورئان دابەزیووە:

یەکەم ئایەت کە لە قورئانی پیرۆز دابەزی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار بوو: ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ

---

(١) بڕوانە: بڕگەی هەماهەنگی نێوان ئایەت و سوڕەتەکان هەر لەم کتێبە.

بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ۝٥ ﴾ العلق: ١-٥. واتە: (- ئەی **موحەممەد** ﷺ - بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی دروستکردووە. ئادەمیزادی لە چەند خانەیەکی هەڵواسراو - لەناو منداڵداندا - دروست کردووە. بخوێنە، لە کاتێکدا هەر پەروەردگاری تۆ بەخشندەیە. ئەو زاتەیە کە بەهۆی قەڵەمەوە زانست و زانیاری فێر کردووە. ئادەمیزادی فێری ئەو شتانە کردووە کە نەیزانیوە).

سەبارەت بە دواهەمین ئایەت کە لە قورئانی پیرۆز دابەزی ئەوا ڕای پەسەند لای زانایان ئەوەیە کە بریتیە لەم ئایەتەی سوڕەتی (البقرة):
﴿ وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴾
البقرة: ٢٨١. واتە: (- خەڵکینە - لە سزاو تۆڵەی ڕۆژێك بترسن کە تیایدا بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە، لەوەودوا هەموو کەس پاداشتی کارو کردەوەی خۆی وەردەگرێت و ستەمیان لێ ناکرێت). ئەم ئایەتە بە نۆ شەو بەر لە کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر ﷺ دابەزی.

سەبارەت بە ئایەتەکەی سوڕەتی (المائدة): ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا ﴾ المائدة: ٣. واتە: (ئەمڕۆ ئایین و بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامەو ئاینتان). لای زۆربەی خەڵکی وا زانراوە کە ئەمە دواهەمین ئایەتە کە لە قورئانی پیرۆزدا دابەزیوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە ئەم ئایەتە لە حەجیماڵئاوایی و بە هەشتا و یەك ڕۆژ پێش کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر ﷺ دابەزی.

هۆکاری ئەوەی کە هەندێك ئەم ئایەتەیان بە دواهەمین ئایەت داناوە، ئەوەیە کە ئایەتەکە باسی کامڵبوونی ئایینی کردووە، لەگەڵ ئەو کات و شوێنە مەزنەی تێیدا دابەزیوەو ئەو واتا مەزنەی کە گەیاندوویەتی.

# بەشی سێیەم

## ســـروش (الـوحــي)

### پێناسەکەی:

**سروش (الوحي) لە ڕووی زمانەوانیەوە:** واتە: ڕاگەیاندنی نهێنی خێرا.

**لە ڕووی شەرعەوە:** بریتییە لە ڕاگەیاندنی ئەوەی خوا دەیەوێت لە جۆرەکانی ڕێنوێنی و زانست و زانیاری بەو کەسەی کە لەناو بەندەکانی هەڵیبژاردووە، بەشێوەیەکی نهێنی و پەنهان، کە لەلایەن مرۆڤەوە باونەبێت.

### چۆنیەتی سروش دابەزین:

ڕاگەیەیاندنی سروش لەلایەن خواوە بەو بەندەیەی کە هەڵیبژاردووە بە سێ چۆنیەتی دەبێت، کە هەر سێکیان لەم فەرمایشتەی خوای باڵادەستدا کۆکراونەتەوە: ﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴾ الشورى: ٥١. واتە: (کەس بۆی نییە هیچ کات "لە دنیادا" خوای گەورە وتوێژی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا بکات مەگەر لە ڕێگەی وەحی و نیگاوە، یان لە پشتی پەردەوە، وەك موسا، یان نێردراوێکی وەك فریشتە - جوبرەئیل - دەنێرێت کە بە گوێرەی فەرمان و مۆڵەتی خوا چی پێ سپێردراوە دەیگەیەنێت، بەڕاستی ئەو زاتە خوایەکی بڵندو داناو کاربەجێیە).

**چۆنیەتی یەکەم:**

**خستنە دڵەوەی واتا بە ڕاستەوخۆو بێ گفتوگۆ، ئەمەش بە یەکێك لەم دوو ڕێگەیانەیە:**

**١- خەونی چاك: خەونی ڕاست و دروستی پێغەمبەران سروشە، نموونەی ئەمەش خەونەکەی ئیبراهیمە (سڵاوی خوای لێبێت) کاتێك بینی کوڕەکەی سەر دەبڕێت، وا لە خەونەکەی تێگەیشت کە فەرمانی پێکراوە ئیسماعی کوڕی (سڵاوی خوای لێبێت) سەربڕێت. هەر لەم بارەشەوە لە فەرموودەی ڕاست و دروستدا لە عائیشەوە هاتووە (سڵاوی خوای لێبێت) کە وتویەتی: یەکەم جار کە سروش بۆ پێغەمبەر ﷺ هات بە خەونی چاك دەستی پێکرد، هەر خەونێکی بینیبا وەك ئاسۆی بەرەبەیان دەهاتەدی، دواتر گۆشەگیری لەلا خۆشەویست کرا، ئەویش دەچوو بۆ ئەشکەوتی (حیراء) و خواپەرستی دەکرد، چەندین شەو دەمایەوە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەکەی و توێشو هەڵبگرێت بۆ ئەو مەبەستە[1].**

**سەبارەت بە خەونی جگە لە پێغەمبەران ئەگەر ڕاست بوو ئەوا لە خوای میهرەبانەوەیە، ئەگەر درۆش بوو ئەوا لە شەیتانەوەیە، دەشکرێ تەنها خەونێکی پڕو پوچ و بێ بنەما بێت.**

**خەونی ڕاست و دروست بە کێشانی بە تەرازووی شەرع و عەقڵی سەلامەت دەناسرێت، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەریش ﷺ هەر لەوبارەوە هاتووە: ((لَمْ يَبْقَ مِنَ النُّبوَّةِ إلا المُبَشِّرَاتُ. قالوا: وَمَا المُبَشِّرَاتُ؟ قَالَ: الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ))[2] واتە: هیچ شتێك لە پێغەمبەرایەتی نەماوە جگەلە**

---

**(1)** بوخاری گێڕاویەتیەوە: ٤/١، ژمارە: ٣، بەشی سروش.

**(2)** بوخاری گێڕاویەتیەوە: ٢٥٦٤/٦، ژمارە: ٦٥٨٩.

مژدەبەخشەکان نەبێت، وتیان: مژدەبەخشەکان چییە؟ فەرمووی: خەونی ڕاست و دروست.

٢- خستنە دڵی واتاو مانا، هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إِنَّ رُوحَ الْقُدُسِ نَفَثَ فِي روعِي أَنَّهُ لَنْ تَمُوتَ نَفْسٌ حَتَّى تَسْتَكْمِلَ رِزْقَهَا وَأَجَلَهَا فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَجْمِلُوا فِي الطَّلَبِ))(١) واتە: جبریل خستیە دڵ و دەروونمەوە کە هیچ کەسێك نامرێت تا ڕزق و ڕۆزی و ئەو ماوەیەی بۆی دیاریکراوە تەواو نەکات، کەواتە لە خوابترسن و داواکەتان کورت و پوخت بکەنەوە.

**چۆنیەتی دووەم:**

دووان لە پاڵ پەردەوە، وەك چۆن خوا لەگەڵ موسا دوا. خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا ﴾ النساء: ١٦٤. واتە: (خوای گەورە خۆی لەگەڵ موسادا گفتوگۆی ڕاستەوخۆی ئەنجامدا).

**چۆنیەتی سێیەم:**

خوا فریشتە ڕەوانە بکات، ئەویش بە یەکێك لەم دوو ڕێگەیە سروش بە پێغەمبەر ڕابگەیەنێت:

١- یان فریشتە لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی فریشتەیی خۆی بێت، کە ئەمە لە هەموو چۆنیەتیەکان بۆ پێغەمبەر ﷺ سەختترە بەهۆی ئەوەی ئەم ڕێگەیە پێویستی بە کۆکردنەوەی هێزی ڕۆحی و پەیی پێبردن هەیە بۆ وەرگرتنی سروش و ئەوەی فریشتە دەیهێنێت. خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلٗا ثَقِيلًا ﴾ المزمل: ٥. واتە: (بەڕاستی ئێمە فەرموودە و

(١) باوکی نەعیم لە (الحلیە)دا بە زنجیرەیەکی ڕاست و دروست گێڕاویەتیەوە.

گوفتارێکی سەنگین دادەبەزێنینە سەرت). بەهۆی سەختی وەرگرتنی سروشەوە ئەوا پێغەمبەر ﷺ لە کاتی سروش وەرگرتن نێوچەوانی ئارەقی لێدەتکا، خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) وتویەتی: ((پێغەمبەرم ﷺ بینیوە لە ڕۆژێکی زۆر سارددا کاتێك کە سروشی بۆ هاتووە عارەقی لێ هەڵنیشتبوو))[1].

٢- یاخود فریشتە لەسەر شێوەی مرۆڤێك دێتە لای پێغەمبەر، ئەویش سروشی لێوەردەگرێت.

خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە کە حارسی کوڕی هیشام پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد کە چۆن سروشت دادەبەزێت؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((أَحْيَانًا يَأْتِينِي مِثْلُ صَلْصَلَةِ الجَرَسِ - وَهُوَ أَشَدُّهُ عَلَيَّ- فَيَفْصِمُ عَنِّي وَقَدْ وَعَيْتُ مَا قَالَ، وَأَحْيَانًا يَتَمَثَّلُ لِيَ الْمَلَكُ رَجُلًا فَيُكَلِّمُنِي فَأَعِي مَا يَقُولُ))[2] واتە: هەندێك جار وەك دەنگی زەنگێك بۆم دێت - کە زۆر قورس و گرانترە لەسەرم لە هەموو جۆرەکانی تر - پاشان قورسیەکە لادەچێ و هەرچیم پێوتراوە هەموویم لەبەر کردووە. هەندێك جاریش فریشتەکە لەسەر شێوەی پیاوێك دێت، قسەم لەگەڵ دەکات، منیش تێدەگەم لەوەی کە دەیلێت و لەبەری دەکەم.

سەرجەم سروشی قورئان بە چۆنیەتی سێیەم بووە.

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە: ١/٤، ژمارە: ٢.

(٢) ئەمە هەمان فەرموودەی پێشووە.

# بــەشی چــوارەم

## هۆکارەکانی دابەزین ( أسباب النزول )

**قورئانی پیرۆز لە ڕووی دابەزینەوە دوو بەشە:**

١- بەشێکیان دابەزیوە بێ پەیوەست بوون بە ڕووداوێك کە ڕوویدابێت یان پرسیارێك ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ کرابێت، ئەم بەشەیان زۆربەی هەواڵی گەلانی پێشووەو هەواڵدانە سەبارەت بە شتە پەنهانەکان، هەر لە بەهەشت و دۆزەخ و فریشتە و جگەلەمانەش.

٢- بەشێکی تریان پەیوەستە بەهۆکارێکەوە: ئەم هۆکارە یان ڕووداوێکە یاخود پرسیارێکە ئاڕاستەی پێغەمبەری خوا کراوە، ئەمەش لە کتێبی خوادا گەلێك زۆرە.

**ئەمە نموونەیەکە لەو ئایەتانەی لە دوای ڕووداوێکەوە دابەزیون:**

ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقْرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ ﴾ النساء: ٤٣. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نزیکی نوێژ مەکەون لە کاتێکدا ئێوە سەرخۆشن، هەتا شوێنەواری سەرخۆشی نامێنێت و دەزانن چی دەڵێن - لە نوێژەکەدا -). ئەم ئایەتە بە بۆنەی هەڵەیەکی زۆر خراپ و ناشرینەوە دابەزی کە کەسێکی سەرخۆش ئەنجامیدا، لە کاتێکدا پێشنوێژی دەکرد ئەمەی خوێندەوە: (قُلْ يا أيُها الكافرون، أَعْبُدُ ماتَعْبُدُونَ: بڵێ ئەی ئەوانەی بێ باوەڕن، منیش ئەوە دەپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن) لە جیاتی ئەم ئایەتە: ﴿ لَآ أَعْبُدُ مَا

تَعۡبُدُونَ ﴾ الكافرون: ٢. واتە: (من هەرگیز ئەو شتانەی کە ئێوە دەیپەرستن ناپەرستم - چونکە من خواپەرستم-). ئەم ڕووداوە پێش حەرام کردنی خواردنەوەی مەی بوو بە یەکجاری.

**ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو ئایەتانەی کە لە دوای پرسیار دابەزیون:**

ئەم فەرمایشتەی خوای میهرەبان: ﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَٰمَىٰۖ قُلۡ إِصۡلَاحٞ لَّهُمۡ خَيۡرٞۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ ٱلۡمُفۡسِدَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِ ﴾ البقرة: ٢٢٠. واتە: (دەربارەی هەتیوان پرسیارت لێدەکەن، پێیان بڵێ چاکسازی و پەروەردەکردنیان لە هەموو شت چاکتر و پەسەندترە، خۆ ئەگەر تێکەڵاویان بکەن و بیانهێننە ماڵتان ئەوانە براتانن، خوایش کەسانی خراپسازو چاکسازتان دەزانێ و جیا دەکاتەوە). کاتێك ئەم دوو فەرمایشتانە هاتنە خوارەوە: ﴿ وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥ ﴾ الأنعام: ١٥٢. واتە: (نزیك ماڵ و سامانی هەتیو مەکەون مەگەر بە چاکی و لە قازانجی نەبێت، هەتا ئەو کاتەی گەورە دەبێت و بەتەواوی پێ دەگات). ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا ﴾ النساء: ١٠. واتە: (بەڕاستی ئەوانەی کە ماڵی هەتیووان بە ناحەق و ستەم دەخۆن، بێگومان ئەوانە تەنها ئاگر دەخۆن و ئەو ماڵە دەبێتە ئاگر لە سکیاندا، لە قیامەتیشدا دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە). هەر موسڵمانێك هەتیوێکی لابووبا ئەوا خواردن و خواردنەوەی هەتیوەکەی لە خواردن و خواردنەوەی خۆی جیا دەکردەوە، وای لێهات ئەگەر خواردنی هەتیوەکە زیادی کردبا، ئەوا یان هەڵدەگیرا تا جارێکی تر بیخوات یاخود تێکدەچوو، ئەمە لەسەر شانی موسڵمانان زۆر گران و ناخۆش بوو، ئەمەیان لای

پێغەمبەری خوا ﷺ باسکرد، خوای پاك و بێگەردیش ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَـٰمَىٰ ۖ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ ۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ ٱلْمُفْسِدَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِ﴾ البقرة: ٢٢٠. زۆر جار لە کتێبی خوادا حوکم و بڕیارو یاسا و ڕاسپاردەیەك دەبینین کە بە دەربڕینی (لێتدەپرسن: يسألونك) هاتووە، وەك ئەم فەرمایشتانەی خوای بێ وێنە: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا﴾ الكهف: ٨٣. واتە: (دەربارەی زولقەرنەین پرسیارت لێ دەکەن، پێیان بڵێ گۆشەیەك لە بەسەرهاتی ئەوتان بۆ باس دەکەم). ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ﴾ الإسراء: ٨٥. واتە: (پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ڕۆح). ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلْعَفْوَ﴾ البقرة: ٢١٩. واتە: (پرسیارت لێدەکەن چی ببەخشن). جگەلەمانەش گەلێك زۆرن، جا پرسیار ئاڕاستەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرا، دواتر سروشی ئاسمانی دادەبەزی بە وەڵامی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە پرسیارەکە.

## پێناسەکردنی هۆکارەکانی دابەزین (أسباب النزول):

لە دوای ئەمەی خرایەڕوو بە پوختی دەڵێین: هۆکاری دابەزین (سبب النزول) بریتییە لە[1]:

((ڕووداوێك کە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕوویداوە یان پرسیارێك کە ئاڕاستەی کراوە بەمەش ئایەتێك یان چەند ئایەتێك لەلایەن خواوە دابەزیون سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی پەیوەندی بەو ڕووداوەوە هەیە یان پەیوەندی بە وەڵامی ئەو پرسیارەوە هەیە)).

---

(١) بڕوانە: مناهل العرفان: ١/٩٩.

یان بە کورتی بریتییە: ((لەو شتەی ئایەتێك یان زیاتری لە پێناو دابەزیوەو لەسەری دواوەو حوکمەکەی ڕوونکردۆتەوە لەو ڕۆژانەی کە شتەکەی تێدا ڕوودواوە)).

## سوودی زانینی هۆکارەکانی دابەزین (أسباب النزول):

هۆکارەکانی دابەزین چەندین سوودی هەیە کە پەیوەستە بە حوکمەوە لە ڕووی زانینی حیکمەت و مەبەستەکەی و ئاسانی لەبەرکردنی، ئەو سوودانە ئەمانەن:

١- زانینی حیکمەتی خوا لە دانانی حوکمدا: ئەو کەسەی هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە دەخوێنێتەوە کە نزیك بوونەوەی لە نوێژ لە کاتی سەرخۆش بوون حەڕام کردووە، ئەوا دەتوانێت حیکمەتی حەڕام کردنەکە بزانێت.

٢- زانینی مەبەستی ئایەتەکە و چاك تێگەیشتن لە واتاکەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست: بوخاری و موسلیم[1] گێڕاویانەتەوە کە مەڕوانی کوڕی حەکەم واتای ئەم فەرمایشتەی پەروەردگاری لێ ئاڵۆز بووە: ﴿ لَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡرَحُونَ بِمَآ أَتَوا۟ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحۡمَدُوا۟ بِمَا لَمۡ يَفۡعَلُوا۟ فَلَا تَحۡسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلۡعَذَابِۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ آل عمران: ١٨٨. واتە: (وا گومان مەبە بەوانەی دڵخۆشن بەوەی کە هەیانە و حەز دەکەن باس بکرێن و خەڵکی سوپاسیان بکات لەسەر کارو چاکەیەك کە نەیانکردووە، ئەوە هەرگیز وامەزانە ئەوانە لە دەست سزا ڕزگاریان دەبێت، بەڵکو سزایەکی بە ئێش چاوەڕێیانە). مەڕوان وتی: بەڕاستی هەر یەکێك دڵخۆش بوو بەوەی پێیدراوەو پێی خۆش بوو

---

[1]) بوخاری: ٤٢٩٢، تفسیر.

ستایشی بکرێت بە کارێك کە خۆی نەیکردووە. ئەوا هەموومان سزادەدرێین. ئیبن عەبباس بۆی ڕوونکردەوە کە ئەم ئایەتە لە بارەی جولەکەکانەوە دابەزیوە. کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ، لەبارەی شتێك پرسیاری لێیان کرد کەچی ئەوان وەڵامی ڕاستەقینەیان شاردەوەو شتێکی تریان پێوت، واشیان پیشاندا کە ئەم وەڵامە ساختەیە بریتییە لە وەڵامی ڕاستەقینەی پرسیارەکە، داوایان کرد پێغەمبەر ﷺ ستایشیان بکات لەسەر کارەکەیان، جا ئایەتەکە سەرزەنشتی جولەکەکانی کرد لەسەر ئەوەی ڕاستیان شاردەوەو وەڵامەکەیان ساختەکرد. لەم کاتەدا واتاکەی ڕوون بووەوە بۆ (مەڕوانی کوڕی حەکەم) دوای زانینی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە.

٣- ئاسانکردنی لەبەرکردنی ئەو حوکمەی لە ئایەتەکەدا هاتووە: چونکە ئەو حوکمەی کە مرۆڤ لەگەڵیدا ڕووداوێکی دیاریکراوی بیردەکەوێتەوە، ئاسانترە بۆ لەبەرکردن لەو حوکمەی کە بەبێ بۆنە دێت.

لەبەر ئەو گرنگییە بەرچاوەی هۆکارەکانی دابەزین هەیانە، زۆر کتێب لەو بارەوە نووسراون، بەناوبانگترینیان: "لباب النقول في أسباب النزول"ی سیوتی و "أسباب النزول"ی واحیدی. بەڵام هەر دوو کتێبی ناوبراو بژارکراو نین، هەندێك دانەری هاوچەرخ دەستیان کردووە بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆکارەکانی دابەزینی ڕاست و دروست یان لێکۆڵینەوەو بژارکردنی سەرجەم گێڕانەوەکانی دەربارەی هۆکارەکانی دابەزین.

# بەشی پێنجەم

## مەککەیی و مەدینەیی

### پێناسەیان:

لەلای زانایان ناسراوە کە ئایەتەکانی قورئان دوو بەشن: بەشێکیان مەککی، بەشەکەی تریان مەدینەیی.

**مەککی:** بریتییە لەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە لە پێش کۆچ کردن یان کاتی کۆچکردندا بۆ پێغەمبەر ﷺ دابەزیون[1].

**مەدینەیی:** بریتییە لەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ دابەزیون لە دوای کۆچ.

### سوودی زانینیان:

زانینی مەککی و مەدینەیی سوودی گەلێك زۆری هەن لەوانە:

---

[1] لە پێناسەی زانایاندا بۆ ئایەتە مەککیەکان وشەی (یان لە کاتی کۆچکردندا) بوونی نییە، بەڵام من پێم باشتر بوو ئەو زیادەیە دابنێم بە پشت بەستن بە وتەیەك کە سیوتی لە کتێبی (الإتقان) هێناویەتی و تیایدا باسی ئەوەی کردووە کە ئەو ئایەتەی لە ڕێگەی کۆچکردنەوە دابەزیوە بە مەککی دادەنرێت، ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار مەکییە کە لە ڕێگەی کۆچکردنەوە دابەزیوە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِى فَرَضَ عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ﴾ القصص: ٨٥. واتە: (بەڕاستی ئەو زاتەی کە گەیاندنی قورئانی لەسەر تۆ پێویست کردووە، سەرەنجام دەتگێڕێتەوە بۆ مەککە).

١- زانینی هەڵوەشێنەرەوە (ناسخ) و هەڵوەشاوە (منسوخ)، چونکە ئەوەی دواتر دابەزیوە ئەوەی پێشتر هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمە لە شوێنی خۆیدا ڕوونی دەکەینەوە.

٢- زانینی مێژووی دانانی حوکمەکان کە قورئانی پیرۆز هێناویەتی.

٣- زانینی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ لە میانەی ئەو ئایەتانەی لە مەککە دابەزیون، ئەوانەش کە لە مەدینە بۆ پێغەمبەر ﷺ دابەزیون.

٤- فێربوونی شێوازی قورئان لە گفتوگۆو یاسادانان، کە لە مەدینە جیاواز بوو لەگەڵ مەککە بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکان.

٥- متمانەی زیاتر بە ڕاست و دروستی قورئان و بێ کەم و کورتی و سەلامەتی گواستنەوەی، ئەمەش کاتێك دەبینین موسڵمانان تا ئەندازەیەك بایەخیان بە قورئانی پیرۆز داوە کە دەزانن هەر ئایەتێك کەی دابەزیوەو لە کوێ دابەزیوە؟.

## ڕێـگەی زانـیـنیـان:

بە یەکێك لەم دوو ڕێگەیە مەککی و مەدینەیی دەزانرێن:

**ڕێگەی یەکەم:** ڕێگەی گواستنەوەو نەقڵ، واتە: پشت بەستن بەو فەرموودە و هەواڵانەی (لە سەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ)[1] بۆمان هاتوون و ئەوە دیاری دەکەن کە ئەم ئایەتە مەککییە یان مەدینەیی.

**ڕێگەی دووەم:** لە میانەی ڕێسا و ئەو خەسڵەتانەی کە هەر یەك لە ئایەتە مەککی و مەدینەییەکان هەیانە.

## تـایـبەتـمەنـدیـیەکانی ئایەتە مەککیەکان و نیـشـانەکانـیـان:

---

(١) خۆم زیادم کردووە. (وەرگێڕ).

ئایەتی مەککی لەمیانەی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**یەکەم:** شێوازی مەککی کە جیاوازە بە بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی دیاریکراو.

کەواتە هەر:

١- سوڕەتێك وشەی (کلا)ی تێدابێت ئەوا مەککییە.

٢- سوڕەتێك سوژدەی تێدابێت ئەوا مەککییە.

٣- هەر سوڕەتێك لە سەرەتاکەی پیتەکانی (هەجوو: الهجاء) هەبوو وەك: (الم، الر)، ئەوا مەککییە، تەنها هەر دوو سوڕەتی (البقرة) و (آل عمران) نەبن.

٤- هەر سوڕەتێك (یا أیها الناس)ی تێدابوو، زۆربەیان مەککیین، تەنها هەر دوو سوڕەتی (البقرة) و (النساء) نەبن.

٥- ئایەتە مەککییەکان کورتن، دەربڕین و وشەکانیان زۆر بەهێزن.

**دووەم:** ناوەڕۆکی ئایەت و سوڕەتە مەکییەکان لە ڕووی ئەو بابەتانەی باسی دەکەن و ئەو دۆزانەی چارەسەری دەکەن، جیا دەبینین:

١- هەر سوڕەتێك باسی چیرۆکی پێغەمبەران و گەلانی پێشووی کردبێت، ڕوونی کردبێتەوە کە سەرکەوتن بۆ باوەڕدارانە و دۆڕانیش بەشی بێ باوەڕانە؛ ئەوا مەککییە، تەنها هەر دوو سوڕەتی (البقرة) و (آل عمران) نەبن.

٢- هەر سوڕەتێك چیرۆکی ئادەم و شەیتانی تێدابێت ئەوا مەککییە، تەنها سوڕەتی (البقرة) نەبێت.

٣- بەشی مەککی جەختی کردۆتەوە لەسەر بنیاتنانی بیروباوەڕێکی سەلامەت و تەندروست، هەروەها سەرنج ڕاکێشان بۆ بەڵگە و نیشانەکانی خوا

لە ئاسۆو دەروونەکاندا، هەروەها دوژمنایەتی کردنی هاوبەشدانان و بتپەرستی.

٤- بەشی مەککی پێداگیری کردووە لەسەر دروستکردنی ڕەوشت بەرزی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تەندروست و سەلامەت و دژایەتی کردنی ڕەوشتی نەفامی.

## خەسڵەتەکانی ئایەتە مەدینەیەکان و نیشانەکانیان:

لەمیانەی ئەم خەسڵەتانەی خوارەوە ئایەتی مەدینەیی بە دیاردەکەوێت:

**یەکەم: شێوازی بەشە قورئانی مەدینەیی:** بەم شێوەیەیە:

١- ئایەتەکانی درێژن و دەربڕینەکانی ئاسانن، تا بۆی بگونجێت ڕاڤەی ئەو بابەت و کێشانەی بکات کە چارەسەریان دەکات، ئەو بابەت و دۆزانەی کە جیاواز بوون لە بابەت و کێشەکانی مەککە.

٢- هەر سورەتێك: ﴿یا أیها الذین آمنوا﴾ی تێدابێت، ئەوا زۆربەیان مەدینەیین.

**دووەم: ناوەرۆکی ئایەت و سورەتە مەدینەییەکان،** ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت:

١- هەر سورەتێك باسی سزاکان و فەرزەکانی تێدابێت، باسی حوکمە شەرعییەکان بکات بە وردی و تێروتەسەلی، ئەوا مەدینەییە.

٢- هەر سورەتێك مۆڵەتی تێکۆشان (جیهاد)ی تێدابێت و حوکمەکانی ڕوون بکاتەوە ئەوا مەدینەییە.

٣- هەر سورەتێك باسی دووڕووانی تێدا بێت ئەوا مەدینەییە، جگە لە سورەتی (العنکبوت) کە مەککییە، تەنها یازدە ئایەتی سەرەتاکەی نەبێت کە مەدینەین و باسی دووڕوانی تێدایە.

٤- هەر سوڕەتێك کە تیایدا بانگی خاوەن کتێبەکان کرابێت لە جولەکە و گاورەکان بۆ موسڵمان بوون، ئەوا مەدینەییە.

بەڵام ئەمانە ڕێکخەرو خەسڵەتانێکن کە بۆمان نارەخسێنێت حوکم بدەین بەسەر تەواوی سوڕەتەکاندا، لەوانەیە سوڕەتێك بەدی بکرێت کە هەندێکی مەککی و هەندێکی مەدینەی بێت، زۆرجار ئاوا ڕوویداوە.

هەروەك ئێمە -لەسەرەتا و کۆتادا دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕێگەی یەکەمەوە - ڕێگەی گواستنەوەو نەقڵ - بۆمان هاتووە، چونکە ئەم ڕێگەیە باوەڕپێکراوترە.

# بەشی شەشەم

## کۆکردنەوە و نووسینەوەی قـــورئـــانی پیرۆز

مەبەست لە کۆکرنەوەی قورئان یەك لەم دوو مانایەیە: یەکەم کۆکرنەوەی لە سینەکاندا، دووەم کۆکرنەوەی لە دوو تویّی دێڕەکاندا.

### ١ - کۆکردنەوەی قورئان لە سینەکاندا: لە ڕێگەی لەبەرکردنیەوە:

پێغەمبەر ﷺ یەکەم کەس بووە کە قورئانی پیرۆزی لە سینەی خۆیدا لەبەرکردووە و هەڵی گرتووە، لەو کاتەی کە سروشی بۆ دادەبەزی دووبارەی دەکردەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەك لە بیری بچێتەوە، تا فەرمایشتی پەروەردگار دابەزی و دڵنیای کردەوە کە خوا پێی لەبەر دەکات، بێ ئەوەی لە کاتی سروش دابەزین دووبارەی بکاتەوە.

خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿لَا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ ١٦ إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ وَقُرۡءَانَهُۥ﴾ القيامة: ١٦-١٧. واتە: (پەلە مەکە و زمانت مەجوڵێنە، بۆ ئەوەی پەلە بکەیت لە وەرگرتنیدا. بەڕاستی لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەو خوێندنەوەی).

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥۖ وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا﴾ طه: ١١٤. واتە: (- ئەی موحەممەد ﷺ - نەکەیت لە خوێندنی قورئاندا پەلە بکەیت؛ لە پێش ئەوەی سروش و نیگای ئەو قورئانە تەواو بێت بۆ لای تۆ - چونکە ئێمە نایەڵین فەرامۆشی بکەیت -، نزا بکە و بڵێ: پەروەردگارا؛ بەردەوام زانست و زانیاری زۆرترو زیاترم پێ

ببەخشە). هەروەها فەرموویەتی: ﴿ سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾ الأعلى: ٦. واتە: (- ئەی موحەممەد ﷺ - ئێمە قورئان لە ڕێگەی جبریلەوە بەسەرتدا دەخوێنینەوە، ئیتر هەرگیز لە بیرت ناچێت).

جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) هەموو ساڵێك لە مانگی ڕەمەزاندا بە تەواوی قورئانی بەسەر پێغەمبەردا ﷺ دەخوێندەوە، لە دوا ساڵی تەمەنی پێغەمبەریش ﷺ دوو جار بۆی خوێندۆتەوە، وەك چۆن لە فەرموودەی ڕاست و دروستدا هاتووە[1].

بەهەمان شێوە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانیان لە سینەی خۆیاندا لەبەرکردبوو، هەندێکیان هەمووی لەبەر بوو، هەشیان بوو بەشێکی لەبەر بوو، پێیان وابوو باشترینیان ئەو کەسەیە کە زۆرترین قورئانی لەبەرە، شەویان زیندوو دەکردەوە بە قورئان خوێندن، دەنگیان لێوە دەهات وەك دەنگ و گڤەی هەنگ، عوبادەی کوڕی صامت وتویەتی: (ئەگەر یەکێك کۆچی کردبا پێغەمبەر ﷺ ڕادەستی یەکێکمانی دەکرد تا قورئانی فێر بکەین، مزگەوتی پێغەمبەری خوا دەنگی دەدایەوە لەبەر خوێندنەوەی قورئان، تا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردن دەنگیان نزم بکەنەوە تاوەکو هەڵە نەکەن).

### لەوانەی کە قورئانیان لەبەر بوو لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ:

چوار خەلیفەکانی ڕاشیدین، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، تەڵحەی کوڕی عەبیدوڵا، ئەبو هورەیرە، عەبدوڵای کوڕی مەسعود، سالمی مەولای ئەبو حوزەیفە، مەعازی کوڕی جەبەل، زەیدی کوڕی سابت، ئوبەی کوڕی کەعب،

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە (٤/١٩١١) بە هەڵواسراوی پێش ژمارەی (٤٧١١).

قەیسی کوڕی سەکەن، ئەبو دەرداء، عەبدوڵای کوڕی عومەر، عەبدوڵای کوڕی عەبباس.

لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە دوای هاوەڵانەوە تا ئێستا هەر بەردەوامە نەوە لە دوای نەوە بە وەرگرتن و گوێگرتن و زارەکی.

## ٢- کۆکردنەوەی قورئان لە دێڕەکاندا، لە ڕێگەی نووسینەوە:

قورئان سێ جار بە نووسین کۆکراوەتەوە، یەکێکیان لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ، دووەمیان لەسەردەمی ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێبێت)، سێیەمیان لەسەردەمی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت).

### یەکەم: کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ):

پێغەمبەر ﷺ چەند نووسەرێکی دانابوو بۆ نووسینی سروش، لە ناویاندا بیست و پێنج نووسەر ناوبانگیان دەرکرد، جا ئەگەر ئایەت یان سوڕەتێك لە قورئانی پیرۆز دابەزیبا ئەوا بانگی یەکێکیانی دەکرد و ئەویش دەینووسی، (دواتر ئەوەی دەنووسرا لە ماڵی پێغەمبەری خوادا ﷺ دادەنرا)[1].

ئەم نووسەرانە لە هاوەڵە پایەبەرزەکان بوون، لەوانە: ئەبو بەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، معاویە، ئەبانی کوڕی سەعید، خالیدی کوڕی وەلید، ئوبەی کوڕی کەعب، زەیدی کوڕی سابت، سابتی کوڕی قەیس، جگەلەوانیش (ڕەزای خوایان لێبێت).

هەروەك کۆمەڵێك لە هاوەڵان قورئانیان بۆ خۆیان دەنووسیەوە، ئەو دانەیەی کە دەیان نووسیەوەو دواتر دەیان پاراست و هەڵیان دەگرت، لەسەر

---

(١) حارسی موحاسیبی بەوشێوەیە باسی کردووە لە کتێبەکەیدا: فهم السنن، و سیوتیش لە کتێبی (الإتقان) لێی وەرگرتووە.

گەڵای دارخورما و بەردی تەنك و ئێسك و پێستە دەیاننووسی، لە زەیدی کوڕی سابتەوە (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە کە وتوویەتی: ((لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ قورئانمان لەسەر پارچە گەڵای دارخورما و بەردی تەنك و ئێسك و پێستە دەنووسی))[1].

قورئانی پیرۆز لە سەردەمی پێغەمبەری نازدار ﷺ لەسەر پارچەی جیا جیا نووسرابووەوە، واتە: لە یەك پەڕاودا نەنووسرابووەوە، چونکە هێشتا سروش بەردەوام هەر دەهاتە خوارەوەو ڕیزبەندی و ڕێکخستنی قورئان تەواو نەببوو، لەبەر ئەوەی قۆناغی هاتنەخوارەوەی قورئان کۆتایی نەهاتبوو تا ئەو کاتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد.

**دووەم: لە سەردەمی ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێبێت):**

لە دوای جەنگی یەمامە لە ساڵی ١٢ك کە زیاتر لە حەفتا کەس شەهیدکران کە قورئانی پیرۆزیان لەبەر بوو، عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) ترسی لێنیشت لەبارەی لەناوچوونی قورئان، بۆیە پێشنیاری بۆ ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێبێت) کرد کە قورئان لە دوو توێی یەك پەڕاودا کۆ بکاتەوە، دوای پەسەندکردنی ئەم پێشنیارە، ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) ئەم کارەی بە زەیدی کوڕی سابت سپارد، کە هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر بوو، نووسەری سروش بوو لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، ئاگادار بووە سەبارەت بە دوایین جار کە جبریل قورئانی بەسەر پێغەمبەردا ﷺ خوێندۆتەوە، ناوبراو کەسێکی زیرەك و لەخواترس و دەستپاك و ڕەوشت بەرزو خۆڕاگر بووە.

---

(١) حاکم بە زنجیرەکەی خۆی بە پێی مەرجی بوخاری و موسلیم گێڕاویەتیەوە، بڕوان: الإتقان (١/١٦٤).

**زەید** (ڕەزای خوای لێبێت) **قورئانی پیرۆزی هێنا کە لەسەر گەڵای دارخورما و بەردی تەنك و ئێسکی دەڤی شان و پێستە نووسرابووەوە کە لە ماڵی پێغەمبەر ﷺ بوو، دەستی کرد بە لەبەرگرتنەوەو نووسینەوەی قورئانی پیرۆز لەسەر پەڕەکان، بە سەرپەرشتی ئەبو بەکرو عومەرو گەورە هاوەڵان** (ڕەزای خوایان لێبێت)، **بۆ زیاتر دڵنیایی لەبارەی چەسپانی ئایەتەکان، ئەوا هیچ شتێکی لە پەڕاوی قورئاندا نەدەنووسی تا ئەو ئایەت و سورەتانەیان نەهێنابا کە لەلایان نووسراوە، هەروەها هاوەڵەکە دەبێت دوو گەواهیدەریشی هێنابان کە ئەمە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ نووسراوە.**

**تەنها دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی (التوبة) ملکەچی ئەم ڕێسایە نەبوون:**
﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ﴾ التوبة: ١٢٨-١٢٩. **واتە: (- ئەی خەڵکینە - سوێند بەخوا بێگومان پێغەمبەرێکتان بۆ ڕەوانەکراوە کە هەر یەکێکە لە خۆتان، زۆر سەختە بەلایەوە تووشبوونتان بە بەڵاو ناخۆشی، زۆر بە تەنگیشتانەوەیە و بە پەرۆشە لەسەرتان، زۆر دڵسۆزی ئیماندارانە و میهرەبان و دلۆڤانە بۆیان. جا ئەگەر ئەوانە هەر پشت هەڵکەن و گوێت بۆ نەگرن، ئەوە ئیتر تۆ بڵێ: من خوام بەسە یارو یاوەرم بێت، هیچ خوایەك نییە جگەلەو، هەر پشت بەو دەبەستم، ئەو زاتەش پەروەردگاری عەرشی گەورەیە). ئەم ئایەتە تەنها لەلای ئەبو خوزەیمەی ئەنصاری** (ڕەزای خوای لێبێت) **بە نووسراوی هەبوو، بەدڵنیاییەوە ئەمە زیان ناگەیەنێت بە باوەڕپێکراوێتی ئەم دوو ئایەتانە، چونکە لەو دانە قورئانەشدا**

**نووسرابوونەوە کە لەلای زەید** (ڕەزای خوای لێبێت) **بوو، زەیدیش** (ڕەزای خوای لێبێت) **قورئانی پیرۆزی زۆر بە پاراوی و چاکی لەبەر بوو.**

**ئا بەم شێوەیە زەید** (ڕەزای خوای لێبێت) **قورئانی لە دوو تویێی پەڕاو (مەصحەف)ێکدا نووسیەوە، ئەمەش یەکەم کۆکردنەوەی قورئان بوو لە نێوان دوو بەرگدا، یەکەم کتێب بوو لە زمانی عەرەبیدا بنووسرێت، بە (پەڕاو: مەصحەف) ناونرا، چونکە پەڕە پەرت و بڵاوەکانی کۆکرانەوە، ئەم (پەڕاوە: مەصحەفە) لەلای ئەبو بەکر** (ڕەزای خوای لێبێت) **مایەوە، لە دوای ئەویش لەلای عومەر** (ڕەزای خوای لێبێت) **مایەوە، لە دوای شەهید بوونی عومەر** (ڕەزای خوای لێبێت) **هەر لەلای کچەکەی حەفصەی دایکی باوەڕداران مایەوە تا خەلیفەی ڕێنوێنیکراو عوسمانی کوڕی عەففان** (ڕەزای خوای لێبێت) **داوای لێکرد ڕادەستی بکات.**

### سێیەم: لە سەردەمی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت):

**کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە سەردەمی ئەبو بەکردا** (ڕەزای خوای لێبێت) **لەبەر ترسی لەناوچوونی بووە، بەڵام لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان** (ڕەزای خوای لێبێت) **لەبەر ترسی بە هەڵە خوێندنەوەی بووە، چونکە بەهەڵە خوێندنەوەی قورئان سەریهەڵدا، بەتایبەتی لەو شارو وڵاتانەی کە لە شاری مەدینەی ناوەندی زانست و زانیاری دووربوون، بەتایبەت ئەو وڵاتە ناعەرەبیانەی کە تازە ڕزگار کرابوون. لە شاری مەدینەش ڕاجیایی لە نێوان مامۆستایان سەریهەڵدا، بەهۆی جیاوازی جۆرەکانی خوێندنەوە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەرگیرا بوو هەروەك لە بەشی داهاتوودا دەیبینین، حوزەیفەی کوڕی یەمان** (ڕەزای خوای لێبێت) **ئەم ڕاجیایەی لە ناوچە دوورەکان بینی، کە تێکۆشەر بوو لە ڕزگارکردنی ئەرمینیا، جا حوزەیفە** (ڕەزای خوای

لێبێت) لە ئەرمینیاوە هات و هەواڵی ئەم ڕاجیاییەی بە عوسمانی (ڕەزای خوای لێبێت) ڕاگەیاند و پێی وت: بە هانای ئوممەتەوە بڕۆ بەرلەوەی ڕاجیاییان تێبکەوێت وەك جولەکە و نەصرانیەکان. ئەمەش پاڵنەر بوو تا عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) ئەو کارە شکۆدارو پیرۆزە بکات. عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) یەکێکی ناردە لای حەفصە (ڕەزای خوای لێبێت) داوای لێکرد (پەڕاو: مەصحەف)ی[1] بۆ بنێرێت بۆ لەبەرگرتنەوەی چەند دانەیەك و پاشان بۆت دەگەڕێنینەوە.

عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمانی کرد بە (زەیدی کوڕی سابت، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر، سەعیدی کوڕی عاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی حارسی کوڕی هیشام - ڕەزای خوایان لێبێت -) بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەوانیش هەڵسان بە لەبەرگرتنەوەی چەند دانەیەك لەسەر شێوەی کتێبی قەبارە مەزن، دواتر پەڕاوەکەیان بۆ حەفصە (ڕەزای خوای لێبێت) گەڕاندەوە، بۆ هەر ناوچەیەك مەصحەفێکیان نارد، عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) شەش مەصحفی نارد بۆ: کوفە، بەسرە، شام، میسر، یەمەن، بەحرەین، یەکێکیشی لای خۆی هێشتەوە، ئا ئەوەی لای خۆی هێشتەوە بە پەڕاوی پێشەوا (مەصحەفی ئیمام) ناونرا.

دواتر عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) فەرمانی کرد بە سووتاندنی هەموو (پەڕاو: مەصحەفەکان)ی دیکە (واتە: پەڕ یان پێستە یاخود بەردە تەنکەکان یان ئەو تەختانەی کە هەندێك سوڕەت یان ئایەتی قورئانی پیرۆزیان لەسەر نووسراون)، چونکە لەوانەیە هەندێك کەس ئایەتی باوەڕپێنەکراوی نووسیبا، هەروەها لەوانەیە هەندێکیان - وەك ئیبن مەسعود - هەندێك وشەیان زیاد کردبێت کە مەبەستی پێی ڕاڤەی قورئان بێت، نەك ئەو وشانەش بەشێکی قورئان بن، جا ئەگەر مابووبان ئەوا خەڵکی واگومانیان دەبرد کە بەشێکە لە قورئان.

---

(١) ئەو دانە پەڕاوەی کە لە سەردەمی ئەبو بەکردا (ڕەزای خوای لێبێت) نووسرایەوە.

## ئایەت و سوڕەتەکان:

**(ڕیزبەندیان، ژمارەیان، شێوەی نووسینی قورئان "رسم القرآن"، هەماهەنگی نێوان ئایەت و سوڕەتەکان):**

**ڕیزبەندی سوڕەتەکانی قورئان لە خواوەیە و دەستی کەسی تێدا نییە**(1)، پێغەمبەر ﷺ لە جبریلەوە وەری گرتووە، هاوەڵە بەڕێزەکانیش (ڕەزای خوایان لێبێت) لە پێغەمبەریان ﷺ وەرگرتووە و بەوانەی دوای خۆیان گەیاندووە.

**ژمارەی سوڕەتەکانی قورئان:** ١١٤ سوڕەتە، بە یەکدەنگی زانایان.

**ڕیزبەندی ئایەتەکانیشی لە خواوەیە و دەستی کەسی تێدا نییە**، بەبێ بوونی ڕاجیایی لە نێوان زانایان لەم بارەوە.

زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی ژمارەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز زیاترن لە شەش هەزارو دوو سەدو چەند ئایەتێك، بەڵام دەربارەی ئەم چەندە (واتە: ئەوەی لە دوای شەش هەزار دوو سەد)ەوە دێت ڕاجیاییان تێدایە، ئەو بۆچوونەی زۆربەی زانایان لەسەرینە ئەوەیە کە (٦٢٣٦) ئایەتە.

هۆکاری ڕاجیایی لەبارەی ژمارەی ئایەتەکان زیاد و کەم بوونی شتێك نییە لە قورئانی پیرۆز، بەڵکو لەبەر ئەوەیە هەندێکیان ئایەتێك دابەش دەکەن بۆ دوو ئایەت یان دوو ئایەت بە یەك ئایەت دادەنێن. بەمەش ڕاجیاییەکە لە ڕێگە و شێوازی ژماردنەکە دەبێت، بەڵام سەبارەت بە دەقی

---

(1) واتە پێغەمبەر ﷺ پشتی بە ڕێنمایی جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) دەبەست لە دیاریکردن و دانانی سوڕەتەکان لە شوێنی خۆیان، جبریل دەفەرمووێت: فڵانە سوڕەتە دابنێ پێش فڵان سوڕەت و پاش فیسارە سوڕەتە، پێغەمبەریش ﷺ بەهەمان شێوە فەرمانی دەکرد. هاوەڵانیش (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەم ڕیزبەندیەیان لە پێغەمیەرەوە ﷺ وەرگرتووە.

قورئانی ئەوا لەوە پاك و بەرزو پیرۆزترە كە گۆران و دەستكاری یان كەم و زیادی تێبكەوێت، لە كاتێكدا خوا بەڵێنی پاراستنی داوە.

**شێوەی نووسینی قورئان "رسم[1] المصحف"**؛ سەبارەت بە شێوەی نووسی قورئان، ئەوا ڕای پەسەند ئەوەیە كە داهێنراوە، **عوسمان** (ڕەزای خوایان لێبێت) پێی ڕازی بووەو ئوممەتیش پەسەندی كردووە، زۆربەی زانایانیش دەڵێن: پێویستە پابەندی بنوێنرێ بەم شێوازەی نووسینەوە، تا شێوەی نووسینی قورئانی پیرۆز لە ڕۆژگارێكەوە بۆ ڕۆژگارێك و لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی دیكە جیاواز نەبێت بە گۆڕانی ڕێساكانی ڕێنووس، چونكە ئەگەر گۆڕا ئەوا دەكرێ گۆڕان و دەستكاری تێبكەوێت.

## هەماهەنگی نێوان ئایەت و سورەتەكان:

لەوانەیە زۆر خەڵك بڕوانێتە بڕگە بەدوای یەكداهاتووەكان و فرە بابەتە جیاوازەكان یان سورەتە بەدوای یەكداهاتووەكان بەو تێڕوانینەی كە یەكەی دابڕاو و پچڕاون و پەیوەندیان بەیەكەوە نییە، بەڵام ئەوەی چاك وردببێتەوە لەم ئایەت و سورەتانە، ئەوا پەیوەندی و هەماهەنگی بەدی دەكات لە نێوانیاندا، ئەم پەیوەندییە ناودەبرێت بە ڕووی گونجانی نێوان ئایەت یان سورەتەكان.

---

(1) بریتییە لە شێوەی نووسینی پیت و وشەكانی قورئان بەهەمان ئەو شێوەی موصحەفی عوسمانی پێ نووسرابوو، كە عوسمانی فەرمانی بە لیژنە چوار قۆڵیەكە كردبوو و ئەوانیش نووسیان و بەسەر شارو وڵاتاندا دابەشیان كرد.

**نموونەی هەماهەنگی نێوان ئایەتەکان:**

دوای ئەوەی خوای پایەبەرز حوکمەکانی ڕۆژووی لە سوڕەتی (البقرة)دا ڕوونکردەوە، فەرمووی: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴾ البقرة: ١٨٦.

واتە: (- ئەی موحەممەد ﷺ - ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بەهانا و هاواری نزاکارانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر). لە ڕواڵەتدا وا بەدەردەکەوێت کە لە دوای قسەکردن لەسەر ڕۆژوو ئەوا چووەتە سەر باسی نزاو پاڕانەوە بێ ئەوەی هەماهەنگی هەبێت لە نێوانیان.

بەڵام ئەوەی ورد ببێتەوە، ئەوا دەبینێت کە ئەمە بانگهێشتی ڕۆژووگرانە بۆ ئەوەی هەمیشە لە خوا نزیك بن و نزا بکەن و لە خوا بپاڕێنەوە[1].

**نموونەی هەماهەنگی نێوان سوڕەتەکان:**

زەرکەشی[2] وتویەتی: ((یەکێك لە خاڵە جوانەکانی سوڕەتی "الکوثر" ئەوەیە کە وەك بەراورد و بەرامبەریەکی سوڕەتی پێشخۆیەتی[3]، چونکە لە سوڕەتی پێشتردا خوای گەورە وەسفی دووڕووی کردووە بە چوار شت: ڕژدی و

---

(١) ئەمە لە هەڵهێنجانەکانی ڕێزدار شێخ موحەممەد بەشیر بانییە، کە لە یەکێك لە وتارەکانی لەبارەی ڕاڤەی قورئانی پیرۆزەوە باسی کردووە.

(٢) البرهان: ١/٣٩، ئەگەر زانیاری زیاترت مەبەستە سەبارەت بە هەماهەنگی نێوان ئایەت و سوڕەتەکان ئەوا بگەڕێوە بۆ: (التناسب بين الآي والسور)ی دانراوی پێشەوا سیوتی، هەروەها کتێبی (نظم الدرر في التناسب بين الآيات والسور)ی دانراوی بەقاعی.

(٣) واتە: سوڕەتی (الماعون).

چڕنووکی، نوێژنەکردن، ڕووپامایی (ڕیابازی) نواندن لە نوێژدا، زەکات نەدان، جا لە بارەی هەماهەنگی نێوان ئەم دوو سوڕەتەوە دەڵێت:

لە بەرامبەر ڕژدی و چڕنووکی: ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ﴾ واتە: خێرو بێری زۆر.

لەبەرامبەر نوێژنەکردن: ﴿فَصَلِّ﴾ واتە: بەردەوامبە لەسەر نوێژ کردن.

لەبەرامبەر ڕووپامایی: ﴿لِرَبِّكَ﴾ واتە: بۆ ڕەزامەندی خوا نەك بۆ خەڵك.

لەبەرامبەر ڕێگری کردن لە بەخشین: ﴿وَٱنۡحَرۡ﴾ مەبەستی بەخشینی گۆشتی سەربڕاوەکانە.

جا ڕەچاوی ئەم هەماهەنگیە سەرسوڕهێنەرە بکە و پەندی لێوەربگرە)).

## چەند سوڕەتێك کە بە زیاتر لە ناوێك ناسراون[1]:

لێرەدا ژمارەیەك سوڕەت هەن کە بە زیاتر لە ناوێك ناسراون، باسی ژمارەیەکیان دەکەین، لەگەڵ ئەو ناوانەی ناوبانگیان پێ دەرکردووە:

- **سوڕەتی: (الفاتحة)**: الحمد، الشكر، أم الكتاب، أم القرآن، السبع المثاني، الشافية، الكافية، الوافية.
- **سوڕەتی: (البقرة)**: فسطاط القرآن، سنام القرآن.

بەشی شەشەم: کۆکردنەوەی قورئان و نووسینەوەی

- **سوڕەتی: (البقرة و آل عمران)**: الزهراوان.
- **سوڕەتی: (الأنفال)**: بدر.

---

[1]) بڕوانە: الإتقان: ١/١٥١.

- **سورەتی: (التوبة)**: براءة، الفاضحة، المنافقون الكبرى، البَحوث.
- **سورەتی: (النحل)**: النِّعم.
- **سورەتی: (الإسراء)**: بني إسرائيل.
- **سورەتی: (فاطر)**: الملائكة.
- **سورەتی: (يس)**: قلب القرآن.
- **سورەتی: (الزمر)**: الغُرَفْ.
- **سورەتی: (غافر)**: الطَّوْل، المؤمن.
- **سورەتی: (فصلت)**: السجدة.
- **سورەتی: (محمد)**: القتال.
- **سورەتی: (الرحمن)**: عروس القرآن.
- **سورەتی: (المجادلة)**: الظِّهار.
- **سورەتی: (الحشر)**: بني النضير.
- **سورەتی: (الصف)**: الحواريين.
- **سورەتی: (الطلاق)**: النساء القُصْرى.
- **سورەتی: (تبارك)**: الملك، المانعة، المنجية.
- **سورەتی: (النصر)**: التوديع.
- **سورەتی: (تبت)**: المَسَد.
- **هەر دوو سورەتی: (الفلق والناس)**: المعوَّذَتان.

## بەشی حەوتەم

# جۆرەکانی خوێندنەوە و خوێنەرانی قورئان

### واتای جۆرەکانی خوێندنەوە:

پێغەمبەر ﷺ چەند جۆرێك خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزی فێری هاوەڵانی کردووە کە هەر جۆرێك لەم خوێندنەوانە هەندێك شتی جیای هەیە لەگەڵ ئەوەی تر، جیاواز خوێندنەوەی قورئان لە ڕاو بۆچوون و هەواو هەوەسی خوێنەرانی قورئان سەرچاوەی نەگرتووە، لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان و ئەوانەی دوای ئەوانیش؛ هەروەك چۆن دوژمنانی ئیسلام هەوڵ دەدەن وا وێنای بکەن، بەڵکو سەرجەم جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوون، پێغەمبەریش ﷺ لە جبریلی ئەمینداری وەرگرتووە بەوشێوەیەی کە تێیدا هاتووە.

### شێوەکانی ڕاجیایی نێوان جۆرەکانی خوێندنەوەو ڕێسای وەرگرتنی حوکمەکان لێییان:

هەرچەندە وشە و دەربڕین جیاواز بێت لە نێوان جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئاندا، ئەوا تەنها لە جوڵە (حرکة)دا جیاوازن، لەوانەشە هەندێك کات لە پیتدا جیاواز بن بەمەرجێك نووسینی پیتە جیاوازەکان لە شێوەی باوی نووسینی پەڕاو (مەصحەف)دا دەرنەچێت.

ئەو یاسایەی کە زانایان لەسەری کۆکن، سەبارەت بە وەرگرتنی حوکمەکان لەو جۆرانەی خوێندنەوە بریتییە لەمە: ((فرە جۆری خوێندنەوەکانی قورئان، وەك فرە جۆری ئایەتەکانە)).

واتە: ئەگەر ئایەتێك دوو خوێندنەوەی جیاوازی هەبوو، ئەوا لە هەر جۆرێکی خوێندنەوەکەدا واتایەکی سەربەخۆی لێ وەردەگیرێت، هەروەك هەر دوو جۆر خوێندنەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوون و ئەویش لە جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) وەریگرتووە، خوای گەورە بەو شێوەیە دایبەزاندووەو هەر دوو واتاکەشی مەبەستە.

**نموونەی جیاوازی بە پیت:** خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ﴾ الأنعام: ٥٧. واتە: (حوکم و فەرمانڕەوایی - هەموو شت - هەر بەدەست خوایە، ئەو زاتە ڕاستی و حەقیقەتەکان دەخاتەڕوو، چاکترین جیاکەرەوەشە - لە نێوان حەق و بەتاڵدا -).

نافع و عاصم و ئیبن کەسیر بەم شێوەیە خوێندویانەتەوە: ﴿يَقُصُّ ٱلۡحَقَّ﴾ ئەوانی تر بەم شێوەیە خوێندویانەتەوە: ﴿يقضِ الحقَ﴾، واتای خوێندنەوەی یەکەم: ئەوەیە کە خوا چیرۆك و سەرگوزەشتەی ڕاست و دروست دەگێڕێتەوە کە گومانیان تێدا نییە، واتای جۆری خوێندنەوەی دووەم: ئەوەیە کە خوا بڕیاری ڕاست و دروست دەدات.

**نموونەی جیاوازی بە جوڵە (حركة):** خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗاۖ وَلَا تُسۡـَٔلُ عَنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡجَحِيمِ﴾ البقرة: ١١٩. واتە: (بەڕاستی - ئەی موحەممەد ﷺ - ئێمە تۆمان هاوڕێ لەگەڵ حەق و ڕاستییەکاندا ڕەوانە کردووە تا مژدەدەر بیت بە ئیمانداران و ترسێنەر بیت

بۆ بێ باوەڕان، بێگومان تۆ هەرگیز بەرپرسیار نیت لە نیشتەجێکانی دۆزەخ).

نافع و یەعقوب بەم شێوەیە خوێندوویانەتەوە: ﴿ولاتَسألْ ﴾.

بەپێی شێوە خوێندنەوەی زۆربەی خوێنەران (لا)یەکە (نەفی: ڕەتکردنەوەیە)، مەبەستی ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێناکرێت دەربارەی هاوەڵانی دۆزەخ و بەهۆی ئەوانەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت لە ڕۆژی دواییدا.

بەپێی خوێندنەوەکەی نافع و یەعقوب (لا)یەکە (نەهی: ڕێگرییە)، مەبەستی ڕێگریکردنە لە پرسیار دەربارەی هاوبەشدانەران، واتە: خەم نەخواردن لەسەریان، چونکە پێغەمبەر زۆر خەمی دەخوارد لەسەر پشتهەڵکردنی هاوبەشدانەران.

هەر دوو واتاکە لە ئایەتەکە وەردەگیرێن و خوای گەورەش هەر دوو واتاکەی مەبەست بووە.

## ئەو مەرجانەی کە پێویستن لە خوێندنەوەی پەسەنددا هەبن:

لەوانەیە دوودڵ بیت سەبارەت بە ڕاست و دروستی جۆرەکانی خوێندنەوەی پەسەند، بەڵام ئەم دوودڵییە نامێنێت کاتێك شارەزای ئەو مەرجانە دەبیت کە زانایان دایانناون بۆ وەرگرتنی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان.

**ئەوانیش ئەم سێ مەرجەن:**

١- کۆك بێت لەگەڵ شێوەی نووسینی یەکێك لەو مەصحەفانەی کە لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خوای لێبێت) نووسران و بۆ ناوچە و وڵاتان ڕەوانەکران، بۆ نموونە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ ﴾

الحجرات: ٦. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر کەسێکی متمانە پێنەکراو هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان؛ خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵکو سەرنج بدەن، لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە). حەمزە و کەسائی بەم شێوە خوێندویانەتەوە: ﴿فتثبتوا﴾ قورئان لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خوای لێبێت) بێ خاڵ بوو، بۆیە دەکرێ ئایەتەکە بە هەر دوو جۆر خوێندنەوەکە بخوێنرێتەوە.

٢- کۆك بێت لەگەڵ ڕێساکانی زمانی عەرەبی، چونکە قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی ڕوون و ڕۆشن دابەزیوە.

٣- زنجیرەکەی بە ڕاست و دروستی بگاتە پێغەمبەر ﷺ.

## جۆرەکانی خوێندنەوە و ناوی خوێنەرانیان:

ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەرانی قورئان، جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئانیان لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەرگرت، ئەو خوێنەرانەی لە هاوەڵان ناوبانگیان دەرکرد: (ئوبەی کوڕی کەعب، عوسمان، عەلی، زەیدی کوڕی سابت، ئیبن مەسعود، ئەبو دەرداء، ئەبو موسای ئەشعەری، سەرجەم ئەو نوێنەرانەی کە عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) لە ڕێی ئەوانەوە مەصحەفەکانی ڕەوانەکرد بۆ وڵاتانی ئیسلامی)[1].

ژمارەیەکی گەلێك زۆر لە شوێنکەوتووان، جۆرەکانی خوێندنەوەیان لەوانە وەرگرتووە کە ناویان خرایەڕوو، دواتر جۆرەکانی خوێندنەوە بڵاوبوونەوە، ژمارەیان زۆربوو.

---

(١) بڕوانە: مناهل العرفان: ١/٤٠٧.

ئەو جۆرە خوێندنەوانەی بە ڕێژنەیی (متەواتر) پێمان گەیشتوون، حەوت جۆر خوێندنەوەن، ئەو حەوت جۆرانە هی ئەم خوێنەرانەی خوارەوەن:

١- لە شاری مەدینە: خوێندنەوەی نافعی کوڕی عەبدوڕەحمان (٧٠ - ١٦٩ك) جۆری خوێندنەوەکەی لە شوێنکەوتووان وەرگرتووە.

٢- لە شاری مەککە: خوێندنەوەی عەبدوڵای کوڕی کەسیر (٤٥ - ١٢٠ك) خوێندنەوەکەی لە شوێنکەوتووان وەرگرتووە.

٣- لە شاری بەصرە: خوێندنەوەکەی باوکی عەمری بەصری، کە زەبانی کوڕی عەلائی تەمیمییە (٦٨ - ١٥٤ك) جۆرە خوێندنەوەکەی لە گەورە هاوەڵان وەرگرتووە.

٤- لە شام: خوێندنەوەکەی عەبدوڵای کوڕی عامری یەحصەبی (٨ - ١١٨ك)، جۆری خوێندنەوەکەی بە ڕاستەوخۆ لە هاوەڵی پایەبەرز (ئەبو دەردا) وەرگرتووە.

٥- لە شاری کوفە: خوێندنەوەکەی عاصمی کوڕی ئەبو نەجوەدی کوفی غازری (١٢٧ك ماڵئاوایی لە دونیا کردووە)، خوێندنەوەکەی لە گەورە شوێنکەوتووان وەرگرتووە.

خوێندنەوەی ناوبراو بە گێڕانەوەی حەفصی کوڕی سولەیمانی کوفییە (١٨٠ك) ئێستا نزیکەی (٩٥٪) جیهانی ئیسلامی بەم جۆرە خوێندنەوەیە قورئانی پیرۆز دەخوێنێتەوە.

٦- بەهەمان شێوە لە شاری کوفە: خوێندنەوەکەی حەمزەی کوڕی حەبیبی زیات (٨٠ - ١٥٦ك)، خوێندنەوەکەی لە شوێنکەوتووە بچوکەکان وەرگرتووە.

**٧- بەهەمان شێوە هەر لە شاری کوفە: خوێندنەوەی عەلی کوڕی حەمزەی کەسائی (١١٩ - ١٨٩ك)، خوێندنەوەکەی لە شوێنکەوتووی شوێنکەوتووان وەرگرتووە.**

**ئەم حەوت خوێنەرانەی قورئان گێڕانەوەکانیان بەوە ناوبانگیان دەرکردووە کە بە ڕێژنەیی (متواتر) لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوون، ئوممەتیش کۆك بووە لەسەر پەسەندکردن و وەرگرتنی جۆرەکانی خوێندنەوەکەیان.**

**لێرەدا سێ خوێنەری تر هەن کە مەرجەکانی ڕێژنەیی (متواتر) لە جۆری خوێندنەوەکانیاندا هاتوونەتەجێ، بەمەش ژمارەی جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان کە ڕێژنەیی (موتەواتر)ن دەبنە دە جۆر خوێندنەوە، ئەم سێ خوێنەرانەش ئەمانەن:**

**١- لە شاری مەدینە: خوێندنەوەی باوکی جەعفەری یەزیدی کوڕی قەعقاع (١٣٠ك کۆچی دوایی کردووە)، خوێندنەوەکەی لە عەبدوڵای کوڕی عەبباس و ئەبو هوڕەیرە و هاوەڵانی تریش** (ڕەزای خوای لێبێت) **وەرگرتووە.**

**٢- لەشاری بەصرە: خوێندنەوەکەی یەعقوبی کوڕی ئیسحاق (١١٧ - ٢٠٥ك)، خوێندنەوەکەی لە شوێنکەوتووان وەرگرتووە.**

**٣- لە شاری بەغداد: خوێندنەوەی خەلەفی کوڕی هیشامی بەزازی بەغدادی (١٥٠ - ٢٢٩ك)، جۆری خوێندنەوەکەی لە شوێنکەوتووی شوێنکەوتووان وەرگرتووە.**

**لێرەدا ژمارەیەکی گەلێك زۆر لە جۆری خوێندنەوە ڕیزپەڕەکان (القراءات الشاذة) هەن کە هەر سێ مەرجەکانی پەسەندکردنی جۆری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزیان تێدا نایەتەجێ، تەنها چوار لەو جۆرانەی خوێندنەوە ڕێکخراون کە ئەمانەن:**

١- خوێندنەوەکەی حەسەنی بەصرِی (١١٠ك کۆچی دوایی کردووە).

٢- خوێندنەوەکەی ئیبن موحەیصن (١٢٣ك کۆچی دوایی کردووە).

٣- خوێندنەوەکەی یەحیای یەزیدی (٢٠٢ك کۆچی دوایی کردووە).

٤- خوێندنەوەکەی باوکی فەرەجی شەنبوزی (٣٨٨ك کۆچی دوایی کردووە).

پێشەواکان جۆرە خوێندنەوە ڕاست و دروستەکانی قورئانیان لە وڵاتی خۆیان و دەوروبەردا بڵاو کردەوە، خەڵکیش نارِحەتیان بەدی نەکرد لەوەی کە لە جۆرە خوێندنەوەیەك بچنە سەر جۆرە خوێندنەوەیەکی دیکە، مادەم هەر دوو جۆری خوێندنەوەکە ڕاست و دروست بن و ڕیزپەڕ نەبن.

# بەشــی هەشـــتــەم

# حەوت پــیتــەكـــان (الأحرف السبعة)

لێكۆڵینەوە لە بابەتی حەوت پیتەکان، وەك چۆن زانای بلیمەت زەرقانی وەسفی دەکات: ((بابەتێکی خۆش و بەلەززەتە، بەڵام مەترسیدارو دڕکاویە))[1]. نزیکەی چل ڕاو بۆچوون لەوبارەوە وتراون، زۆربەشیان لەگەڵ فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەر ناگونجێن.

لەم بەشەدا هەڵوەستە لەسەر کۆمەڵە خاڵێك دەکەین کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: بەڵگەکانی دابەزینی قورئان لەسەر حەوت پیت.

دووەم: مەبەست لە حەوت پیتەکان.

سێیەم: حەوت پیتەکان و جۆرەکانی خوێندنەوە.

چوارەم: سوودەکانی فرە پیتی.

## یەکەم: بەڵگەکانی دابەزینی قورئان لەسەر حەوت پیت[2]:

باسی حەوت پیتەکان کراوە لە زۆر فەرموودەی پێغەمبەردا، هەندێك لەو فەرموودانە دەخەینەڕوو:

١- ئەبو یەعلا لە (المسند الكبير)دا گێڕاویەتیەوە کە ڕۆژێکیان عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) لەسەر مینبەر وتی: لە پێناو خوا پێتان دەڵێم ئەوەی

---

(١) بڕوانە: مناهل العرفان.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە: ١/١٣٢.

گوێبیستی پێغەمبەر ﷺ بووە کە فەرمووبێتی ((قورئان لەسەر حەوت پیت دابەزیوەو هەموویان تەواو و تێرو تەسەلن)) ئەوا با هەستێتەوە، جا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك هەڵسانەوەو گەواهیاندا کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((قورئان لەسەر حەوت پیت دابەزیوەو هەموویان تەواو و تێرو تەسەلن)) ، عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) وتی: (منیش شایەتیان لەگەڵ دەدەم).

٢- بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە: عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) وتی: گوێبیستی هیشامی کوڕی حەکەم بووم کە سوڕەتی (الفرقان)ی دەخوێندەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ هێشتا لە ژیاندا مابوو، منیش گوێم بۆ خوێندنەوەکەی هیشام گرت، دەبینم کە لەسەر چەندین پیت دەیخوێنێتەوەو پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوا فێری منی نەکردبوو، خەریك بوو پەلاماری هیشام بدەم هەر لە ناو نوێژەکەیدا، بەڵام چاوەڕێم کرد تا لە نوێژەکەی بووەوە، بە جلەکەی ئەو یان هی خۆم ڕامکێشا و پێم وت: کێ ئەم سوڕەتەی فێرکردووی؟ وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فێری کردووم. منیش پێم وت: درۆت کرد، بەخوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو سوڕەتەی تۆ دەتخوێندەوە فێری منیشی کردووە، جا کەوتمەڕێ و هیشامم بردە لای پێغەمبەری خوا ﷺ. وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ گوێبیستی هیشام بووم کە سوڕەتی (الفرقان)ی دەخوێند لەسەر چەند پیتێك کە فێری منت نەکردووەو هەر تۆش سوڕەتی (الفرقان)ت پیشانی من داوە. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((ئەی عومەر هیشام بەردە، هیشام بخوێنە))، هیشام بەو جۆرە سوڕەتەکەی خوێندەوە کە پێشتر لێم بیستبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((بەو جۆرە دابەزیوە))، دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((ئەم قورئانە لەسەر حەوت پیت دابەزیوە، کامەتان بەلاوە ئاسان و گونجاوە بیخوێنن)).

٣- تورمزی له ئوبەی کوڕی کەعبەوە گێڕاویەتیەوە کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ لای بەردەکانی (مەڕوە) بە جبریل (سلاوی خوای لێبێت) گەیشت، پێغەمبەری خوا ﷺ بە جبریلی (سلاوی خوای لێبێت) فەرموو: ((من بۆ ئوممەتێکی نەخوێندەوار ڕەوانەکراوم، پیرەمێرد و پیرەژنی بە ساڵاچوو و گەنجیشی تێدایە)) جبریل (سلاوی خوای لێبێت) فەرمووی: ((فەرمانیان پێبکە کە قورئان لەسەر حەوت پیت بخوێننەوە)) تورمزی وتویەتی ئەم فەرموودەیە باش و ڕاست (حسن صحیح)ە.

## دووەم: مەبەست لە حەوت پیتەکان:

پێشتر ئەوەمان خستەڕوو کە ڕاجیایی زۆر هەیە لەسەر حەوت پیتەکان، بەڵام بە ویستی خوا لەگەڵ خوێنەر دەگەین بە پەسەندکردنی بۆچوونێك لەم بارەوە، ئەمەش لە میانەی بەرتەسکردنەوەی بازنەی ڕاجیایی لە ڕێی ئەو سێ هەنگاوە کە بەرەو ئامانجمان دەبات.

### هەنـگاوی یـەکــەم:

لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر لە ڕاو بۆچوونەکان، کە گەیشتووەتە نزیکەی چل بۆچوون، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین ئەو بۆچوونە پەسەند بکەین، کە پێی وایە جیاوازی جۆرەکانی خوێندنەوە، لە جیاوازی شێوەزارەکانی نێوان هۆزە عەرەبەکانەوە سەریهەڵداوە، بۆچوونەکانی دیکەش فەرامۆش بکەین، ئەمەش بە پشت بەستن بەو فەرموودانەی کە خستمانەڕوو، کە جگە لەو بۆچوونەی پەسەندمان کردووە هیچ واتایەکی تر هەڵناگرێت، بە تایبەت لە فەرموودەی دووەم و سێیەمدا، جا عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە فەرموودەی دووەمدا دەڵێت: ((لەسەر چەندین پیتی زۆر، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فێری منی

نەکردبوو))، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) گوێبیستی جیاوازی جۆری خوێندنەوە ببوو، لە فەرموودەی سێیەمدا پێغەمبەری خوا ﷺ پاساو بۆ ئوممەتەکەی دێنێتەوە، بەوەی بەساڵاچوو و پیرەمێردو پیرەژن و تەمەن بچوکیشی تێدایە، کە زمانی هەر یەکێکیان لەسەر شێوەزارێك ڕاهاتووە، سەختە بۆی ئەو شێوەزارە بگۆڕێت.

جا ئەم فەرموودانە لەگەڵ ئەو بۆچوونانە ناگونجێن کە پێیان وایە حەوت پیتەکان بریتین لە حەوت جۆر ڕووی دەق وەك: گشتی (عام) تایبەتی (خاص) و ڕەها (مطلق) بەنددار (مقید)... تاد، چونکە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە بیستن و زمانەوە نییە.

بەهەمان شێوە ئەو بەڵگانە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەش ناگونجێن کە پێیان وایە حەوت پیتەکان بریتین لە حەوت جۆرەکانی خوێندنەوە، چونکە لەوانەیە یەك جۆری خوێندنەوە کۆمەڵێك شێوەزاری عەرەبەکان لە خۆی بگرێت، جا داتاشراوەکە هەر دەمێنێت.

### هەنـگـاوی دووەم:

ئێستا ئەو بۆچوونانەمان لەبەردەمدایە کە دەڵێن: جیاوازیەکە لە شێوەزارو ئاخاوتنەکانی عەرەبەوە سەریهەڵداوە.

بەڵام هەندێك لەو بۆچوونانە حەوت پیتەکان دەکەنە حەوت ڕووی خوێندنەوە هەر ڕوویێکی خوێندنەوە بە شێوەزاری تیرەیەك دادەنێن. هەندێکی تریان حەوت پیتەکان دەکەنە حەوت ڕووی خوێندنەوە، بەپێی جیاوازی نێوان ئەو شێوەزارانە، جا جیاواز دەربڕینی وشە لە یەك لەو حەوت

ڕووانەی دەربڕین دەرناچێت، واسیتی لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە (القراءات العشر) ئەوەی هێناوە کە چل شێوەزاری عەرەبی لە قورئانی پیرۆزدا هەیە[1].

ئەگەر سەیری ئاڕاستەی یەکەم بکەین، دەبینین لە قورئانی پیرۆزدا هەندێك دەربڕین هەن سەختە کورتبکرێنەوە لە شێوەزارەکانی حەوت تیرەی عەرەب، زماناسان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو فرە شێوەزارانەی قورئان بەکاری هێناوە، لە شێوەزارەکانی حەوت تیرە زیاترە، بۆ نموونە وشەی: ﴿سَٰمِدُونَ﴾ النجم: ٦١. شێوەزاری (حمیریە)، وشەی: ﴿لَا يَلِتۡكُم﴾ الحجرات: ١٤. لە شێوەزاری هۆزی (عبس)ە، وشەی: ﴿فَبَآءُو﴾ البقرة: ٩٠. لەسەر شێوەزاری (جورهوم)ە، وشەی: ﴿فَلَا رَفَثَ﴾ البقرة: ١٩٧. لەسەر شێوەزاری (مذحج)ە.

بۆیە تەنها ئەوەمان لەبەردەمدا دەمێنێتەوە کە ئاڕاستەی دووەم پەسەند بکەین کە دەڵێت: جیاوازی نێوان شێوەزارەکانی عەرەبی کە قورئانی پێدابەزیوە، لەوە تێناپەڕێت کە یەکێك لەو حەوت ڕووانەی جیاوازی شێوەزارەکان بێت، کە حەوت پیتەکان پێکدێنن[2].

**هەنگاوی سێیەم:**

پاش ئەوەی ئەو بۆچوونەمان پەسەندکرد کە زانا بلیمەت و پایەبەرزەکان پەسەندیان کردووە[3]، ئەوەندە ماوە کە ئەم حەوت ڕووانە دیاری بکەین.

---

(1) بڕوانە ئەم شێوەزارانە: جۆری سی و حەوتەم لە کتێبی (الإتقان)ی سیوتی، ئەمەش ناونیشانەکەیەتی: ئەو شێوەزارانەی جگەلە حیجاز لە قورئاندا بەکارهاتوون.

(2) واتە:حەوت پیتەکان هەموو شێوەزارە جیاوازەکانی عەرەبی لە خۆ دەگرێت. (وەرگێڕ).

(3) بڕوانە: مناهل العرفان: ١/١٥١، لەوانە: باوکی فەزڵی ڕازی، ئیبن قوتەیبە، ئیبن جزری، قازی کوڕی تەیب.

لەڕاستیدا کۆمەڵێك لەو زانایانەی ئەم بۆچوونەیان پەسەند کردووە هەوڵیانداوە ڕووی حەوت پیتەکان هەژمار بکەن، جا هەوڵەکانیان کەمێك دەرەنجامی جیاوازی بەدەستەوەدا، چونکە یەکێکیان ڕوویێك بە دوو ڕوو دادەنێت، بەپێچەوانەوە هەیانە دوو ڕووەکە بە یەك ڕوو دادەنێت، ئەمەش وا دەکات پەسەندکردنی یەکێك لەو هەوڵانە سەخت بێت.

لەوانەیە سەرکەوتووترینی هەوڵانە هەوڵەکەی (د. صوبحی صالح) بێت کە لە کتێبەکەیدا "مباحث في علوم القرآن"دا دەڵێت[1]:

دەربڕینی قورئانی هەرچەندە دەربڕینەکەی جیاواز بێت، خوێندنەوەی جۆراوجۆر بێت، ئەوا جیاوازیەکەی لەو حەوت ڕووانەی خوارەوەدا دەرناچێت:

١- جیاوازی لە شێوەکانی شیکردنەوە (إعراب)دا: جا واتاکە بگۆڕێت یان نا، نموونەی ئەوەی کە واتاکەی گۆڕاوە وەك ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ ﴾ البقرة: ٣١. جا بەم شێوەش خوێندراوەتەوە: ﴿ فتَلَقّى آدمَ من ربّه كلماتٌ ﴾.

نموونەی ئەوەی واتاکەی نەگۆڕاوە: ئەم فەرمایشتەی خوای بێ وێنە: ﴿ وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ ﴾ البقرة: ٣١. جا بەم شێوەش خوێندراوەتەوە: ﴿ ولا يضارُّ ﴾، بەپێی جۆری یەکەم: (لا: ڕێگری: نەهیە)، بەپێی جۆری دووەم: (لا: ڕەتکردنەوە: نەفییە).

٢- جیاوازی لە پیتەکاندا: یان بە گۆڕانی واتا بێ گۆڕانی شێوەی نووسین، ئەمەش جیاوازیە لە خاڵەکاندا وەك: (یعلمون، تعلمون)، یاخود بە گۆڕانی شێوەی نووسین و بێ گۆڕانی واتا، وەك: (الصّراط، السّراط).

---

[1]) بڕوانە: مباحث في علوم القرآن، الصالح: ١٠٩.

٣- جیاوازی ناوەکان: بە تاك و جووت و كۆ و نێر و مێینەكردنی، وەك: ئەم فەرمایشتەی خوای بێ وێنە: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِأَمَـٰنَـٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ ﴾ المؤمنون: ٨. جا بەم شێوەش خوێندراوەتەوە: ﴿لأمانتهم﴾ بە تاك.

٤- جیاوازی بە گۆڕینی وشە بە وشە: زۆربەی جار هاوواتای یەكترن، تەنها بەوە جیاوازن لە ڕووی دەربڕینەوە لە هۆزو تیرەیەكەوە بۆ یەكێكی تر، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَطَلۡحٖ مَّنضُودٖ ﴾ الواقعة: ٢٩. بەم شێوەش خوێندراوەتەوە: ﴿طلع﴾.

٥- جیاوازی لە پێشخستن و پاشخستندا: وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَ ﴾ التوبة: ١١. بەم شێوەش خوێندراوەتەوە: ﴿فيُقْتَلون ويَقْتُلون﴾.

٦- جیاوازی بە تۆزێك لە زیاد و كەمی: بەپێی ڕۆیشتن لەسەر داب و نەریتی عەرەبەكان لە لابردنی ئامرازەكانی (جەڕ و عەتف) هەندێك جار و لانەبردنیان لە هەندێكی جاری تردا، ئەم جۆرە جیاوازییە تەنها لە چەند شوێنێكی زۆر دەگمەنی قورئانی پیرۆزدا هەیە، كە ناگاتە دە شوێن.

وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدٗا ﴾ البقرة: ١١٦. بەم شێوەیەش خوێندراوەتەوە: ﴿قالوا اتّخذ الله ولداً﴾ بەبێ پیتی (و).

٧- جیاوازی شێوەزارەكان: لە سەرە (فتحة)، لاركردنەوە (إمالة)، لاوازكردن (الترقيق)، قەڵەوكردن (التفخيم)، هەمزە، سوككردن (تسهيل)، هەروەها (لەژێر: كسرة)داركردنی پیتە ڕانەبردوو (مضارع)ەكان، گۆڕینی هەندێك پیت، تێركردنی (میم)ی كۆی نێرینە، بە لووت دەربڕینی هەندێك جوڵە (إشمام بعض الحركات).

ئەمەش وەك خوێندنەوەی: ﴿موسى﴾ بە لارکردنەوە بەلای (لەژێر: کسر).

خوێندنەوەی: ﴿خبيراً بصيراً﴾ بە باريك و لاوازكردنی پيتی (ر).

خوێندنەوەی: ﴿الصلاة﴾ و ﴿الطلاق﴾ بە قەڵەوكردنی (ل).

ئەمە ڕای دكتۆر صوبحی صاڵحە، پێم وابوو ئەم ڕايە زۆر سەركەوتوو و ڕاست و دروست بوو لە نێو كۆمەڵێك بۆچوون كە هاوبۆچوونی دكتۆر بوون و وەك ئەو ڕووەكانيان هەژمارYان كردبوو، بەڵام لەم هەژماركردنەيان چەند ڕووێكيان فەرامۆش كردبوو.

سەرباری باسكردنی ئەم بۆچوونە ئەوا ئەمە ئەوە ناگەيەنێت كە حەوت ڕووەكان (حەوت پيتەكان) ڕێك ئەوەيە كە دكتۆر صاڵح باسی كردووە، چونكە ئەمە بابەتێكە كۆششی تێدا دەكرێت، بەڵام لەهەمان كاتدا باسی ئەوەش دەكەين كە كورت هەڵهێنان يان دياريكردنی تەنها بەم ڕێگەيە دەبێت.

لە دەرەنجامی ئەوەی پێشتر خرايەڕوو بە پوختی دەڵێين:

حەوت پيتەكان: بريتين لەو حەوت ڕووەی كە خوای گەورە بەهۆيەوە ئاسانكاری بۆ ئوممەت كردووە، كە بە هەر وشە و دەربڕينێكی لەو حەوت ڕووانە خوێنەر قورئان بخوێنێت ئەوا دروستە.

تاكە دەربڕينی قورئانی هەر چەندە دەربڕين و خوێندنەوەكەی جياواز بێت، ئەوا لەم ڕووانە دەرناچێت.

## سێیەم: حەوت پیتەکان و جۆرەکانی خوێندنەوە:

زۆرێك لە خەڵك پێیان وایە کە حەوت پیتەکان بریتین لە حەوت جۆرەکانی خوێندنەوەی قورئان، بەڵام ئەمە لەلای زۆربەی زانایانەوە ڕەتکراوەتەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان حەوت پیتەکان و جۆرەکانی خوێندنەوە، ئەوا دەکرێت بە کورتی پوخت بکرێتەوە لەوەی کە ڕووەکانی ڕاجیایی نێوان جۆرەکانی خوێندنەوە لە ڕووەکانی جیاوازی نێوان حەوت ڕووەکان دەرناچن کە حەوت پیتەکان پێك دێنن.

## چوارەم: سوودەکانی فرە پیتی:

فرە پیتی چەندین سوودی زۆری هەن، هەندێکیان باس دەکەین[1]:

١- ئاسانکاری کردن بۆ ئوممەتی ئیسلامی و بەتایبەتی عەرەب، بە فرە جۆری ڕووەکانی خوێندنەوە، خوێندنەوەی قورئان لەلایەن هەر یەکێك بەوشێوەیەی لەگەڵ شێوەزارەکەی کۆك بێت.

٢- کۆکردنەوەی ئوممەتی موسڵمان لەسەر یەك زمان، کۆکردنەوەی ڕەوانبێژی قوڕەیش و دەربڕینە چاك و بەهێزەکانی تیرەکانی تر.

٣- بەڵگە بوونی لەسەر موعجیزە بوونی قورئان: سەرباری جیاوازی ئەو پیتانە؛ ئەوا هیچ تێکگیرانێکیان تێدا نییە، بەڵکو هەموویان خزمەت بە یەك ئامانج دەکەن، لە بەرزی ڕێنوێنی و فێربوون، هەندێك هەندێکی تر بەڕاست دادەنێت و بەشێك بەشێکی تر ڕوون دەکاتەوە.

---

(1) بڕوانە: مناهل العرفان: ١٣٨/١.

## پێنجەم: چەند خاڵێك كە دەبێت ڕەچاوبكرێن:

١- هەر كەسێك بە هەر یەكێك لە جۆرەكانی خوێندنەوە بخوێنێت ئەوا ڕاستە و لەسەر هەقە.

٢- هەر پیتێك لە جۆرەكانی خوێندنەوە لە فەرمایشتی خوای پایەبەرزە.

٣- نابێت ڕێگری لە هیچ یەكێك بكرێت لە خوێندنەوەی قورئان بە جۆرێك لە جۆرەكانی خوێندنەوە.

٤- نابێت ڕاجیاییمان بكەوێتە ناو بەهۆی جۆرەكانی خوێندنەوە.

٥- حەوت پیتەكان بریتی نین لە حەوت جۆرەكانی خوێندنەوەی قورئان.

# بەشی نۆیەم

## هەڵــــوەشــانــدنــەوە (النسخ)

### گرنگی و پێناسەکەی:

زانستی (الناسخ و المنسوخ) یەکێکە لە گرنگترین زانستەکانی قورئان، زانا شەرعناسەکان تا ئەندازەیەکی زۆر مەزن گرنگیان بەم زانستە داوە، چەندین دانراو و کتێبیان لەو بارەوە داناون.

پێشەوایانی ڕاڤەی قورئان وتویانە: ((هیچ کەسێك بۆی نییە ڕاڤەی کتێبی خوا بکات تا "ناسخ و مەنسوخ"ی قورئان شارەزا نەبێت، عەلی کوڕی ئەبو تالیب بە "قاص"ی وت: دەزانیت "ناسخ و مەنسوخ" چییە؟ وتی: خوا زاناترە. عەلی وتی: تیاچوویت و خەڵکیشت تیابرد)).

زانایان چەندین پێناسەیان بۆ (نەسخ) کردووە، کۆکەرەوەترین و پوخت و کورتترینیان ئەو پێناسەیەیە کە ئیبن حاجب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) هەڵیبژاردووەو وتویەتی:

((هەڵوەشاندنەوەی حوکمێکی شەرعی بە بەڵگەیەکی شەرعی دواتر))[1].

واتای ئەوەیە کە ئەم حوکمە شەرعییە بۆ ماوەیەك پێویست دەبێت و کاری پێ دەکرێت، پاشان بە بەڵگەیەکی دواتر لەلایەن خوای یاسادانەرەوە کارپێکردنی هەڵدەوەشێنرێتەوە.

---

1) بڕوانە: البرهان: ٢/٢٩، الإتقان: ٣/٥٩، روائع البيان للصابوني: ١/٩٢.

**جۆرەکانی (نەسخ) لە ڕووی (هەڵوەشێنەرەوە: ناسخ) و (هەڵوەشاوەوە: منسوخ)ەوە:**

نەسخ چوار جۆری هەیە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختی دەکەینەوە:

١- **هەڵوەشاندنەوە (نەسخ)ی قورئان بە قورئان:** زۆربەی زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی نەسخی قورئان بە قورئان سێ جۆری هەیە[1]:

أ- هەڵوەشاندنەوەی خوێندنەوەو حوکم بەیەکەوە.

ب- هەڵوەشاندنەوەی خوێندنەوە لەگەڵ مانەوەی حوکمەکە.

پ- هەڵوەشاندنەوەی حوکم و مانەوەی خوێندنەوە.

سەبارەت بە جۆری یەکەم: دروست نییە لە نوێژدا بخوێنرێت، خوێندنەوەکەی بە خواپەرستی دانانرێت، دروست نییە کاری پێبکرێت، نموونەی ئەو جۆرە ئەوەیە کە لە عائیشەوە گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: ((ئەمەش وەك بەشێك لە قورئان دابەزی بوو "دە جار شیرپێدانی ئاشکراو ڕوون مایەی قەدەغە بوونە" کەچی هەڵوەشایەوە بە پێنج جار شیر پێدانی ئاشکراو دیار)).

سەبارەت بە جۆری دووەم: لە نوێژدا ناخوێنرێت، خوێندنەوەکەی بە خواپەرستی دانانرێت، کاری پێدەکرێت ئەگەر ئوممەت حوکمەکەی قبوڵ کرد، نموونەی ئەمەش وەك ئەوەی لە سەروەرمان عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە، کە ئەمەش وەك بەشێك لە سوڕەتی (النور) دابەزیوە: (پیاوو ئافرەتی بەساڵاچوو ئەگەر زینایان کرد، ئەوا بێ چەندو چوون بەرد بارانیان بکەن، ئەمەش تۆڵەیەکە لەلایەن خواوە، خوا باڵادەست و دانایە).

ئەم دوو جۆرە زۆر کەمن لە قورئانی پیرۆزدا.

---

(1) بڕوانە: مناهل العرفان: ٢/١٠، التبيان: ١/١٠٤، الإتقان: ٣/٩٢، أصول الفقه: ٢/٩٨٠.

سەبارەت بە جۆری سێیەم: کە لە هەموو جۆرەکان زیاترە، سەرنج و هەوڵی زانایانی پێیەوە سەرقاڵ بووە، خوێندنەوەی ئایەتەکانی ئەم جۆرە لە نوێژدا دروستە، خوێندنەوەشی بە پەرستش دادەنرێت، پەرستشێك کە بەندە پێی لە خوا نزیك دەبێتەوە، پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، بەڵام حوکمە هەڵوەشێنراوەکە کاری پێناکرێت و جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو کار بەو حوکمە دەکرێت کە ئەوی هەڵوەشاندۆتەوەو لە دوای ئەو دابەزیوە. نموونە لەسەر ئەمە ئایەتەکانی حەڕامکردنی مەییە، کە پێشتر بەیەکەوە باسمان کرد لە کاتی قسەکردن لەسەر حیکمەتی دابەزینی قورئانی پیرۆز بە بەش بەش.

نموونەیەکی دیکە: ئەم فەرمایشتەی خوای بێ وێنە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ۝١ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا﴾ المزمل: ١ - ٢. واتە: (ئەی ئەو کەسەی خۆت داپۆشیوە - ئەی موحەممەد ﷺ-. شەو هەستە نوێژ بکە، مەگەر کەمێکی نەبێت). بەم فەرمایشتەی خوای مەزن هەڵوەشاوەتەوە: ﴿عَلِمَ أَن لَّن تُحۡصُوهُ فَتَابَ عَلَيۡكُمۡۖ فَٱقۡرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِ﴾ المزمل: ٢٠. واتە: (خوا زانیویەتی کە ئێوە هەرگیز نازانن دیاری بکەن و ئاماری بکەن ئەگەر ئەو نەیکردبا، لەبەر ئەوە تۆبەی لێوەرگرتن، جا چەندەتان توانی و چۆنتان بۆ لوا لە شەونوێژ و لە کاتی دیکەدا قورئان بخوێنن و دەوری بکەنەوە).

٢- **هەڵوەشاندنەوە (نەسخ)ی سوننەت بە سوننەت:** نموونەش ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ: ((پێشتر سەردان کردنی گۆڕستانم لێ قەدەغەکردبوون، بەڵام ئێستا سەردانی بکەن))[1].

---

(1) موسلیم و ئەحمەد گێڕاویانەتەوە.

٣- **هەڵوەشاندنەوە (نەسخ)ی سوننەت بە قورئانی پیرۆز:** نموونە لەسەر ئەمە ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ﴾ البقرة: ١٤٤. واتە: (دە ڕووت وەربچەرخێنە بەرەو لای کەعبە و ئێوەش ئەی موسڵمانان لە هەر کوێ بوون، بەرەو لای ئەوێ ڕووتان وەربچەرخێنن). ئەوەی هەڵوەشاندەوە کە بە سوننەت چەسپێنرا بوو، ئەویش بریتی بوو لە ڕووکردنە بەیتولەقدیس.

٤- **هەڵوەشاندنەوە (نەسخ)ی قورئان بە سوننەت:** نموونەی ئەمەش ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرە ﷺ: ((میراتگر وەسیەتی بۆ ناکرێت))[1]، ئەم فەرموودەیە هەڵوەشێنەرەوەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنە: ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ بِٱلْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴾ البقرة: ١٨٠. واتە: (پێویستکراوە لەسەرتان کاتێك یەکێکتان مەرگی نزیك بووەوەو سامان و دارایيەکی بەجێ هێشت، با وەسیەت بکات کە هەندێکی بدرێت بە دایك و باوکی و خزمانی بەشێوەیەکی جوان و لەبار، ئەمە پێویست و ئەرکە لەسەر خواناس و پارێزکاران).

## جۆرەکانی هەڵوەشاندنەوە (نەسخ) لە ڕووی جێگرەوە:

بینیمان کە هەڵوەشاندنەوە (نەسخ): هەڵوەشاندنەوەی حوکمێکی شەرعییە و هاتنی حوکمێکی دیکە وەك جێگرەوەی.

لە کاتی تەماشاکردنی ئەم جێگرەوەیە، ئەوا دەتوانین هەڵوەشاندنەوە (نەسخ) بۆ سێ بەش دابەش بکەین:

---

[1] ئەبو داود گێڕاویيانەتەوە.

١- هەڵوەشاندنەوە (نەسخ)ی حوکمێك بۆ جێگرەوەیەكی سوكتر: واتە حوكمە جێگرەوەكە سوكترە و جێبەجێكردنی لەسەر دەروون ئاسانترە.

نموونەشی: هەڵوەشاندنەوەی حوكمی حەرام بوونی خواردن و خواردنەوەو جووت بوون لە شەوی ڕەمەزان لە دوای خەوتن بە ڕێپێدان و حەڵاڵ كردنی تا بەرەبەیان.

جا كاتی ڕۆژوو لە دوای خەوتن لە شەودا دەستی پێدەكرد، ئەگەر كەسێك لە دوای نوێژی شێوان خەوتبا، ئەوا بۆی نەبوو ڕۆژوو بشكێنێت تا بەربانگی ڕۆژی دواتر، جا ئەم حوكمە هەڵوەشایەوە بەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشۡرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِ ﴾ البقرة: ١٨٧. واتە: (بخۆن و بخۆنەوە تا بە ڕوونی بەرەبەیانتان بۆ دەردەكەوێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە دیاردەدات و تاریكی شەو لادەبات).

٢- هەڵوەشاندنەوە (نەسخ)ی حوكمێك بۆ جێگرەوەیەكی یەكسان: نموونەی ئەمەش: هەڵوەشاندنەوەی ڕووكردنە بەیتولەقدیس لە نوێژدا بە ڕووكردنە كەعبەی پیرۆز، بەپێی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ قَدۡ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجۡهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبۡلَةٗ تَرۡضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمۡ شَطۡرَهُۥ ﴾ البقرة: ١٤٤. واتە: (- ئەی پێغەمبەر ﷺ - بەڕاستی چاوگێڕان و هەڵسوڕانی ڕووخسارت ڕوو بە ئاسمان دەبینین، سوێند بەخوا ئێمەیش ڕووت وەردەچەرخێنین بۆ ڕووگەیەك كە پێی ڕازی بیت، دە ڕووت وەربچەرخێنە بەرەو لای كەعبە و ئێوەش ئەی موسڵمانان لە هەر كوێ بوون، بەرەو لای ئەوێ ڕووتان وەربچەرخێنن).

٣- هەڵوەشاندنەوە (نەسخ)ی حوکمێك بۆ جێگرەوەیەکی گرانتر نموونەی ئەمەش: هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ڕێپێدراوی مەیی بە حەڕام کردنی، ئەمەش بەپێی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ المائدة: ٩٠. واتە: (ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و قومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵك بە پیرۆزی داناوە نەك ئیسلام، بورج و حەڕام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەر پیسن و لە کارو کردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دووربگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازی و بەختەوەری بەدەست بهێنن).

## حیکمەت لە بوونی هەڵوەشاندنەوە ( نەسخ ):

دەکرێ لە سایەی ئەو دابەشکرانەی پێشوومان، حیکمەت لە بوونی هەڵوەشاندنەوە (نەسخ) بەدی بکەین، چونکە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی هەڵوەشاندنەوە حیکمەتێکی تایبەتی هەیە، جیاواز لە حیکمەتی جۆرەکەی دیکە، ئەمەش حیکمەتەکانە:

١- لە هەڵوەشاندنەوەی حوکمێکی سووك بۆ حوکمێکی گرانتر یان توندتر: ئەوا حیکمەتی پلەبەندی لە دانانی یاسا و حوکمەکاندا بەدەردەکەوێت، بەوەی بە یەك بازدان (قۆناغ) خەڵکی نەگوازراونەتەوە لەسەر ئەوەی لە نەفامێتیدا لەسەری بوون بۆ سەر ئەوەی کە ئیسلام هێناویەتی، بەڵکو ئەمە لە میانەی چەندین هەنگاودا ئەنجامدراوە.

٢- لە هەڵوەشاندنەوەی حوکمێکی گران بۆ سوك: حیکمەت لەمە بریتییە لە دەرخستنی بەخشش و چاکەی خوا بەسەر بەندەکانیەوە، بەوەی ئەو

ئەركی سەرشانی بەندەكانی سوك كردووە، لەوەی كە زیان بە بەرژەوەندییە دوورەكانی بەندەكان ناگەیەنێت.

٣- لە هەڵوەشاندنەوەی حوكمێك بۆ حوكمێكی یەكسان: حیكمەتی خوا دەردەكەوێت لە تاقیكردنەوەی بەندەكانی، لێرەدا ئەندازەی ملكەچی بەندەكان دەردەكەوێت بۆ فەرمانی خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ، جا فەرمانە خواییەكە هەر جۆرێك بێت.

حیكمەتێكی تریش بەتایبەتی بۆ ئەمە زیاد دەكرێت، بۆ نموونە: گۆڕینی ڕووگە گەورەیی و پلەوپایەی كەعبەی پیرۆز بەسەر مزگەوتی ئەقصادا دەردەخات و جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە موسڵمانان شوێنكەوتووی باوكی پێغەمبەران ئیبراهیمن (سڵاوی خوای لێبێت).

## بەشی دەیەم

# یەك واتـــا و فـــرەواتـــا (المحكم والمتشابه)

## پێناسەیان

**یەك واتا (المحكم) لە ڕووی زمانەوانیەوە**[1]: لە (إحكام)ەوە هاتووە کە بریتییە لەوپەڕی ڕێك و پێکی، دەوترێت (البناء المحكم) واتە: ئەو کۆشك و تەلارەی زۆر بە ڕێك و پێکی دروست کراوەو کەم و کورتی و کرچ و کاڵی تێدا نییە.

**فرەواتا (المتشابە) لە ڕووی زمانەوانیەوە:** لە (الشبە)ەوە هاتووە: کە بریتییە لە وێکچوون لە نێوان دوو شت یان شتەکان، جا لەبەر ئەوەی وێکچونی شتەکان سەر دەکێشێت بۆ دروست بوونی گومان و سەرگەردانی، ئەوا وشەی (المتشابە) بۆ هەموو ئەو شتانە بەکارهات کە ناڕۆشن و وردن.

❑ سەرجەم قورئانی پیرۆز بە ڕێك و پێکی و تۆکمەیی وەسفکراوە، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾ هود: ١. واتە: (ئەمە کتێب و پەیامێکە کە ئایەت و یاساکانی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پێکەوە پەیوەستکراون و جۆشدراون، پاشان درێژەیان پێدراوەو ڕوون کراونەتەوە لەلایەن زاتێکەوە کە داناو بە ئاگا و لێزانە).

---

[1] بڕوانە: مناهل العرفان: ٢/١٦٦.

❑ قورئانی پیرۆز ستایشکراوە بەوەی فرەواتا و وێکچووە: وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا ﴾ الزمر: ٢٣. واتە: (خوای پایەبەرز جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە کە ئەم قورئانەیە، "لە جوانی داڕشتنیدا" بابەتەکانی لەیەك دەچن).

جا ئەم وەسفکردنەی قورئانی پیرۆز بە تۆکمە بوون و وێکچوون لەم ئایەتانەدا، ئەوا بەلایەنی واتا زمانەوانیەکە لێکدەدرێتەوە، قورئان هەمووی تۆکمەیە بەوەی ڕێك و پێك و ڕەسەن و بێ کەم و کورتی و بەهێزە، هیچ کەم و کورتیەکی تێدا نییە لە ڕووی دەربڕین و زمانەوانیەوە.

لە هەمان کاتدا هەمووی وێکچووە، چونکە لە ڕووی تۆکمەیی و جوانی داڕشتن و گەیشتنی بە ئاستی موعجیزە بوون لە دەربڕین و واتاکەیدا بەشەکانی قورئان بەیەکتر دەچن، تەنانەت تۆ ناتوانیت جیاوازی بکەیت لە نێوان وشە و ئایەتەکانی لە ڕووی جوانی و موعجیزەداری[1] لەم ئایەتە پیرۆزەدا: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعۡلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٞ مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَۚ وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَۚ عَلِمَ أَن لَّن تُحۡصُوهُ فَتَابَ عَلَيۡكُمۡۖ فَٱقۡرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِۚ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرۡضَىٰ وَءَاخَرُونَ يَضۡرِبُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَبۡتَغُونَ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَءَاخَرُونَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ فَٱقۡرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنۡهُۚ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَقۡرِضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗاۚ وَمَا تُقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُم مِّنۡ خَيۡرٖ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيۡرٗا وَأَعۡظَمَ أَجۡرٗاۚ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمُۢ ﴾ المزمل: ٢٠. واتە: (بەڕاستی ئەو پەروەردگارەت چاك دەزانێت کە تۆ نزیکەی دوو بەشی شەو یاخود نیوەی یان سێیەکی هەڵدەستیت و

---

[1] بڕوانە: مناهل العرفان: ٢/١٦٧.

شەونوێژ دەکەیت، هەروەها هەندێك لەوانەی کە لەگەڵتان، خوا ئەندازەی شەوو ڕۆژ دیاری دەکات، خوا زانیویەتی ئێوە هەرگیز نازانن دیاری بکەن و ئاماری بکەن ئەگەر ئەو نەیکردایە، لەبەر ئەوە تۆبەی لێوەرگرتن، جا چەندەتان توانی و چۆنتان بۆ لوا لە شەونوێژو لە کاتی تردا قورئان بخوێنن و دەوری بکەنەوە، چونکە ئەو خوایە میهرەبانە و دەزانێت، لەوانەیە کەسانێکتان لێ نەخۆش بکەوێت و کەسانی تریش ببن لە زەویدا بگەڕێن بە شوێن بازرگانی و فەزڵی خوادا و کەسانی تر لە داهاتوودا بجەنگن بۆ لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێی دینی خواو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو، کەواتە بە چاکی چەندەتان بۆ کرا ئەوەندە قورئان بخوێنن و نوێژەکانتان بە چاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بدەن و قەرز بەشێوەیەکی جوان بە خوا بدەن، هەر دەستپێشخەریەکی چاکە بکەن بۆ خۆتان سبەی دەیبیننەوەو لای خوا دەستتان دەکەوێتەوە بە باشترو پاداشتی گەورەتر، دە داوای لێخۆش بوون هەر لە خوا بکەن و دڵنیابن ئەو خوایە لێخۆشبوو میهرەبانە).

**لە زاراوەدا:** ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، هەندێکیان یەك واتا و هەندێکی تریشیان فرەواتان، ئەمەش لەم فەرمایشتەی پەروەردگاردا هاتووە: ﴿ هُوَ ٱلَّذِیٓ أَنزَلَ عَلَیۡكَ ٱلۡكِتَـٰبَ مِنۡهُ ءَایَـٰتࣱ مُّحۡكَمَـٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَـٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَـٰبِهَـٰتࣱۖ فَأَمَّا ٱلَّذِینَ فِی قُلُوبِهِمۡ زَیۡغࣱ فَیَتَّبِعُونَ مَا تَشَـٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَاۤءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَاۤءَ تَأۡوِیلِهِۦۖ وَمَا یَعۡلَمُ تَأۡوِیلَهُۥۤ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّ ٰسِخُونَ فِی ٱلۡعِلۡمِ یَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلࣱّ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا یَذَّكَّرُ إِلَّاۤ أُو۟لُوا۟ ٱلۡأَلۡبَـٰبِ ﴾ آل عمران: ٧. واتە: (ئەو خوایە زاتێکە کە قورئانی بۆ سەر تۆ - ئەی موحەممەد ﷺ - ناردە خوارەوە، بەشێك لە ئایەتەکانی دامەزراو و پایەدارو ڕوون و ئاشکران، ئەوانە بنچینە و بناغەی قورئانەکەن و هەندێکی تریشی واتای جۆراو جۆر هەڵدەگرن و بە ئاسانی نازانرێن، جا ئەوانەی کە لە دڵیاندا لاری

و لادان هەیە، حەز لە حەق و ڕاستی ناکەن، ئەوانە شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەون کە مانای جۆراو جۆرو فراوانیان هەیە، بۆ ئەوەی فیتنە و ئاشوب و ناکۆکی و دووبەرەکی دروست بکەن، یان بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵەی بۆ هەڵبەستن، لە حاڵێکدا کە لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە هەر خوا خۆی بە تەواوی دەیزانێت، جا ئەو کەسانەی کە لە زانستدا ڕۆچوون دەڵێن: ئێمە باوەڕی دامەزراومان بەهەر هەموو - ئەو ئایەتانە - هەیە کە لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە و فەرمایشی ئەوە، - لە ڕاستیدا - بێجگە لە خاوەن بیرو ژیرەکان یادەوەری وەرناگرن و بیرناکەنەوە).

بەم پێیە، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دابەش دەبن بۆ ئایەتی فرەواتا و یەك واتا.

**یەك واتا (محکم):** ئەوەیە کە واتاکەی ڕوون و ئاشکرا هەبێت، هیچ کێشە و چەند و چوون هەڵنەگرێت. نموونەش ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەیە: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ الإخلاص: ١. واتە: (- ئەی موحەممەد ﷺ، ئەی ئیماندار - بڵێ: ئەو خوایەی کە ناوی - ﷲ - یە خوایەکی تاك و تەنهایە).

**فرەواتا (المتشابه):** ئەوەیە کە کەمێك مەبەستی واتاکەی ناڕوونە، پێویستی بە هەوڵ و تەقەلاو کۆششە بۆ گەیشتن بە واتاکەی.

## جۆری فرەواتاکان:

دەکرێ فرەواتاکان بۆ سێ جۆر دابەش بکەین:

١- جۆرێکیان مرۆڤ ناتوانێت بیزانێت، ئەم جۆرەیان لە زانستی پەنهان و نادیارە کە تەنها خوای مەزن زانایە پێی، وەك ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْأَرْحَامِ ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ

مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ﴾ لقمان: ٣٤.

واته: (بەڕاستی هەر خوا خۆی زانیاری بەرپابوونی ڕۆژی قیامەت دەزانێت، بارانیش هەر ئەو دەیبارێنێت، دەزانێت چی لە سکی دایکیاندایە، هیچ کەس نازانێت سبەی چی بەسەر دێت و چی بەدەست دەکەوێت، هیچ کەسیش نازانێت لەسەر چ زەویەك دەمرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت، بەڕاستی خوا بەهەموو شتێك ئاگادارە).

٢- جۆرێکی تر ئەوەیە کە هەر مرۆڤێك دەتوانێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بیزانێت، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾ البقرة: ١١٠. ئەم ئایەتە واتای نوێژ بەدەستەوە نادات، بەڵام ئەوەی بەدواداچوون بۆ فەرموودە پیرۆزەکان بکات ئەوا واتای نوێژ و وردەکاریەکان لەو فەرموودانە تێدەگات.

٣- ئەو شتانەی کە تەنها زانا تایبەتەکان (ئەوانەی لە زانستدا ڕۆچوون) دەیزانن نەك خەڵکی تر: وەك ئەو واتایانەی زانایان و کۆششکاران هەڵیدەهێنجن، جگە لە زانایان کەسانی دیکە ناتوانن واتای لەو جۆرە هەڵبهێنجن.

وەك ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿ إِنَّا عَرَضۡنَا ٱلۡأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡجِبَالِ فَأَبَيۡنَ أَن يَحۡمِلۡنَهَا وَأَشۡفَقۡنَ مِنۡهَا وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا ﴾ الأحزاب: ٧٢. واتە: (بێگومان ئێمە ئەم ئەمانەتەمان نیشانی ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکاندا، بەڵام هەمووان دەستیان پێوەنا و ترسان لێی، کەچی ئادەمیزاد هەڵی گرت و گرتیە ئەستۆی خۆی، بەڕاستی زۆر ستەمکارو نەفام بوو).

ئەم ئایەتە پیرۆزە مرۆڤ بە ستەمكارو نەفام دادەنێت بەهۆی لە ئەستۆگرتنی ئەمانەت و سپاردە، دواتر بانگەوازە بۆ هەڵاتن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیەكان لە ترسی گران و قورسیان و لەبەر ئەوەی هەڵگرتنی سپاردە ستەم و نەفامییە.

لە كاتێكدا زانا كۆششكار (مجتهد)ەكان ڕێنوێنیمان دەكەن بۆ ئەوەی كە مەبەستی ئایەتەكە ئەوەیە كە ئەو مرۆڤە ستەمكارو نەفامە كە سپاردە و بەرپرسیارێتی هەڵگرتووەو مافی وەك پێویست نەداوە، بەڵكو كەمتەرخەمی تێداكردووەو فەرامۆشی كردووە.

ئەم ستەم و نەفامییە لەسەر ئەو مرۆڤە باوەڕدارە جێبەجێ نابێت، كە سپاردە و بەرپرسیارێتیەكەی وەك پێویست هەڵگرتووەو مافی پێداوە، وەك: چۆن مایەی ڕەزامەندی خوایە، جا خوا ئەمانەی ڕێزدار كردووە، ئەوە بەسە كە بزانیت كە پێغەمبەرانی خوا لە هەموو خەڵك زیاتر بەرپرسیارێتیان هەڵگرتووە.

# بەشی یازدەم

# شێـوازی قــورئــانی پیـرۆز

قورئانی پیرۆز جیاکراوەتەوەو تایبەتمەندە بە شێوەیەکی زۆر جوانی سەرنجڕاکێشی موعجیزەدار لە شێوەی فەرمایشتەکەیدا، هەر یەکێك گوێی بۆ بگرێت ناتوانێت هیچ بکات تەنها ئەوە نەبێت کە ملکەچی ئەوە بێت کە ئەم وتەیە بەرزترە لە ئاستی مرۆڤ. **لێرەدا بەکورتی باسی هەندێك لەو تایبەتمەندیانە دەکەین کە شێوازی قورئانی پیرۆزی پێ جیا دەکرێتەوە**[1]:

### ١ - دەربڕینە سەرنجڕاکێشەکەی:

کە خۆی دەبینێتەوە لە سیستەمە دەنگیەکەی و جوانی زمانەوانیەکەی.

**أ- سیستەمە دەنگیەکەی:** مەبەستمان لەمە زەنین و ئاوازە جوانەکەیەتی، کە گوێچکە لە کاتی بیستنی قورئانی پیرۆز هەستی پێدەکات، بەبێ ڕەچاوکردنی واتای وشەکانی، ئەمەش وەك ئەوەی کە قورئان لە دوورەوە دەبیستێت و لە وشەکانی ناگات، ئەم زەنین و ئاوازە گەیشتۆتە ئاستێك لە جوانی و قەشەنگی کە سەرنجی بیرمەند و هۆشمەندە عەرەبەکانی ڕاکێشاوە، لە کاتێکدا عەرەبەکان سوارچاکی گۆڕەپان و مەیدانی ڕەوانبێژین.

**ب- جوانیە زمانەوانیەکەی:** مەبەست لەمە شێوازی قورئانە لە چۆنیەتی ڕێکخستنی پیتەکانی، جا پیتێکی بە مینگە و ئەوەی تر قەڵەو، یەکێکی تر

---

[1] ئەم تایبەتمەندیانە بە پوختی و تۆزێك دەستکاریەوە لە کتێبی (مناهل العرفان في علوم القرآن: ٢/ ٢٠٥) وەرگیراون.

لاواز، یەکێکی تریان درێژ دەکرێتەوە.. تاد. هەروەها توانای قورئان لەسەر دەربڕینی ئەو واتایەی کە مەبەستیەتی، بە هەڵبژاردنی پیتی گونجاو، جا چەند نموونەیەك لەسەر ئەمە وەردەگرین لە کتێبی (مباحث في علوم القرآن)ی صوبحی صالح، دوای تەواو بوون لە باسکردنی تایبەتمەندییەکان.

### ٢- ڕازی کردنی خەڵکی تایبەت و گشتی لە یەك کاتدا:

جا هەر یەك قورئان دەخوێنێتەوەو بە ئەندازەی زانستەکەی شتی لێ هەڵدەهێنجێت، بەپێچەوانەی کتێبی دانەرەکان، کە کتێبی پسپۆری تێدان کە کەسی سادە ناتوانێت لێی تێبگات، بەهۆی سەختی پێکهاتە و قووڵی باسەکانی، هەروەها کتێبی سادەشی تێدان کە زانایان بە کەم زانست دایدەنێن.

### ٣- ڕازی کردنی عەقڵ و سۆز لە یەك ساتدا:

هاندان و ترساندن پیادە دەکات لە کاتێکدا ڕووی دوانی لە سۆزو عاتیفەیە، لە هەمان کاتدا عەقڵ دەکاتە دادوەر لەسەر کاروبارو شتەکان و فەرامۆشی ناکات، زەرقانی وتویەتی[1]: ((دواتر سەیری قورئانی پیرۆز بکە، بۆ نموونە کاتێك چیرۆکی یوسف دەخاتەڕوو، کە چۆن لە میانەیدا پەندی زۆر پڕ بایەخ و بەڵگەی درەوشاوە دەخاتەڕوو لەسەر پێویستی دەستگرتن بە داوێنپاکی و شەڕەف و ئەمینداریەوە، جا لە بەشێك لە بەشەکانی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە سەرنجڕاکێش و قەشەنگەدا دەفەرمووێت: ﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ يوسف: ٢٣. واتە: (جا ئەو ئافرەتەی کە

---

[1] مناهل العرفان: ٢/١٠.

یوسف لە ماڵیدا بوو هەوڵیدا یوسف لە خشتە ببات و دڵی ڕابکێشێت بۆ لای خۆی، هەموو دەرگاکانیشی داخست و وتی: وەرە پێشەوەو خۆت ئامادە بکە، یوسف وتی: پەنا دەگرم بە خوا کاری واناکەم، چونکە پەروەردگارم دەرووی لێکردوومەتەوە، هەروەها مێردەکەشت چاك ڕەفتار بووە لەگەڵمدا - چۆن خیانەتی لێدەکەم - و دڵنیام ستەمکاران سەرفراز نابن). لەم ئایەتە ڕامێنە، چۆن سێ پاڵنەرەکەی گومڕایی گۆڕدراون بە سێ پاڵنەری داوێنپاکی، لە میانەی ڕووبەڕوو بوونەوەیەك کە وێنای چیرۆکی زۆر خۆش و بەتامی کردووە لە نێوان سەربازی خواو سەربازی شەیتان، هەروەها خستوویەتیە ناو دوو تای تەرازوو لە بەردەم عەقڵدا، ئا بەم شێوەیە دەبینیت قورئانی پیرۆز پێکهاتەیەکی پاراو خۆش و زۆر بەتامە، دەروونەکان دەسازێنێت بۆ وەرگرتنی بەلگە عەقلیەکان بە ئاسانی، عەقڵەکان فێنك دەکاتەوە بە سەرنجی سۆزدارانە)).

## ٤ - کەمی وشە لەگەڵ بەخشینی واتای تەواو:

قورئانی پیرۆز بە وشەی کەم چەندین واتای زۆر دەردەبڕێت کە مەبەستیەتی، لە کاتێکدا دەبینین کە نووسەرو شاعیران، ئەگەر چوونەسەر ڕاڤەکردنی واتاکان، ئەوا قسەیان درێژو زۆر دەبێت، ئەگەر ویستیشیان وشە و دەربڕینەکان بە پوختی دەربڕن، ئەوا ناتوانن بە تەواوی مەبەستەکەی خۆیان دەربڕن، تا وای لێهات خەڵك قسەیان کرد لەسەر: ((درێژبڕی بێزارکەر، کورتبڕی کەم و کورت)).

ورد ببەوە لەم فەرمایشتەی خوای بێ وێنە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَـٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ وَٱلْبَغْىِ ۚ

يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴾ النحل: ٩٠. واتە: (بەڕاستی خوا فەرمان دەكات بە دادپەروەری و چاكەكاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی لەگەڵ خزمان، ڕێگری لە گوناهو تاوان و دەستدرێژی دەكات، ئامۆژگاریتان دەكات بۆ ئەوەی یادەوەری وەربگرن و تێفكرن). چۆن سەرجەم شتە چاكەكانی كۆكردۆتەوەو فەرمانی پێكردووە، خراپەكانیشی كۆكردۆتەوەو ڕێگری لێكردووە، لە وتەیەكی پوخت و كورتی ڕەوانبێژدا.

نموونە لەسەر ئەمە، ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴾ البقرة: ١٧٩. واتە: (ئەی هۆشمەندەكان ژینتان تەنها لە تۆڵەسەندنەوەدایە، بۆ ئەوەی پارێزكاری و لەخواترسان ببێتە پیشەتان). پێشەوا (فەخرەددینی ڕازی) لە بارەی ئەم ئایەتەوە دەڵێت[1]:

((زانایانی ڕەوانبێژی كۆك بوون لەسەر ئەوەی ئەم ئایەتە لەگەڵ لەخۆگرتنی كۆمەڵێك واتا گەیشتووەتە پلە هەرە بەرزەكان، چونكە عەرەبەكان بە وشەی زۆر ئەمەیان دەربڕیوە، وەك ئەم وتەیەیان: (قتل البعض إحياء للجميع: كوشتنی هەندێك كەس زیندووكردنەوەی هەموو خەڵكە) هەروەك هەندێكی تر دەڵێن: (أكثروا القتل ليقل القتل: پرۆسەی كوشتن زۆر بكەن بۆ ئەوەی كوشتن كەم ببێتەوە)، جوانترین وتە كە لەم بارەوە لە عەرەبەكانەوە گێڕدرابێتەوە ئەم وتەیەیە: (القتل أنفى للقتل: كوشتن چارەسەری كوشتنە)، بەڵام دەربڕینەكەی قورئانی پیرۆز لەم وتەیە ڕەوانبێژترە، ڕوونكردنەوەی ئەم جیاوازیەش لە چەندین ڕووەوەیە:

---

[1] التفسير الكبير: ٥٦/٥.

**یەکەم:** ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ﴾ کورت و پوختترە لەم وتەیەی ئەوان: (کوشتن چارەسەری کوشتنە)، چونکە پیتەکانی فەرمایشتەکەی خوای مەزن کەمترن.

**دووەم:** ڕووکەشی وتەکەیان وا دەگەیەنێت کە خودی شتێك ببێتە هۆکاری لە ناوچوونی خۆی، ئەمەش شتێکی ئەستەمە، کەچی ئەم فەرمایشتەی خوای بێ وێنە: ﴿فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ﴾ وانییە.

**سێیەم:** وتەکەیان: (کوشتن چارەسەری کوشتنە) وشەی (کوشتن)ی تێدا دووبارە بووەتەوە، بەڵام لە داڕشتنە قورئانییە ڕەوانبێژەکەدا دووبارە بوونەوە بوونی نییە.

**چوارەم:** وتەکەیان تەنها واتای پاشگەزبوونەوە لە کوشتن بەدەستەوە دەدات، لە کاتێکدا ئایەتەکەی قورئانی پیرۆز واتای پاشگەزبوونەوە لە کوشتن و بریندارکردن دەگەیەنێت بەیەکەوە.

**پێنجەم:** کوشتن لە پێناو کوشتن، هەر کوشتنە، نەك نەهێشتنی کوشتن بێت، بەڵکو مایەی زیاد بوونی دیاردەی کوشتنە، لە کاتێکدا وشەی: ﴿ٱلۡقِصَاصِ﴾ تەنها یەك جۆر لە جۆرەکانی کوشتن لە خۆ دەگرێت، بەڕاستی پاڵنەرە بۆ دوورکەوتنەوە لە کوشتن))... تاد، بە تۆزێك دەسکارییەوە.

## چەند نموونەیەك لە ڕەوانبێژی قورئان:

ئەمەش چەند نموونەیەکن لە ڕەوانبێژی قورئانی پیرۆز کە - وەك چۆن بەڵێنمان دابوو - وەریان دەگرین لە کتێبی "مباحث في علوم القرآن"، دانەری کتێبی ناوبراو دەڵێت[1]:

---

(1) مباحث في علوم القرآن: ٣٣٥.

((ئەم مۆسیقا ناوخۆییە تەنانەت لە هەر تاکە وشەیەکی هەر ئایەتێك لە ئایەتەکانی  قورئانی پیرۆزدا هەڵدەقوڵێت، خەریکە سەربەخۆ - بە ژەنین و ئاوازەکەی - هەڵبستێت بە کێشانی نیگاری تابلۆیەکی تەواو، کە ڕەنگی تابلۆکە گەش یان پەڕیو، سێبەرەکەی تەنك یان چڕ بێت.

جا ئایا بینیوتە ڕووخسارێك گەشتر بێت لەو ڕووخسارە بەختەوەرانەی ڕوانیویانەتە خوای مەزن، ڕووخسارێکیش ڕەنگ پەڕیوترو تاریکتر بێت لەو ڕووخسارە بەدبەختانەی ڕەنگیان ڕەش هەڵگەراوە، وەك لەم فەرمایشتەدا وێنا کراون: ﴿ وُجُوهٌ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ٢٣ وَوُجُوهٞ يَوۡمَئِذِۭ بَاسِرَةٞ ٢٤ تَظُنُّ أَن يُفۡعَلَ بِهَا فَاقِرَةٞ ٢٥ ﴾ القيامة: ٢٢-٢٥. واتە: (ئەو ڕۆژە ڕووخسارانێك گەشاوەو ناسك و ئاسوودەن، چونکە - هەر یەك بۆ خۆی - تەماشای پەروەردگاری دەکات - لە تەماشاکردنی تێر نابێت -، هەر لەو ڕۆژەشدا ڕووخسارانێکی تر ڕەش داگیرساو و گرژ و تاڵن، چاوەڕوانن کارەساتێکی پشت شکێنیان بەسەردا بێت).

وشەی ﴿نَّاضِرَةٌ﴾ سەربەخۆ لە تابلۆیەکی بەختەوەردا هەڵساوە بە وێناکردنی گەشاوەو پڕشنگدارترین ڕەنگ، هەروەك چۆن وشەی ﴿بَاسِرَةٞ﴾ بە سەربەخۆ لە تابلۆیەکی چارەڕەشدا هەڵساوە بە نیگارکێشانی دزێوترین ڕەنگ.

کاتێك گوێ دەگریت بۆ پیتی (س) کە دووبارە کراوەتەوە، ئەوا خەریکە هەست بە خۆشی سێبەرەکەی بکەیت، وەك چۆن لەبەریدا دەحەسێیتەوە، لەم فەرمایشتەی پەروەردگاردا: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ١٥ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ١٦ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ١٧ ﴾ التكوير: ١٥ _ ١٨. واتە: (سوێند بەو ئەستێرانەی پەنهان دەبن و ون دەبن لە چاودا، بەو هەسارانەی کە پەنا دەگرن و دیار نامێنن، بەو شەوەی کە دادێت و تاریکاییەکەی ڕوومان تێدەکات، بە بەرەبەیان کە پشووی

تێدێت، وەکو زیندەوەرێك ئاهی تێدێتەوەو دەست دەکات بە هەناسەدان و ژیان و ڕووناکیەکەی دەردەکەوێت).

لە کاتێکدا ترس سینەت دادەگرێت کاتێك بە نارِحەتی و پەستیەوە گوێبیستی دەنگی پیتی (د) دەبیت کە بێدارکەرەوەو هەڕەشەکەرە، کە لە پێشیدا پیتی (ی) درێژکراوە هەیە لە وشەی ﴿تَحِيدُ﴾ لە جیاتی (تنحرف: لادەدات) یان (تبتعد: دوور دەکەوێتەوە) لەم فەرمایشتەی خوای تاك و تەنهادا: ﴿ وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ ﴾ ق: ١٩. واتە: (ئەی مرۆڤ؛ تەنگانەی مردن و ئازارەکانی هات، هاوڕێ لەگەڵ ڕاستییەکاندا، ئەوسا پێت دەوترێت: ئا ئەوە ئەو بەسەرهات و ڕووداوەیە کە خۆتت لێ لادەدا و پەنات لێ دەگرت).

ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن دەخوێنیتەوە: ﴿فَمَن زُحۡزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدۡخِلَ ٱلۡجَنَّةَ فَقَدۡ فَازَ ﴾ آل عمران: ١٨٥. واتە: (ئەوسا ئەوەی دوور خرایەوە لە ئاگری دۆزەخ و خرایە بەهەشتەوە، ئەوە بەڕاستی سەرفراز بووە). لە فەرهەنگدا وشەیەك بەدی ناکەیت جگە لە وشەی ﴿زُحۡزِحَ﴾ وێنای دیمەنی دوورخستنەوەو لادان بکات بە هەموو ئەو دەنگانەی دیمەنەکە لەخۆی دەگرێت و ئەو ترس و بیمەی دەکەوێتە دڵ و دەروونیەوە بەهۆی هەستکردن و بیستنی دەنگ و هۆڕەی ئاگر وەك ئەوەی خەریکە تینی ئاگرەکەی بیگاتێ... تاد.

# بەشی دوازدەم

## ئـیـعـجـازی قـــورئـــان[١]

خوای گەورە پشتگیری پێغەمبەرە ڕێزدارەکانی کرد بەو کارە دەرئاسا و موعجیزانەی کە بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرایەتی ئەوان، خوای گەورە وایکرد ئاگری سوتێنەر ئیبراهیم نەسوتێنێت. نۆ بەڵگەی دەرئاسای بە پێغەمبەر موسا بەخشی، لەوانە: (دارگۆچان، ئەسپێ، بۆق، کولله)، چاککردنەوەی لاڵ و بەڵەکی بە عیسا بەخشی، هەروەها دوو لەت کردنی مانگ و هەڵقوڵانی ئاو لە ناو پەنجەکان و هی تریشی بە پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ بەخشی.

بەڵام سەرجەم ئەم موعجیزانە کاتێکی زۆرو دوورو درێژیان نەخایاند و شوێنەوارەکانیان دوای ماوەیەك نەمان، زۆر کەس کە ئەم موعجیزانەی بە چاوی خۆی نەبینیوە، ئەوا نکوڵیان لێدەکات، هەر بۆیە خوای مەزن ویستویەتی موعجیزەیەکی نەمر بداتە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ دواهەمینی پێغەمبەران و پەیامبەران کە بەدرێژایی ڕۆژگارەکان تیانەچێت و هیچ کەسێکی ژیریش نەتوانێت نکوڵی لێبکات، جا موعجیزەی قورئانی پیرۆزی پێدا کە پاراستنی خستووەتە ئەستۆی خۆی، پێغەمبەری خوا ﷺ لەو فەرموودەیەی بوخاری و موسلیم و جگە لەوانیش لە ئەبو هورەیرەیان (ڕەزای خوای لێبێت) گێڕاوەتەوە فەرموویەتی: ((مَا مِنَ الأَنْبِيَاءِ مِنْ نَبِـيٍّ إِلاَّ قَدْ أُعْطِيَ مِنَ الآيَاتِ مَا مِثْلُهُ آمَنَ عَلَيْهِ الْبَشَرُ، وَإِنَّمَا كَانَ الَّذِى أُوتِيتُ وَحْيًا أَوْحَى اللَّهُ إِلَىَّ، فَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَكْثَرَهُمْ تَابِعًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[٢] واتە: لە پێغەمبەراندا هیچ

---

[١] ئەوەی زانیاری زیاتری مەبەستە با بڕوانێتە: المعجزة الخالدة، د. حسن ضياء الدين عتر.

[٢] بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

پێغەمبەرێکیان نەبووە کە بەڵگەی وای پێنەبەخشرا بێت کە وێنەی ئەوەی خەڵك ئیمانی پێهێناوە ئەوەی منیش هێناومە سروش (وحی)یە خوا ناردویەتە سەرم، هیوادارم لە ڕۆژی دوایی لە هەموویان شوێنکەوتووم زیاتر هەبێت.

## مەبەست لە ئیعجازی قورئان:

مەبەست لە ئیعجازی قورئان نەتوانینی مرۆڤە لەسەر هێنانی هاووێنەی قورئان کە هەمان سیفەت و تایبەتمەندییەکانی قورئانی پیرۆزی تێدا بێت.

## مەرجەکانی موعجیزە[1] و هاتنەجێی لە قورئانی پیرۆزدا:

بۆ هاتنەجێی ئیعجاز پێویستە سێ مەرج هەبن:

١- بوونی تەحەددا: قورئانی پیرۆز نەك تەحەددای عەرەبەکان بەڵکو تەحەددای مرۆڤ و پەری کردووە، لە سێ جێگادا، لە بڕگەی دواتر دەیخەینەڕوو.

٢- پاڵنەرێك هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسەی تەحەددای کراوە تەحەدداکە پەسەند بکات: لەلای عەرەبەکان زیاد لە پاڵنەرێك هەبووە بۆ پەسەندکردنی تەحەددا، جا قورئانی پیرۆز بەرنامەیەکی هێنا کە دینی ئەوانی پوچەڵ دەکردەوەو گاڵتەی بە عەقڵی ئەوان دەکرد و ڕێڕەوی ژیانی ئەوانی دەگۆڕی، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش وەڵامی تەحەدداکەیان نەدایەوە.

٣- هیچ ڕێگرو کۆسپێك نەبێت لە پەسەندکردنی تەحەدداکە: هیچ ڕێگرو لەمپەرێك نەبوو لەلای عەرەبەکان کە تەحەدداکەی قورئان قبوڵ

---

[1]) أنظر: أصول الفقه، ص (٢٥)، أصول الفقه الإسلامي (١/٤٣١)، مورد الظمآن، ص (٩٧).

نەکەن، بەتایبەت لە بواری ڕەوانبێژی، لە کاتێکدا ئەوان سوارچاکی مەیدانی ڕەوانبێژی و پادشای تەختی ڕوونبێژی و شیعرو هۆنراوە بوون.

جا ئەم سێ مەرجانە لە تەحەداکەی قورئاندا هاتوونەدی، تا ئەم سەردەم و ڕۆژگارەشمان کەسێك نەیتوانیوە هاووێنەی بێنێت، وەك چۆن خوای مەزن ڕایگەیاندووە: ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلًا ﴾ النساء: ١٢٢. واتە: (جا کێ هەیە ڕاستتر و دروستتر لە خوا بەڵێنی خۆی بباتەسەر؟).

## ئەو ئایەتانەی کە تەحەدداى بێ باوەڕانیان کردووە لەوەی کە هاووێنەی قورئانی پیرۆز بهێنن:

قورئانی پیرۆز سێ جار تەحەدداى مرۆڤی کردووە لەوەی هاووێنەی قورئان بهێنن:

١- تەحەدداى یەکەم بەسەرجەم قورئانی پیرۆز: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُۥ ۚ بَل لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾ فَلْيَأْتُوا۟ بِحَدِيثٍ مِّثْلِهِۦٓ إِن كَانُوا۟ صَٰدِقِينَ ﴾ الطور: ٣٣- ٣٤. واتە: (یان دەڵێن: خۆی ئەم قورئانەی هەڵبەستووەو دایڕشتووە، نەخێر ئەوانە، هەر ئیمان و باوڕیان نییە - ئەگینا چۆن وادەڵێن - ★ - دەی کەواتە خۆ ئەوانیش قسەزان و لێزانن - دەبا فەرمایشتێکی ئاوا وەك ئەم قورئانە بهێنن ئەگەر ڕاست دەکەن؟!).

٢- دواتر تەحەدداکە زیاتر بوو بەوەی تەحەدداى کردن کە تەنها دە سورەت بێنن لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَٰتٍ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾ هود: ١٣. واتە: (بەڵکو - لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا - ئەوان دەڵێن کە محمد ﷺ قورئانی هەڵبەستووە، پێیان بڵێ: جا ئێوەش دە سورەتی هەڵبەستراوی

وێنەی ئەم قورئانە بهێنن، هەرکەسیش لەخوای گەورە بەدەر، دەتوانن، بانگ بکەن - بۆ هاوکاریتان پەنای بۆ بەرن - ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن).

٣- تەحەدداکە زۆر زیاتر بوو، تا تەحەدداى کردن بەوەی یەك سوڕەت بهێنن وەك سوڕەتێکی قورئانی پیرۆز: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ یونس: ٣٨. واتە: (بەڵکو - لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگاندا - ئەوان دەڵێن موحەممەد ﷺ قورئانی هەڵبەستووە، بڵێ: دەئێوەش سورەتێك وەك سورەتەکانی داڕێژن و بیهێنن، داوا بکەن لەهەرکەسێکی تر کە دەتوانن جگە لە خوا - کەیارمەتیان بدات - درێغی مەکەن ئەگەر ڕاستگۆن).

قورئانی پیرۆز زیاتر داوای ڕووبەڕوو بوونەوەیان لێدەکات، لە پێناو بێ هیواکردنیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی قورئانی پیرۆز، ئەگەر بە یەك سوڕەتیش بێت، خوای تاك و پاك لە هاوەڵ دەفەرموویێت: ﴿ وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ البقرة: ٢٣. واتە: (جا ئەگەر ئێوە لە دوودڵیدان و گومانتان لەم - قورئانە پیرۆزە - هەیە، کە دامانبەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان - موحەممەد ﷺ -، ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سوڕەتێك وەك ئەو بهێنن، هاوپەیمان و هاوکارەکانیشتان جگە لە خوا - بۆ ئەو مەبەستە - بانگ بکەن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن).

❑ کاتێك لە کۆتاییدا دەستەوەسان بوون لە هێنانی یەك سوڕەت وەك سوڕەتێکی قورئانی پیرۆز، قورئانی پیرۆز ڕایگەیاند کە هیچ یەکێك ناتوانێت وێنەی قورئان بهێنێت بە ورد یان بە درشتەوە، جا خوای گەورە فەرمووی:

﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴾ الإسراء: ٨٨. **واتە: (ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: سوێند بەخوا ئەگەر هەموو ئادەمیزاد و پەریەکان کۆببنەوە و - هەوڵی بەردەوام بدەن تا - قورئانێکی وەك ئەمە دانێن و بهێننە - مەیدان - ناتوانن کاری وابکەن و لە وێنەی بهێنن، ئەگەر چی هەموو لایەکیان ببنە پشتگیر و یارمەتیدەری یەکتری).**

## ڕووەکانی ئیعجازی قورئان:

**سەرتاپای قورئانی پیرۆز موعجیزەیە، چۆن بۆی بڕوانیت و لە چ ڕوویێکەوە سەیری بکەیت ئەوا موعجیزەیە، جاباسی هەندێك لەو ڕوو و لایەنانە دەکەین کە موعجیزەی نەمری تێدا درەوشاوەتەوە:**

**١- ئیعجازی زمانەوانی: یەکەم لایەن کە ئیعجازی قورئانی تێدا دەدرەوشێتەوە بریتییە لە ئیعجازە زمانەوانیەکەی، لە هەر لایەنێکی زمانەوانیەوە سەیری بکەیت، قورئان موعجیزەیە لە شێوازو ڕەوانبێژیەکەیدا، تەنانەت ئەگەر ویستت یەك وشە لابدەیت و وشەیەکی هاوواتای لە شوێنی دابنێیت. ئەوا بۆت دەردەکەێت کە ئەو واتایەی ئایەتەکە دەریبڕیوە تەواو نابێت بەشێوازە نوێیەکە، هەر لە کۆنەوە عەرەبەکان گەواهیان داوە لەسەر ئیعجازی زمانەوانی قورئانی پیرۆز، لە کاتێکدا عەرەبەکان ڕەوانبێژن و سوارچاکی ئەو مەیدانەن، ئائەمە وەلیدی کوڕی موغەیرەیە کە یەکێکە لە گەورە سەرکردەکانی بێ باوەڕی و کوفر لەناو قوڕەیشدا، کاتێك ڕووی گوتاری لە هۆزەکەیەتی ئاوا وەسفی قورئانی پیرۆز دەکات: ((بەخوا کەسێکتان لەناودا نییە لەمن شارەزاتر بێت لە شیعرو سەروا و کێشەکەی و هۆنراوەی جنۆکەکان. بەخوا ئەوەی موحەممەد دەیڵێت بەهیچ**

یەکێك لەمانە ناچێت، بەخوا ئەو وتەیەی کە دەیڵێت شیرینە، ڕازاوەیە، سەرەوەی بەرهەمدارە، خوارەوەشی تۆکمە و نەبڕاوەیە، زاڵدەبێت و تێکناشکێت، ئەوەی ژێرەوەی خۆی تێکدەشکێنێت))[1].

نموونەی ئیعجازی زمانەوانی گەڵێك زۆرن، باسی هەندێکمان کرد لە بەشی ڕابردوو.

٢- **چۆنیەتی دانانی سوڕەت و ئایەتەکان:** پێشتر ئەوەمان خستەڕوو کە قورئانی پیرۆز بەش بەش بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ دابەزیوە، جا ئەگەر ئایەتێك هاتبایە خوارەوە ئەوا پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: ((ئەم ئایەتە لەو شوێنە لە فڵانە سوڕەتەدا دابنێن، هەروەها ئەم ئایەتە لەو شوێنە لە فیسارە سوڕەتەدا دابنێن))، تا دابەزینی قورئانی پیرۆز کۆتایی هات - ماوەی نێوان هەر ئایەتێك و ئایەتێکی تر زۆر بوو و هەر یەکەشیان بۆنەیەکی جیاوازیان هەبوو -، بینیمان ئەم ئایەتانە کتێبێکیان بۆ ئێمە دروستکرد کە تەواو و هەماهەنگ بوو، هەر ئایەتێك بە ئایەتی پێش و پاش خۆی بەستراوە بوو و واتاکەی تەواو دەکرد.

٣- **زانست و زانیاریەکانی (ئیعجازی یاسادانان):** عەرەب نەتەوەیەکی نەخوێندەوار بوو، نەدەینووسی و نە دەیخوێندەوە، زانستی زۆریان لانەبوو، پێغەمبەریش ﷺ لە سەرەتای پێگەیشتنی وابوو.

بەڵام سەرباری نەخوێندەواری پێغەمبەر ﷺ و نەتەوەکەی، قورئانێکی لەلایەن خواوە هێنا کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی تەواو و ڕێکخراوی تێدا بوو کە کەس ناتوانێت وەك ئەو هاووێنەی بهێنێت، بەڵکو هەموو خەڵکی ڕۆژگاری خۆی لە ئاست ئەمەدا دەستەوەسان بوون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئانی پیرۆز لەلایەن خواوەیە.

---

[1] بڕوانە: روح المعاني: ١٢٣/٢٩.

ئێمە موسڵمانیش بە دڵنیاییەوە دەڵێین: سەرجەم مرۆڤ و پەریەکان دەستەوەسانن لەوەی سیستەم و بەرنامەیەکی لەو جۆرە بهێنن ئەگەر هەندێکیان پشتیوانی هەندێکی تر بن و هاریکاری یەکتر بکەن.

٤- **هەواڵدانی سەبارەت بە شتە پەنهانەکان:** قورئانی پیرۆز لەبارەی زۆر شت دواوە کە هیچ یەکێك لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ نەیزانیوە:

❑ لەوانە هەواڵی گەلانی پێشوو، کە قورئان باسی کردووە، دواتر زانستی مێژوو هاتووە تا ڕاست و دروستییەکەی دەربخات، بۆ نموونە ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن لە سورەتی (یوسف): ﴿ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي بِهِۦ ﴾ یوسف: ٥٠. واتە: (پاشا وتی: ئادەی بچن بۆم بهێنن). ئایەتەکانی تریش کە باسی (پاشا) دەکەن، ئێمە دەزانین کە دەسەڵاتدارانی میسر فیرعەون بوون، نەك پاشا. بەڵام مێژوو ئەوە دەردەخات کە دەسەڵاتدارانی میسر لە سەردەمی یوسف لە (هەیکسۆسەکان) بوون و بە (پاشا) ناودەبران.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ تِلۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهَآ إِلَيۡكَۖ مَا كُنتَ تَعۡلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوۡمُكَ مِن قَبۡلِ هَٰذَاۖ فَٱصۡبِرۡۖ إِنَّ ٱلۡعَٰقِبَةَ لِلۡمُتَّقِينَ ﴾ هود: ٤٩. واتە: (- ئەی محمد ﷺ - ئەو باسانەی بۆمانکردیت لە هەواڵە نادیارەکانە کە بۆت دەنێرین، نە تۆ دەتزانی و نە هۆزو نەتەوەکەشت پێش ئەم باسەی ئێمە، جا خۆگرو بە ئارام بە، چونکە بەڕاستی پاشەڕۆژ بۆ خواناس و پارێزگارانە).

❑ ئەو ئایەتانەی کە جولەکە و هاوبەشدانەران و دووڕووانی سەردەمی پێغەمبەریان ﷺ شەرمەزار دەکرد، هەروەها باسی گوفتارو ڕەفتارەکانیانی دەکرد کە نەیاندەهێشت کەس بیزانێت.

❑ هەواڵدان سەبارەت بە ڕوودانی هەندێك ڕووداو لە ئایندەدا كە بە كرداری دواتر ڕوویاندا، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴾ النور: ٥٥. واتە: (خوا بەڵێنی تەواو و دڵنیابەخشی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو كارو كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە بەڕاستی لە ئایندەیەكی نزیكدا جێنشین و پایەداریان دەكات لە وڵاتدا هەروەك چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی جێنشین كردووەو ئەو دین و ئاینەیان بۆ دەچەسپێنێت كە خوا خۆی پێی ڕازییە، هەروەها ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامی و هێمنی، ئەو كاتە ئیتر بە تەواوی هەر من دەپەرستن و هەرگیز هیچ جۆرە هاوەڵ و شەریكێكم بۆ بڕیار نادەن، ئەوسا ئەوەی دوای ئەو پایەداریە بێ باوەڕ بێت، ئا ئەو جۆرە كەسانە هەر تاوانبارو لە سنووری دەرچوون). ئەم ئایەتە دابەزی كە موسڵمانان لە ترس و بیمێكی زۆردا دەژیان، حاكم لە ئوبەی كوڕی كەعبی گێڕاوەتەوە كە وتویەتی: كاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی هاتنە شاری مەدینە، پشتیوانان ئەوانیان پەنادا و لە خۆیان گرتن، عەرەبەكان لە یەك كەواندا تیریان ئاڕاستەی موسڵمانان دەكرد، جا موسڵمانان بە چەكەوە دەخەوتن و لە خەو هەڵدەستان، هاوەڵان وتیان: پێتان وایە تا ئەو كاتە بژین كە بە ئارامی بژین و لە خوا نەبێت لە كەس نەترسین؟ دوای ئەمە ئەو ئایەتە دابەزی.

بەڕاستی و بە دڵنیایی خوای گەورە پێغەمبەرەكەی و هاوەڵە ڕێزدارەكانی سەرخست و ترسەكەیانی بۆ گۆڕی بە ئارامی.

نموونەیەکی تر ئەم فەرمایشتەی خوا مەزن: ﴿ لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ ۖ لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ ۖ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا۟ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا ﴾ الفتح: ٢٧. واتە: (سوێند بەخوا بێگومان خوا خەونی پێغەمبەرەکەی بەڕاستی وەك خۆی هێناوەتەدی، کە دەفەرموویێت: بەم زووانە ئێوە بە هەموو ئارامی و ئاسوودەییەکەوە بەویستی خوا دەچنە ناو کەعبەی پیرۆزەوە، - عەمرە بەجێدەهێنن - سەرتان دەتاشن یان کورتی دەکەنەوە بێ ئەوەی ترس و بیمتان لەکەس بێت، جا ئەوەی نەتانزانیوە خوا دەیزانێت، کە جگە لەم سەرکەوتنە سەرکەوتنێکی نزیکی تری بۆ بڕیارداون و پێتان دەبەخشێت). بەکرداری ئەم هەواڵە هاتەجێ و ڕوویدا.

٥- **پێشەنگبوونە زانستیەکەی:** قورئانی پیرۆز کتێبی گەردوونناسی و جوگرافیا و جیۆلۆجی نییە، بەڵکو کتێبی ڕێنوێنی و ڕێنیشاندان و دەستووری ئوممەتە، کتێبێکە لەلایەن خوای زانا و کارزانەوە دابەزیوە، ئەو خوایەی کە زانایە بە نهێنی و شاراوەکان، هەر بۆیە کاتێك لەسەر ڕاستییە زانستییەکان دەدوێت ئەوا دەبێت بە وردو ڕاسترین دەربڕین لەبارەیەوە بدوێت کە نووسەر لە کتێب یان زانایەك لە زاناکان بەکاریدێنێت، بەمەش مرۆڤ و پەریەکان دەستەوەسان دەکات لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز بۆ ئەوان دابەزیوە، سەرباری لەخۆگرتنی ئەم ئیعجازە ئەوا ئایەتەکە ئەرکی تریش بەجێ دەگەیەنێت لە میانەی ئەو شتانەی لە ناوکۆ (سیاق) و ڕێنماییەکەی وەردەگیرێت.

لە نموونەی ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆزدا:

ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ﴾ الأنعام: ١٢٥. واتە: (ئەو کەسەی خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی ساف و پاك و ئامادە دەکات بۆ ئاینی ئیسلام، ئەو کەسەش خوا بیەویت گومڕای بکات، ئەوە دڵی دەگوشێت و سینگی توونـد دەکات و هەناسەی سوار دەبێت، هەر وەك ئەوەی بەرەو ئاسمان ببێتەوە). ئەم ئایەتە باس لە سینە گوشین و وێکهاتنەوە دەکات کە تووشی ئەو کەسە دەبێت کە بەرز دەبێتەوە بۆ چینە بەرزەکانی هەوا، بەشێوەیەك کە هەناسەی تەنگ دەبێت و هەست بە خنکان دەکات، ئەمەش پەیوەستە بە دوو شتەوە:

١- دابەزینی ڕێژەی ئۆکسجینی لەکاتی بەرز بوونەوە بۆ چینە باڵاکان، لە چینە باڵاکاندا بە تەواوی ئۆکسجین نامێنێت، بەشێوەیەك کە مرۆڤ لە سەرووی (٨٠٠٠م) لە ماوەی (٢ - ٣) خولەك بێهۆش دەبێت، لە دوای ئەمە دەمرێت.

٢- دابەزینی ڕێژی پەستانی هەوا، هەر چەند لەسەر ڕووی زەوی بەرز ببینەوە فشارو پەستان کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی هاتنی هەوا بۆ ناو دوو سیەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی سەختی هەناسەدان و سینە گوشین هەر چەندە مرۆڤ بۆ چینە بەرزەکان بەرز ببێتەوە، تەنانەت دەبێتە هۆی هاتنە خوارەوەی خوێن لە لووت یان لە دەم کە دەبێتە هۆی مردن.

نموونەیەکی تر: ﴿ يَخْلُقُكُمْ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ خَلْقًا مِّنۢ بَعْدِ خَلْقٍ فِى ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ﴾ الزمر: ٦. واتە: (لە سکی دایکتاندا ئێوە دروست دەکات بە چەند قۆناغێك، لەناو سێ تاریکیدا، ئا ئەوە خوایە، ئا ئەوە

پەروەردگارتانە، خاوەنی هەموو بەدیهێنراوەکانە). لەم ئایەتەدا قورئانی پیرۆز هەواڵی ئەوە دەدات کە کۆرپەلە بە سێ پەردە دەورەدراوە، قورئانی پیرۆز بە (تاریکیەکان) ناوی بردووەو زانستی سەردەمیش ناوی ناوە: پەردەی مینباری، پەردەی گۆریۆن، پەردەی پێچاوپێچ، شایەنی باسە کە ئەم سێ پەردانە تەنها بە توێکاری زۆر ورد دەردەکەون، لەبەر چاوی ئاسایی وەك یەك پەردە دەردەکەون.

ئەمەش نموونەیەکی تر: ﴿ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴾ النبأ: ٩. واتە: (خەوتنمان بۆ کردوون بەهۆی سرەوتن). (سبات) لە زمانەوانیدا: دابڕانە. زانستی سەردەم سەلماندوویەتی کە خەوتن لە میانەی دابڕان و پچڕانی کۆتایی دەمارەکانە لەو ناوەندانەی کە زانیاری لێوەردەگرن، بەمەش مرۆڤ لە جیهانی دەرەکی دادەبڕێت.

نموونەی ئەم جۆرە ئیعجازە لە قورئانی پیرۆزدا گەلێك زۆرە، لە زۆرێك لە دانراوە ئیسلامییەکان باسی لێوەکراوە بە کۆمەڵ یان بە پەرش و بڵاو.

لە کاتی باسکردنی ئەم جۆرە ئیعجازەدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە زیادەڕەوی نەکەین لە گێڕانەوەی هەر تیۆرێکی زانستی بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، لەوانەیە ئایەتەکە ئەو مانایە بەدەستەوە نەدات کە لە تیۆرەکەوە بەدەست دەخرێت، تەنانەت لەوانەیە تیۆرەکە تیۆرێکی کاتی بێت و لە سەردەمێکی دیاریکراودا باووبێت، دواتر لەوانەیە هەڵەکەی بچەسپێنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی گومان لای باوەڕ لاوازەکان، لەبەر ئەوەی تیۆرە زانستییەکان بە تەواوی ناجێگیرن، ئەو تیۆرەی دوێنێ ڕاستی بوو ئەمڕۆ بووەتە ئەفسانەی کۆن کە بۆ منداڵان باس دەکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی داهێنان و دۆزینەوە نوێیەکان هەڵەبوونی ئەم تیۆرانەیان سەلماند.

ئا لێرەوە ڕاستی زانستی جیاوازە لە هەموو تیۆرو گریمانەیەك، چونکە تیۆرو گریمان هێشتا لە مەحەکی ئەزموون (التجربة) نەدراوە، کە بیانسەلمێنێت لەو واقیعەی کە گومانی تێدا نییە، لە کاتێکدا ڕاستی زانستی بەرز بۆتەوە تا ئاستی پلەی دڵنیایی، بەشێوەیەك کە ناکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە، وەك ئەو ڕاستییە کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، هەردوو بەشەکەی ئاو لە گەردیلەی ئۆکسجین و گەردیلەی هایدرۆجین پێکهاتووە.

هیچ یەکێك لە کۆن و نوێدا نەیتوانیوە بوونی تێکگیران بسەلمێنێت لە نێوان ئەم ڕاستییە چەسپاوانە و کتێبی خوای گەورەدا.

لەبەر ئەوە پێویست نییە کە لە میانەی تیۆرە نا سەلمێنراوەکان ئیعجازی قورئانی پیرۆز بسەلمێنین، بەڵکو دەبێت لە میانەی ڕاستتیە زانستیەکانەوە بیسەلمێنین کە لە هیچ لایەکەوە پوچی و ناڕاستی تێناکەوێت، پێویستە هەردەم ئەوەمان لە یاد بێت کە قورئانی پیرۆز چاوەڕێی سەلماندنێکی نوێ نییە بۆ ئیعجازی خۆی، بەڕاستی ئەو ئیعجازەی کە تێیدا دەرکەوتووە بەسە.

# بەشی سێزدەم

# وەرگـێـڕانـی قـــورئـــانی پـــیـرۆز

زۆر پێویست بوو بۆ ئەو کەسەی کە زمانی عەرەبی نازانێت، شارەزای ئەو بەرنامەیە بێت، کە قورئانی پیرۆز هیناویەتی، بۆیە پێویست بوو واتاکانی قورئانی پیرۆز وەرگێڕدرابان، بۆ یارمەتیدانی ئەو موسڵمانەی عەرەبی نازانێت تا شارەزای ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆزو حوکم و یاسای ئاینەکەی بێت. هەروەها بۆ ئەوەی هاریکار بێت، بۆ پوچەڵکردنەوەو بەدرۆخستنەوەی ئەو بانگەشە و شتە هەڵبەستراوانەی، دوژمنانی ئیسلام لەبارەی ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی و دەرباری قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی تایبەتی ڕەواجی پێدەدەن، ئەوەی زیاتر ئەم پێویستە چڕ دەکاتەوەو جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە لێرەدا هەندێك وەرگێڕانی خراپ هەن بۆ واتاکانی قورئانی پیرۆز، کە بە دەستی دوژمنانی ئیسلامی نووسراون، ئەو دوژمنانەی وێنە و مەبەستەکانی قورئانیان بەشێواوی وێناکردووە.

**واتـای وەرگێڕان و حوکمەکەی:** وەرگێڕان دوو جۆرە:

١- **وەرگێـڕانی پـیـتاو پـیت (ترجمة حرفية):** بریتییە لەوەی لە جیاتی هەر وشەیەکی عەرەبی وشەیەکی دیکەی لە بەرامبەر دابنرێت لە زمانێکی دیکە.

زانایان ئەم جۆرە وەرگێڕانەیان حەڕام کردووە، چونکە واتاکە دەشێوێنت و بەتەواوی مەبەستەکە ناخاتەڕوو. بۆ نموونە ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن:

﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ ﴾ الإسراء: ٢٩. **واتای ئایەتەکە بریتییە لەوەی: لە چڕنووکی و دەستبڵاوی و زیادەڕەوی دوور بکەوە، بەڵام ئەگەر بە پیتاو پیت وەریبگێڕی واتاکەی بەوشێوەیە دەبێت: دەستت لە ملت قایم مەکە، بە تەواویش واڵای مەکە. ئەمە شێواندنی تەواوی مەبەستی واتای ئایەتەکەیە.**

**٢- وەرگـێـڕانی ڕاڤـەیـی (ترجمة تفسيرية): ئەمە بریتییە لە وەرگێڕانی ڕاڤەی قورئانی پیرۆز، واتە وەرگێڕانی ئەو واتایانەی کە وەرگێڕ تێیگەیشتووە لە قورئانی پیرۆز، وەرگێڕ دەقە عەرەبیەکە دەخوێنێتەوەو واتاکەی تێدەگات، بە ئەندازەی توانای تێگەیشتنی خۆی، دواتر هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی ئەم واتایانە بۆ سەر زمانە بیانیەکە کە وەردەگێڕدرێتە سەری.**

**ئەم وەرگێڕانە، بە وەرگێڕانی ڕاڤەیی ناونراوە، چونکە زۆر بە کرداری ڕاڤەکردن دەچێت، بەڵکو پڕ بە واتای وشە بریتییە لە کرداری ڕاڤەکردن، وەرگێڕ دەقەکە دەخوێنێتەوەو پاشان بەپێی تێگەیشتنی خۆی وەریدەگێڕێت، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم ڕاڤەیە بە زمانی بیانی دەبێت.**

**ئەم وەرگێڕانە دەخوێنرێتەوە نەك بەوپێیەی وەرگێڕدراوی قورئان بێت، بەڵکو بەوپێیەی ڕاڤەی ئەو واتایانەیە کە وەرگێڕ لێی تێگەیشتووە لە قورئانی پیرۆز، چەند واتایەکی تریش هەن کە دەبێت بۆ زانینیان بۆ دەقە عەرەبیەکە بگەڕێیتەوە، هەروەك هەندێك واتا کە بە زمانە بیانیەکە خراونەتەڕوو دەکرێ هەڵەبن، دەشکرێ وەرگێڕ بە هەڵە لێی تێگەیشتبێت یان بە هەڵە دەری بڕیبێت، بۆیە گەڕانەوە بۆ دەقە عەرەبیەکە پێویستە بۆ زانینی واتای ڕاستەقینە.**

**پـوختـەی باسـەکە:** ئەم وەرگێڕانە ئەم حوکمانەی خوارەوە وەردەگرێت[1]:

١- خوێندنەوەی خواپەرستی و پەرستش نییە[2].

٢- خوێندنەوەی لە نوێژدا دروست نییە.

٣- دروستە بەبێ دەستنوێژ دەستی لێبدرێت.

٤- نابێت ناوی لێبنرێت "وەرگێڕانی قورئان"، بەڵکو دەبێت ناوی لێبنرێت "وەرگێڕانی واتاکانی قورئان".

٥- حوکمە شەرعییەکانی لێوەرناگیرێت، بەڵکو بۆ وەرگرتنی حوکمە شەرعییەکان دەبێت بۆ دەقە عەرەبیەکە بگەڕێیتەوە.

---

(١) بڕوانە: أصول التفسير وقواعده: ٤٧٣.

(٢) خوێندنەوەی وەرگێڕدراوی قورئانی پیرۆز وەك خوێندنەوەی دەقی قورئانی پیرۆز بە عەرەبی مایەی بە دەستهێنانی دە خێرو چاکە نییە. ئەگەرچی خۆ شارەزاکردن و وەرگرتنی زانست خواپەرستی و پەرستشە. (وەرگێڕ).

# بەشی چواردەم

# ڕاڤــە و ڕاڤــەکــارانی قـــورئـــان

## پێناسەی ڕاڤە (تفسیر):

((ڕاڤە "تەفسیر": زانستێکە مایەی تێگەیشتنە لە کتێبی خوا، کە دابەزێنراوەتە سەر پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ، ڕوونکردنەوەی واتاکانی و هەڵهێنجانی حوکم و یاساکانی))[1].

## جیاوازی نێوان ڕاڤە (تفسیر) و لێکدانەوە (تأویل)[2]:

**ڕاڤــە (تــفــسیر):** بریتییە لە ڕوونکردنەوەی مەبەستی خوای گەورە، بە پشت بەستن بەو دەقانەی لە بارەی دەرخستنی مەبەستەکە هاتوون لە کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا ﷺ، بەشێوەیەك واتاکەی ڕۆشنە کە هیچ بوارێك بۆ کۆشش و بۆچوونی هیچ کۆششکار (مجتهد)ێك نامێنێتەوە.

**لــێــکــدانەوە (تـأویل):** بریتییە لە ڕوونکردنەوەی مەبەستی خوا بە بۆچوون و کۆششی کۆششکار (مجتهد)ەکان.

دواتر وای لێهات کە ڕاڤە (تفسیر) بۆ هەر دوو واتا بەکارهات.

## ئەو سەرچاوانەی ڕاڤەکاران پشتی پێدەبەستن:

لە کاتی ڕاڤەرکردنی قورئانی پیرۆز، ڕاڤەکاران پشت بە پێنج سەرچاوە دەبەستن:

---

(1) الإتقان: ٤/١٦٩.

(2) بڕوانە: التفسیر والمفسرون: ١/٢٢، والإتقان: ٤/١٦٨.

١- **قورئانی پیرۆز:** یەکەم سەرچاوەیە لە سەرچاوەکانی ڕاڤەی قورئانی پیرۆز، جا ئەوەی دەکرێ لە ئایەتێك بە کورتبڕی خرابێتەڕوو ئەوا لە ئایەتێکی تردا لەوانەیە درێژەی پێدرابێت، ئەوەی لە شوێنێك ڕەهایە بەهۆی هۆیەك، ئەوا دەکرێ بە بەنددار (مقید) لە شوێنی تردا هەبێت، ئەوەش کە گشتییە دەکرێ لە شوێنێکی تردا تایبەت بێت.

٢- **ئەو فەرموودانەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراونەتەوە سەبارەت بە ڕاڤەی ئایەتێك:** جا لە کتێبەکانی فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ بەشی تایبەت دانراون بۆ ڕاڤە، ئەو فەرموودانە لە خۆدەگرێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی لە بارەی ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز.

٣- **ئەوەی لە هاوەڵە بەڕێزەکانەوە** (ڕەزای خوای لێبێت) **گێڕدراوەتەوە:** چونکە ئەوان شتیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەگێڕایەوە، ئەگەرچی بە ڕاشکاوانە ئەوەی گێڕاویانەتەوە نەیان دابێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ، سەرباری ئەوەی ئەوان زانابوونە بە هۆکارەکانی دابەزین و لەگەڵ سروش (وحی) ژیاون، ئیبن مەسعود وتویەتی: (سوێند بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگەلەو، هەر ئایەتێك دابەزیوە لە قورئانی پیرۆز ئەوا دەزانم لەبارەی چی و لە کوێ دابەزیوە، ئەگەر بزانم یەکێك لەمن شارەزاتر هەیە لە کتێبی خوا و ڕێی بگاتێ ئەوا دەچمە خزمەتی).

هەروەها وتویەتی: (ئەگەر یەکێکمان فێری دە ئایەت بووبایین ئەوا لەوە تێپەڕی نەدەکرد تا واتای ئەم ئایەتانەی بە تەواوی نەزانیبا و کاری پێنەکردبا) [1].

لەلای هەندێك لە زانایان وتەی شوێنکەوتوو (تابعی)[1] وەك وتەی هاوەڵانە، چونکە شوێنکەوتووان زانستیان لە هاوەڵان وەرگرتووە، هەندێکی تر

[1] برهان: ١٥٧/٢.

وتویانە: وتەی کەسی شوێنکەوتوو دەبێتە بەڵگە ئەگەر لەبارەی بابەتێکەوە بوو کە ماوەی ڕاو بۆچوون و گومانی تێدا نەبێت، وەك ئەوەی شوێنکەوتوو یەکێك بێت لەوانەی کە شت لە خاوەن کتێبەکان وەردەگرن، بەهەمان شێوە وتەی شوێنکەوتوو دەبێتە بەڵگە ئەگەر شوێنکەوتووان لەسەر یەك بۆچوون کۆك بوون[٢].

**٤- ئەو واتایەی وەردەگیرێت لە دەق بەپێی ڕێسا و واتاکانی زمانی عەرەبی:** قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی ڕوون و ڕەوان دابەزیوە، هەر بۆیە ڕاڤە دەکرێت بەپێی ئەو واتایەی لە زمانی عەرەبیدا لە وشەکانیدا وەردەگیرێن، پێویستە ڕاڤەکار خۆی دووربگرێت لەو واتا لاوازانەی کە زۆر کەم وایە وشەکە ئەو واتایە بەدەستەوە بدات.

**٥- ئەوەی واتای فەرمایشتەکە دەیخوازێت و ئەوەش کە لە ڕێسا گشتییەکانی شەریعەت وەردەگیرێت:**

مەبەست لەوەی کە واتای فەرمایشتەکە دەیخوازێت: وشە لابراوەکەیە کە واتاکە بەبێ زیادکردنی ئەو وشەیە ڕاست و ڕێك نابێت، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن:﴿ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ ﴾ المائدة: ٣.

فەرمایشتەکە ئەو واتایە دەخوازێت: خواردنی مردار بووتان لێ قەدەغەیە، بەبێ زیادکردنی وشەی (خواردن) واتای ئایەتەکە دەرناکەوێت.

سەبارەت بە یاسا و ڕێسا گشتییەکانی شەریعەت، ئەوا ئەمانە بریتین لە بنەمای گشتی کە شەریعەتی ئیسلامی لەسەر دامەزراوە، ناکرێ ڕاڤەکاران ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەشێوەیەك ڕاڤە بکەن کە لەگەڵ ئەم ڕێسا

---

(١) شوێنکەوتوو (تابعی): بریتییە لە هەر موسڵمانێك گەیشتبێتە یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواو لەسەر ئیسلام مردبێت، نە بە بچوکی نە بە گەورەی بە پێغەمبەر ﷺ نەگەیشتبێت.

(٢) بڕوانە: التفسیر والمفسرون: ١/١٢٩.

گشتیانە تێکبگیرێن، چونکە ئەم ڕێسایانە لە خودی قورئان هەڵهێنجراون، زانایانمان ئەم ڕێسایانەیان هەڵهێنجاوە یان کۆیان کردۆتەوە لە کتێبی تایبەت یان کۆیان کردۆتەوە لەگەڵ کتێبەکانی بنەماکانی فیقھ (أصول الفقه) و بنەماکانی ئایین (أصول الدين).

بۆ نموونە ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ﴾ آل عمران: ٩٧. واتە: (خوای گەورە بڕیاری داوە لەسەر خەڵك حەج و سەردانی ماڵی خوا - کەعبەی پیرۆز - بکەن، بە تەنها ئەوانەی کە توانای - دارایی و تەندروستیان - هەیە). ئەم ئایەتە حەج لەسەر هەر کەسێکی توانادار پێویست دەکات بەبێ هەڵاواردن، کەچی ڕاڤەکاران لەبەر ڕۆشنایی ڕێسا گشتییەکان ڕاڤەی دەکەن کە عەقڵ دەکەنە بناغەی ئەرکداری (تكليف)، پێویست بوونی حەج لەسەر منداڵ و شێت لادەبەن ئەمەش لە میانەی کارکردن بەم ڕێسا گشتیانە، بەلەبەرچاوگرتنی پێنەگەیشتنی عەقڵی منداڵەکە و بێ عەقڵی کەسی شێت.

## جۆرەکانی ڕاڤە:

ڕاڤە دوو جۆرە، بە ڕوانینی ئەو سەرچاوانەی کە ئاماژەیان پێکرا و ڕاڤەکار پشتی پێدەبەستێت لە ڕاڤەکەیدا:

١- **ڕاڤە بە شوێنەوار (التفسير بالمأثور):** ئەم جۆرە ڕاڤەیە پشت دەبەستێت بەوەی لە خودی قورئاندا هاتووە، کە بەدرێژی ڕوونکردنەوەی داوە سەبارەت بەو کورتبڕیەی لە هەندێك ئایەتدا هەیە، هەروەها پشت بەستن بەوەی لە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانیەوە (ڕەزای خوایان لێبێت)

هاتووە، ئەوەش کە لە شوێنکەوتووانەوە گێڕدراوەتەوە لە ڕوونکردنەوەو دەرخستنی مەبەستی خوا لە دەقەکانی کتێبە ڕێزدارو پیرۆزەکەی[1].

**ناودارترین ئەو کتێبانەی ڕاڤەی قورئان، کە بە شوێنەوار ڕاڤەی قورئانیان کردووە:**

- جامع البیان: دانراوی موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەڕی، ساڵی ٣١٠ك کۆچی دوایی کردووە.

- تفسیر القرآن العظیم: دانراوی ئیسماعیلی کوڕی کەسیر، ساڵی ٧٧٤ك کۆچی دوایی کردووە.

٢- **ڕاڤە بە ڕاو بۆچوون:** پشتی بەستووە بە کۆشش و بۆچوونی ڕاڤەکار بە یارمەتی وەرگرتن لە زمانی عەرەبی و سەرچاوەکانی دیکەی کۆششکردن (إجتهاد) کە لە کتێبەکانی بنەماکانی فیقهـ (أصول الفقه)دا ڕوونکراونەتەوە.

وشەی (ڕاڤە بە ڕاو بۆچوون) مانای وانییە کە پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە قورئانیان ڕاڤەکردووە بە بۆچوونە کەسیەکانیان و چۆن پێیان خۆشە ئاوا لێکیان داوەتەوە، بەڵکو ئەوانە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزو وتەی هاوەڵانیان کردۆتە یەکەم سەرچاوەی پشت پێبەستراوی خۆیان، تەواو وەك چۆن پەیڕەوانی قوتابخانەی (ڕاڤە بەشوێنەوار) ئەمەیان دەکرد، بەڵام ئەوەندە هەیە پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە بە کۆشش (إجتهاد)ی سەلامەت کە عەقڵ و شەرع دانی پێدادەنێن ئەو ئایەتەیان ڕاڤە کردووە کە دەق لەبارەی ڕاڤەکەی نەهاتووە، ئەگەر هەندێکیان لەم ڕێسایانە دەرچووبن ئەوا زانایان

[1] بڕوانە: التفسیر والمفسرون: ١/١٥٢.

ڕاڤەکانی ئەوانیان ڕەتکردۆتەوەو ناویانناوە (ڕاڤە بە بۆچوونی سەرزەنشتکراو) و بە ڕاڤەی نادروست بەپێی شەرع هەژماریان کردووە[1].

## مەرجەکانی ڕاڤەکار:

زانایان بەمەرجیان داناوە بۆ ئەوەی قورئانی پیرۆز ڕاڤە دەکات کە شارەزا بێت لە کۆمەڵێك زانستدا، ژمارەیان دەگاتە پازدە زانست، کە ئەمانەن[2]:

١- زمان.

٢- زانستی (النحو).

٣- زانستی گەڕدانی وشە (التصريف).

٤- زانستی داتاشینی وشە (الإشتقاق).

٥- زانستی واتاکان (المعانی).

٦- زانستی ڕوونبێژی (البيان).

٧- زانستی جوانبێژی (البديع).

٨- زانستەکانی قورئانی (علوم القرآن).

٩- زانستی بنەماکانی ئایین (أصول الدين)

١٠- زانستی بنەماکانی فیقھ (أصول الفقه).

١١- زانستی هۆکارەکانی دابەزین (أسباب النزول).

١٢- زانستی هەڵوەشێنەروەو هەڵوەشاوە (الناسخ والمنسوخ).

١٣- زانستی فیقھ.

١٤- ئەو فەرموودانەی کە دەقە کورتبڕو ناڕۆشنەکان ڕاڤە دەکەن.

---

(1) بڕوانە: التفسير والمفسرون: ١/٢٦٥.

(2) بڕوانە: التفسير والمفسرون: ١/٢٥٦.

١٥- زانستی پێبەخشین (الموهبة) زانستێکە خوای گەورە دەیداتە کەسێك کە زانستەکەی بکاتە کردار.

## چینی ڕاڤەکاران:

پێغەمبەری خوا ﷺ یەکەم کەس بوو کە قورئانی پیرۆزی ڕاڤەکرد، سەبارەت بە ڕاڤەکارانی دوای ئەو ئەوا سێ چینن:

**یەکەم: چینی هاوەڵان:** ناودارترینیان دە کەسن ئەویش ئەوانەن: چوار خەلیفەکانی ڕاشدین، ئیبن مەسعود، ئیبن عەبباس، ئوبەی کوڕی کەعب، زەیدی کوڕی سابت، ئەبو موسای ئەشعەری، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر[1].

دیارترینی ئەم دە کەسانەش، ئەوانەن:

ـ عەلی کوڕی ئەبو تالیب، ناوبراو وتویەتی[2]: (بەخوا هەر ئایەتێك دابەزیبێت ئەوا زانیومە لەبارەی چی دابەزیوەو لە کوێ دابەزیوە، بەڕاستی پەروەردگارم دڵێکی تێگەیشتوو و زمانێکی پرسیارکەری پێبەخشیوم).

ـ عەبدوڵای کوڕی مەسعود: بە عەلی کوری ئەبو تالیب وترا: (لەبارەی ئیبن مەسعود بۆمان بدوێ، وتی: تەواو شارەزای قورئان و سوننەت بوو، ئەمە بەسە وەك زانست بزانرێت)[3].

ـ عەبدوڵای کوڕی عەبباس: پێغەمبەری خوا ﷺ نزای بۆ کرد: ((خوایەگیان لە ئایین تێیبگەیەنە و فێری لێکدانەوەی قورئانی پیرۆزی بکە)).

---

(١) الإتقان: ٤/ ٢٠٤.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) الإتقان: ٤/ ٢٠٥.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((بەڕاستی وەرگێڕێکی چاکی قورئانیت))[1].

**دووەم: چینی شوێنکەوتووان[2]: بەناوبانگترینیان سێ ڕێگەن:**

١- **خەڵکی مەککە:** ئەوانە زانستەکەیان لە ئیبن عەبباس وەرگرت، لەوانە:

سەعیدی کوڕی جوبەیر (ساڵی ٩٤ك کۆچی دوایی کردووە)، موجاهیدی کوڕی جبر (ساڵی ١٠٣ك کۆچی دوایی کردووە)، عیکرەمەی مەولای ئیبن عەبباس (ساڵی ١٠٥ك کۆچی دوایی کردووە)، تاوسیی کوڕی کیسان (ساڵی ١٠٦ك کۆچی دوایی کردووە)، عەتائی کوڕی ئەبو ڕەباح (ساڵی ١١٤ك کۆچی دوایی کردووە).

٢- **خەڵکی عێراق:** زانستەکەیان لە ئیبن مەسعود وەرگرت، لەوانە:

ئەسوەدی کوڕی یەزیدی نەخەعی (ساڵی ٧٥ك کۆچی دوایی کردووە)، ئیبراهیمی نەخەعی (ساڵی ٩٥ك کۆچی دوایی کردووە)، عەلقەمەی کوڕی قەیس (ساڵی ٦١ك کۆچی دوایی کردووە)، شەعبی عامری کوڕی شەراحیل (ساڵی ١٠٥ك کۆچی دوایی کردووە)، حەسەنی بەصری (ساڵی ١١٠ك کۆچی دوایی کردووە)، قەتادەی کوڕی دوعامەی سەدوسی (ساڵی ١١٧ك کۆچی دوایی کردووە).

٣- **خەڵکی مەدینە:** زانستەکەیان لە ئوبەی کوڕی کەعب وەرگرت، لەوانە:

---

(١) هەمان سەرچاوە: ٤/٢٠٥.

(٢) الإتقان: ٤/٢١٠، من روائع القرآن: ٨٦ و لاپەڕەکانی دواتر.

موحەممەدی کوڕی کەعبی قەڕزی (ساڵی ۱۱۷ك کۆچی دوایی کردووە)، عەتائی کوڕی ئەبو سەلەمە (ساڵی ۱۳۵ك کۆچی دوایی کردووە)، زەیدی کوڕی ئەسلەم (ساڵی ۱۳٦ك کۆچی دوایی کردووە)، باوکی عالیەی ڕوفەیعی کوڕی میهرانی ریاحی (ساڵی ۹۰ك کۆچی دوایی کردووە).

**سێیەم: چینی شوێنکەوتووی شوێنکەوتووان و ئەوەی لەوانەی وەرگرتووە:**

ئەم سەردەمە بە سەردەمی نووسین ناودەبرێت، ناودارترین زاناکانی ئەم سەردەمە:

شوعبەی کوڕی حەجاج (ساڵی ۱٦۰ك کۆچی دوایی کردووە)، وەکیعی کوڕی جەڕاح (ساڵی ۱۹۷ك کۆچی دوایی کردووە)، سوفیانی کوڕی عەیینە (ساڵی ۱۹۸ك کۆچی دوایی کردووە)، عەبدوڕەزاق (ساڵی ۲۱۱ك کۆچی دوایی کردووە)، یەزیدی کوڕی هاڕوون (ساڵی ۲۰٦ك کۆچی دوایی کردووە)، زۆرێکی تر جگەلە ناوبراوان.

لەدوای ئەوان موحەممەدی کوڕی جەریریی تەبەری (ساڵی ۳۱۰ك کۆچی دوایی کردووە) هات، کتێبەکەی تەبەڕی گەورەترین ڕاڤەی قورئانە، لە دوای تەبەڕی تا ئەم سەردەمەی خۆمان زۆر ڕاڤەکار هاتوون، هەموویان بە پلەیەك لە تەبەڕیان وەرگرتووە، ئەو گێڕانەوانەیان زیاد کرد کە ئەو نەیگێڕابووەوە، هەڵهێنجانی تریان خستەسەر، بەپێی پەیڕەو و ڕێبازی خۆیان، کە لە بڕگەی دواتردا باسی لێوە دەکەین.

## ڕێبازی ڕاڤەکاران:

پوختەی وتەیان ئەوەیە: (قورئانی پیرۆز چەند ڕوویێکی هەیە)، لە هەر لا و ڕوویێکەوە سەیری قورئانی پیرۆز بکەیت ئەوا دەیبینیت کە زەریایەکی بەخشەرە، داوای هەر زانستێك بکەیت ئەوا هەموو یان بەشێکی ئەو زانستە لە قورئاندایە، ئەمەش وای کردووە ڕاڤەکارانی قورئان ڕێبازی جیاوازیان هەبێت بەپێی جیاوازی ئەو زانستەی کە هەر یەکەیان دەستێکی باڵایان تێدا هەبوو.

لە کۆتاییدا ئەم ڕێبازانە دەچنە ژێر دوو هێڵی سەرەکییەوە، کە بریتییە لە: ڕاڤە بە شوێنەوار (التفسیر بالمأثور) و ڕاڤە بە ڕاو بۆچوون. پێشتر خرانەبەر باس و خواس.

ئێستا باسی هەندێك لەو ڕێبازانە دەکەین، لەگەڵ خستنەڕوو چەند نموونەیەك لەسەریان:

**١- ڕاڤەی قورئانی پیرۆز بە شوێنەوار (التفسیر بالمأثور):**

پشت دەبەستێت بە ڕاڤەکردنی قورئان بە قورئان پاشان، بە فەرموودە، دواتر بە وتەی هاوەڵان و شوێنکەوتووان، گرنگترین کتێبی ئەم ڕێبازە (جامع البیان)ی موحەممەدی کوڕی جەریریی تەبەڕییە، کە بە گەورەی ڕاڤەکاران دادەنرێت، هەر یەکێك لە دوای ئەو هاتبێت لەویەوە وەریگرتووە.

دواتر کتێبی (تفسیر القرآن العظیم)ی ئیسماعیلی کوڕی ئیبن کەسیر دێت.

**٢- ڕاڤەی قورئانی پیرۆز بەهۆی زمانی عەرەبی:**

ئەم ڕاڤانە بایەخ دەدەن بە دەرخستنی ڕەوانبێژی قورئان و ئیعجازە زمانەوانیەکەی، لەوانە (تفسیر البحر المحیط)ی ئەبو حەیانی ئەندەلوسی، (تفسیر الکشاف)ی زەمەخشەری.

**٣- ڕاڤەی قورئانی پیرۆز لە میانەی زانستی فیقهدا:**

ئەم ڕاڤانە هەڵدەستن بە ڕوونکردنەوەی ئەو حوکمە فیقهیانەی کە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا هاتوون، لەوانە (المحرر الوجيز) دانراوی ئیبن عەتییە، (الجامع لأحكام القرآن) دانراوی قورتوبی مالیکی، (أحكام القرآن) دانراوی ئەبو بەکری عەرەبی مالیکی، (أحكام القرآن) دانراوی جەصاصی حەنەفی، (أحكام القرآن) دانراوی کەیاهەراسی شافیعی.

**٤- ڕاڤەی قورئانی پیرۆز لە میانەی زانستی بیروباوەڕ:**

بایەخ دەدات بە ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی بیروباوەڕ، بۆ نموونە کتێبی (مفاتيح الغيب) دانراوی فەخرەددینی ڕازی.

**٥- ڕاڤەی قورئانی پیرۆز لە میانەی زانستە گەردوونیەکان:**

بۆ نموونە: (تفسير الجواهر) دانراوی تەنتاوی.

**٦- ڕاڤەی قورئانی پیرۆز لە میانەی حیکمەتی هاتنەخوارەوەو بەرهەمی ئایەتەکان:**

پشت دەبەستێت بە ڕاڤەکردنێکی گشتی ئایەتەکان لەگەڵ شرۆڤەی ئایەتەکانی حوکم و بیروباوەڕو ڕەوشت و جگەلەوانیش کە پێویستن، دواتر جەخت کردنەوە لەسەر ئەو حیکمەتانەی کە لە ئایەتە پیرۆزەکاندا هاتوون، هەروەها تیشك خستنەسەر ئەو بەرهەمەی کە موسڵمان دەیچنێت لە خوێندنەوەی ئایەتەکان، بۆ ئەوەی بەرجەستەی بکات لە واقیعی بەرهەستدا.

بۆ نموونە (تفسير المراغي)، ڕاڤەی (التحرير والتنوير) دانراوی تاهری کوڕی عاشور، (تفسير المنار) دانراوی ڕەشید ڕیزا، هەروەها ڕاڤەی ڕێزدار شێخ ئەحمەد کەفتارۆ موفتی گشتی کۆماری عەرەبی سوریا و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا کە لە وتارەکانیدا لە مزگەوتەکانی دیمەشق دەیلێتەوە.

# بەشی پازدەم

# ئادابەکانی خوێندنەوەی قورئان

پێویستە خوێنەری قورئانی پیرۆز خۆی برازێنێتەوە بە کۆمەڵێك ئاداب، لەوانە:

١- دەبێت بە دەست و نوێژ بێت، چونکە قورئانی پیرۆز باشترین زیکرە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ناخۆش بوو یاد و زیکری خوا بکرێت بە بێ دەست و نوێژ.

٢- لە شوێنێکی پاك بیخوێنێتەوە، باشترین شوێنیش مزگەوتە.

٣- ڕوو لە ڕووگە (قیبلە) دابنیشێت، بە ئارامی و ڕێزو حورمەت و لەخواترسانەوە دابنیشێت.

٤- با سەرەتا قورئان خوێن (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ[1]) بڵێ، پاشان (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ[2])، جا چ لە سەرەتای سوڕت بوو یان لە ناوەڕاستی[3].

٥- بە هێمنی و ڕێك و پێکی بیخوێنێتەوە: خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾ المزمل: ٤. واتە: (دەوری قورئان بکەوە بە وردی و لەسەرخۆ). مەبەست لە (ترتیل) ئەوەیە کە بە هێمنی بیخوێنێتەوەو هەر پیتێك مافی تەواوی بداتێ و بایەخ بە شوێنی دەرچوونی بدات.

---

(١) واتە: خۆم پەنا دەدەم بە خوای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو. (وەرگێڕ).

(٢) واتە: بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان. (وەرگێڕ).

(٣) بڕوانە: البرهان: ١/ ٤٦٠.

٦- لە قورئانی پیرۆز وردببێتەوەو لێی تێبگات، تا بتوانێت دواتر قورئان بکاتە کردار، لە ژیانیدا ڕەنگ بداتەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾ ص: ٢٩. واتە: (ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە بۆ لای تۆ، بۆ ئەوەی ئایەتەکانی لێك بدنەوەو بیری لێبکەنەوەو بۆ ئەوەی خاوەن بیرو هۆشەکان پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگرن و تێی بفکرن). حوزەیفە (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (شەوێك نوێژم لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ کرد، دەستی بە خوێندنی سوڕەتی "البقرة" کرد و تەواوی سوڕەتەکەی خوێند، پاشان سوڕەتی "آل عمران"ی بە تەواوی خوێند، بە هێمنی دەیخوێند، ئەگەر بەسەر ئایەتێك تێپەڕ ببا، ستایشی خوای تێدابا، ئەوا ستایشی خوای مەزنی دەکرد، ئەگەر پاڕانەوەی تێدابا ئەوا دەپاڕایەوە، ئەگەر خۆ پەنادانی تێدابا خۆی پەنا دەدا)[1]، ئاساییە ئەگەر ئایەت دووبارە بکرێتەوە بە مەبەستی چاك لێوردبوونەوەی، ئەبو زەڕ (ڕەزای خوای لێبێت) گێڕاویەتیەوە[2] کە پێغەمبەر ﷺ لەشەودا ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە تا بەیانی: ﴿ إِن تُعَذِّبۡهُمۡ فَإِنَّهُمۡ عِبَادُكَۖ وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾ المائدة: ١١٨. واتە: (ئەگەر سزاو ئەشکەنجەیان بدەیت، ئەوە بەڕاستی بەندەی خۆتن، ئەگەر لێشیان خۆش ببیت، ئەوە بەڕاستی تۆ خۆت خوایەکی باڵادەست و دانایت).

٧- دەنگی خۆی خۆش بکات، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((زَيِّنُوا الْقُرْآنَ بِأَصْوَاتِكُمْ))[3] واتە: بەدەنگەکانتان قورئان بڕازێننەوە.

---

(1) موسلیم گێڕاویەتیەوە: ١٨٣/٣.

(2) نەسائی گێڕاویەتیەوە. بڕوانە: الإتقان: ٣٠١/١.

(3) ئیبن حەببان گێڕاویەتیەوە. بڕوانە: الإتقان: ٣٠٢/١.

٨- لەسەر قورئانی پیرۆز بخوێنێت نەك بەلەبەری، چونکە تەنها سەیرکردنی قورئانی پیرۆز پەرستشە و مایەی پاداشتە[١].

٩- سوژدە ببات ئەو کاتەی بە سوژدەی خوێندنەوە (سجدة التلاوة) ڕەت دەبێت، ژمارەی ئەم سوژدانە چواردەن لە سەرجەم قورئانی پیرۆزدا.

١٠- سوننەتە لە دوای تەواوکردنی قورئان دەست بە خەتمێکی تر بکرێتەوە، سوڕەتی (الفاتحة) بخوێنێت لەگەڵ سەرەتای سوڕەتی (البقرة) تا ئەم فەرمایشتە: ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ البقرة: ٥.

١١- سوننەتە نزا لە دوای تەواوکردنی قورئان بکرێت، لەبەر ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ: ((مَنْ ختم القرآن فله دعوةٌ مستجابة))[٢] واتە: هەر کەسێك قورئان تەواو بکات ئەوا نزاو پاڕانەوەیەکی گیرابووی هەیە.

---

(١) خوێندنی قورئانی پیرۆز بە لەبەری و لەسەر قورئان وەك یەکە، تەنها ئەوە نەبێت کە خوێندنی لەسەر قورئان (مەصحەف) پاداشتی ڕوانینەکەی زیاترە. (وەرگێڕ).

(٢) ئیبن حەببان گێڕاویەتیەوە، بڕوانە: الإتقان: ١/٣٠٢.

## بەشی شازدەم

# پلـەوپـایـەی قــورئـــانی پـیـرۆز

زۆر ئایەتی پیرۆز و سوونەتی بەپێز و بەڕێز هاتوون سەبارەت بە باس و خواس و پلەوپایەی قورئانی پیرۆز، کە هانی مرۆڤ دەدەن لەسەر خوێندنەوەی قورئان، پوختەیەك لەو ئایەتە پیرۆزانە لە خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

**ئەمەش چەند ئایەتێك کە لەم بارەوە هاتووە:**

■ ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾ الإسراء: ٨٢. واتە: (ئێمە لە قورئان ئایەت و سوڕەتانێك دادەبەزێنین، کە ببێتە هۆی شیفا و چارەسەر بۆ نەخۆشیە دەروونی و جەستەییەکان، هەروەها ڕەحمەت و میهرەبانی بۆ ئیمانداران).

■ ﴿ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴾ القمر: ١٧. واتە: (بێگومان ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ - خوێندنەوەو تێگەیشتن و - ئامۆژگاری وەرگرتن، جا ئایا کەسێك هەیە کە دەرکی حەقیقەت و ڕاستی بکات و پەندی وەرگرتبێت).

■ ﴿ إِنَّهُۥ لَقُرْءَانٌ كَرِيمٌ ﴿٧٧﴾ فِى كِتَٰبٍ مَّكْنُونٍ ﴾ الواقعة: ٧٧ - ٧٨. واتە: (بەڕاستی ئەوەی - کە موحەممەد ﷺ - دەیخوێنیتەوە، قورئانێکی زۆر پیرۆزو بەڕێزە).

■ ﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾ المزمل: ٤. واتە: (دەوری قورئان بکەوە بە وردی و لەسەرخۆ).

■ ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦ ﴾ البقرة: ١٢١.
واتە: (دەستەیەك لەوانەی كتێب - قورئان - مان پێبەخشیون، بە چاكی و بە وردی دەوری دەكەنەوە، ئەوانە باوەڕیان پێ هەیە و باوەڕی پێ دەهێنن).

**ئەمانەی خوارەوە چەند فەرموودەیەكن لەو فەرموودە زۆرانەی لە بارەی پلەوپایەی قورئانی پیرۆزەوە هاتوون:**

■ ((كِتَابُ اللهِ تَبارَكَ وَتَعالى، فِيهِ نَبأُ مَا قَبْلَكُمْ، وَخَبَرُ مَا بَعْدَكُمْ، وَحُكْمُ مَا بَيْنَكُمْ، هُوَ الْفَصْلُ لَيْسَ بِالْهَزْلِ، مَنْ تَرَكَهُ مِنْ جَبَّارٍ قَصَمَهُ اللَّهُ تَعالى، وَمَنِ ابْتَغَى الْهُدَى فِي غَيْرِهِ أَضَلَّهُ اللَّهُ تَعالى، وَهُوَ حَبْلُ اللهِ الْمَتِينُ، وَهُوَ الذِّكْرُ الْحَكِيمُ، وَهُوَ الصِّرَاطُ الْمُسْتَقِيمُ، وَهُوَ الَّذِي لاَ تَزِيغُ بِهِ الأَهْوَاءُ، وَلاَ تلتبس به الألسنة، وَلاَ تَشْبَعُ مِنْهُ الْعُلَمَاءُ، وَلاَ يَخْلُقُ عَنْ كثرة الرَدِّ، وَلاَ تَنْقَضِي عَجَائِبُهُ))[1] واتە: كتێبی خوای پاك و بەرز، هەواڵی پێش ئێوەو دوای ئێوەو حوكمی نێوانتانیشی تێدایە، ڕاستە و گاڵتە و گەپ نییە، هەر دەسەڵاتدارێك فەرامۆشی بكات ئەوا خوا پشتی دەشكێنێت، هەر یەكێك داوای ڕێنوێنی بكات لە جگەلە قورئانی پیرۆز، ئەوا خوای گەورە گومڕای دەكات، قورئان پەتی خوای تۆكمە و یادی پڕ لە حیكمەتیەتی، ڕێگەی ڕاستە، هەواو هەوەس لە ڕێی لانادەن، زمانەكان پێی تێكناگیرێن، زانایان لێی تێر نابن، پەكی ناكەوێت لە زۆر بەرپەرچ و وەڵامدانەوە، سەرسوڕهێنەكانی كۆتایی نایەن.

■ لە ئەبو موسای ئەشعەرییەوە (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((مَثَلُ الْمُؤمِنِ الّذي يَقْرَأُ الْقُرآنَ، مَثَلُ الأُتْرُجّةِ، رِيحُهَا طَيّبٌ وَطَعْمُهَا طَيّبٌ، وَمَثَلُ الْمُؤْمِنِ الّذي لاَ يَقْرَأُ الْقُرآنَ، كَمَثَلِ

---

[1]) تورمزی گێڕاویەتیەوە: ٣١/١١.

التّمْرَةِ، لاَ رِيحَ لَهَا وَطَعْمُهَا حُلْوٌ. وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ، مَثَلُ الرّيْحَانَةِ، رِيحُهَا طَيّبٌ وَطَعْمُهَا مُرّ، وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الّذِي لاَ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ، كَمَثَلِ الْحَنْظَلَةِ، لا رِيحَ لَهَا وَطَعْمُهَا مُرّ))[1] واتە: نموونەی ئەو باوەڕدارەی قورئان دەخوێنێت وەك پرتەقاڵە، تام و بۆنی خۆشە، نموونەی ئەو باوەڕاەش کە قورئان ناخوێنێت وەك خورما وایە، بۆنی نییە بەڵام تامی خۆشە، نموونەی ئەو دووڕووەی قورئان دەخوێنێت وەك ڕیحانە، بۆنی خۆشە بەڵام تامەکەی تاڵە، نموونەی ئەو دووڕووەش کە قورئان ناخوێنێت وەك گوژاڵك وایە، بۆنی نییە و تامیشی تاڵە.

■ عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((يُقَالُ لِصَاحِبِ الْقُرْآنِ: اقْرَأْ وَارْتَقِ وَرَتِّلْ كَمَا كُنْتَ تُرَتِّلُ فِي الدُّنْيَا، فَإِنَّ مَنْزِلَتَكَ عِنْدَ آخِرِ آية تَقْرَؤُهَا))[2] واتە: (لە ڕۆژی دواییدا[3]) بە قورئان خوێن دەوترێت، بخوێنە و بەرز ببەوە، وەك چۆن قورئانت دەخوێند لە دونیادا، بێگومان شوێن و پێگەی تۆ لەلای دوایین ئایەتە کە دەیخوێنی.

■ عەبدوڵای کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لێبێت) گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((اقْرَؤُوا القُرآن، فإنَّ اللَّهَ تعالى لا يُعَذِّبُ قَلْباً وعَى القُرآن، وَإِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ مَأْدُبَةُ اللَّهِ، فَمَنْ دَخَلَ فِيهِ فَهُوَ آمِنٌ، وَمَنْ أَحَبَّ القرآن فليبشر))[4] واتە: قورئان بخوێننەوە، بەڕاستی خوا دڵێك سزا نادات کە لە

---

(1) بوخاری: ١٩١٧/٤، و موسلیم: ١٩٤/٢ گێڕاویانەتەوە.

(2) ئەبو داود: ٧٣/٢، و نەسائی: ٣٦/١١، گێڕاویانەتەوە.

(3) خۆم زیادم کردووە. (وەرگێڕ).

(4) دارمی گێڕاویەتیەوە.

قورئان تێگەیشتبێت، بەڕاستی ئەم قورئانە خوانی خوای مەزنە، ئەوەی بچێتە سەری پارێزراوە، جا مژدە بۆ ئەوەی قورئانی خۆش دەوێت.

# وتـەیـەکی پـێـویـست

**برای موسڵمانم:**

ئەمانە بریتی بوون لە چەند زانستێکی قورئانی پیرۆز کە بە کورت و پوختی لەبەر دەستت دانراون، ئەوە لێی فێربووی کە پێویستە بیزانیت، دەربارەی کتێب و دەستووری هەرە مەزنی ژیانت.

بەڵام پێویستە بزانیت کە ئەم زانستانە کە ناویان لێنراوە "زانستەکانی قورئان"، بریتی نین لە سەرجەم زانستەکانی قورئان و تێکڕای ئەوەی قورئانی پیرۆز هێناویەتی، بەڵکو بریتین لە کلیلەکانی قورئان و کلیلەکانی زانستەکانی قورئان یان ئەو دەفرەن کە زانستە ڕاستەقینەکەی قورئانیان لەخۆگرتووە.

جا - براکەم - ئەگەر کلیلەکانت دەستخستن نەکەیت تەنها بە وەرگرتنی ئەو کلیلانە وازبهێنی و نەچیتە ناو ماڵەکەوە، ئەگەر دەفرەکەت بەدەستهێنا بە دەفرەکە سەرقاڵ نەبیت لە جیاتی سەرقاڵ بوون بەوەی کە پێویستە بخرێتە دەفرەکەوە، بێگومان ئەویش زانستە ڕاستەقینەکانی قورئانن، کە زانستی بەختەوەر بوونە لە دونیا و دواڕۆژدا.

جا ئەگەر قورئانی پیرۆزت خوێندەوەو کلیلەکانی قورئانیشت پێ بوو، ئەوا بەدوای ئەو زانستانەدا بگەڕێ کە دڵت پڕ دەکەن لە نوورو ڕووناکی، عەقڵت پڕ دەکەن لە ڕووناکی دانایی و حیکمەت، بەرنامەی ژیانێکی بەختەوەرو سەرکەوتوو بۆ تۆ و ژیانت فەراهەم دەکەن.

جا زانستەکانی بنیاتنانی تاك و کۆمەڵگە و ئوممەت، هەموویان چەند زانستێکن لە زانستەکانی قورئانی پیرۆز: ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ﴾ الأنعام: ٣٨. واتە: (هیچ شتێکمان پشتگوێ نەخستووە لە کتێب - قورئانی پیرۆز - دا).

ئەمە مانای وانییە کە بۆ نموونە قورئان یاساکانی ئەندازە و ڕێگەی ژمێرکاری سێگۆشەی هێناوە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە قورئانی پیرۆز تۆوی ئەو زانستانەی لەخوگرتووەو بانگەوازی بۆ کردووە[1]، خوای تاك و پاك فەرموویەتی: ﴿وَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ فَتَعْرِفُونَهَا﴾ النمل: ٩٣. واتە: (بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ خوا، لە ئایندەیەکی نزیکدا نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەدات و دەیانناسنەوە).

جا ئەگەر ئەم زانستانەتان زانی ئەوا ڕێڕەو بڕینەکەت نەوەستێت، بەڵکو لەسەر ڕۆیشتنەکەت بەردەوام بە، تا ئەم زانستانە بەرجەستە دەکەیت لە واقیعێکی بەرهەستدا و لە ژیانتدا ڕەنگ بداتەوە، ڕەوشتت ئاڕاستە بکات وەك چۆن پێشتر ڕەوشت و ڕەفتاری هاوەڵانی پێغەمبەری خوای ﷺ ئاڕاستە دەکرد، عەبدوڵای کوڕی مەسعود وتویەتی: (ئەگەر یەکێکمان فێری دە ئایەت بووبا ئەوا لەوە تێپەڕی نەدەکرد تا واتای ئەم ئایەتانەی نەزانیبا و کاری پێنەکردبا)[2]. - لە سەرەتا و کۆتادا - قورئان کتێبی ڕێنوێنی، دەستووری ئوممەت، پەیڕەوی ژیانە، ئەگەر دەستت پێوەگرت ئەوا دەستت گرتووە بە پەتی تۆکمەی خوای گەورەوەو خێرو چاکەی ئاشکرات دەستخستووە.

قـرآن ربـك يـا مـحــمد عزنا ونظـامـنا الدّاعي لعيش أرغد

---

[1] بۆ نموونە بڕوانە: کتێبی (الرياضيات في القرآن الكريم) دانراوی د. خەلیفە عەبدولسەمیع، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی قاهیرە.

[2] برهان: ١٥٧/٢.

الناس فيه على السواء جميعهم لا فرق فيه لأبيض أو أسود
قرآننا نور يضيء سبيلنا قرآننا نار على من يعتدي
يا هذه الدنيا أصيخي واشهدي إنا بغير محمّد لن نقتدي

واته: قورئانی پەروەردگارت ئەی حومەممەد مایەی سەربەرزیمانە، هەروەها بریتییە لە بەرنامەکەمان کە بانگەوازی دەکات بۆ ژیانێکی خۆشتر. سەرجەم خەڵکی لە قورئاندا یەکسانن، تیایدا جیاوازی نییە لە نێوان سپی پێست و ڕەش پێست. قورئانەکەمان ڕووناکیەکە ڕێگەمان ڕۆشن دەکاتەوە، قورئانەکەمان ئاگرە لەسەر ئەوەی دەستدرێژی و سنووربەزێنی دەکات. ئەی دونیا گوێ بگرە و گەواهی بدە، بەڕاستی ئێمە جگە لە موحەممەد ﷺ شوێن کەس ناکەوین.

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**

# سەرچاوەكان

١- القرآن الكريم.

٢- الإبانة عن معاني القراءات، محمد بن أبي طالب القيسي، تح: محي الدين رمضان، دمشق، دار المؤمون للتراث، ط ١، ١٩٧٩م.

٣- الإتقان في علوم القرآن، جلال الدين السيوطي، تح: أبو الفضل إبراهيم.

٤- أصول التفسير وقواعده، خالد خالد عبدالرحمن العك، بيروت، دار النفائس، ط ٢، ١٩٨٦م.

٥- أصول الفقه الإسلامي، د. وهبة الزحيلي، دمشق، دار الفكر، ط ١، ١٩٨٦م.

٦- الأعلام، خير الدين الزركلي، بيروت، دار العلم للملايين، ط ٥، ١٩٨٠م.

٧- البرهان في علوم القرآن، بدر الدين محمد بن عبدالله الزركشي، تح: محمد أبو الفضل إبراهيم، بيروت، دار المعرفة، ١٩٧٢م.

٨- التبيان في علوم القرآن، محمد علي صابوني، بيروت، مؤسسة مناهل العرفان، ط ٢، ١٩٨٠م.

٩- التفسير الكبير، الإمام فخر الرازي، ط ٣، بيروت، دار إحياء التراث العربي، د. ت.

١٠- التفسير والمفسرون، محمد حسين الذهبي، القاهرة، دار الكتب الحديثة، ط ١، ١٩٦١م.

١١- الجامع الصحيح المسمى بصحيح مسلم، مسلم بن الحجاج بن القشيري النيسابوري، دار المعرفة، بيروت، د.ت.

١٢- دراسات قرآنية، د. عدنان زرزور، مكتبة دار الفتح، دمشق، ط ١، ١٩٧٥م.

١٣- روح المعاني في تفسير القرآن والسبع المثاني، محمود الآلوسي، بيروت، دار إحياء التراث العربي، د. ت.

١٤- سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث الأزدي، تح: محي الدين عبدالحميد، المكتبة العصرية، بيروت_ صيدا، د.ت.

١٥- شرح المقدة الجزرية، زكريا الأنصاري، علق عليه محمد غياث الصباغ، مكتبة الغزالي، دمشق، د.ت.

١٦- شرح المنظومة البيقونية، عبدالله سراج الدين، حلب، مكتبة دار الفلاح، د.ت.

١٧- صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل البخاري، ضبط وشرح و فهرسة: د. مصطفى ديب البغا، مطبعة الهندي، ١٩٧٦م.

١٨- صحيح الترمذي بشرح الإمام ابن العربي المالكي، دار الكتاب العربي، بيروت، د.ت.

١٩- علم أصول الفقه، عبدالوهاب خلاف، الكويت، دار القلم، ط ١، ١٩٧٢م.

٢٠- فن التجويد، عزة عبيد دعاس، دار الإيمان _ دار الهجرة، بيروت، دمشق، ط ٨، ١٩٨٥م.

٢١- فنون الأفنان في عيون علوم القرآن، أبو الفرج عبدالرحمن بن الجوزي، تح: د. حسين ضياء الدين عتر، بيروت، دار البشائر الإسلامية، ط ١، ١٩٨٧م.

٢٢- القرآن ونصوصه، عدنان زرزور، جامعة دمشق، ١٩٧٩م.

٢٣- كيف تحفظ القرآن، محمد الحبش، دار الخير، بيروت، ط ١، ١٩٨٧م.

٢٤- مباحث في علوم القرآن، د. صبحي صالح، بيروت، دار العلم للملايين، ط ١٥، ١٩٨٣م.

٢٥- مباحث في علوم القرآن، مناع قطان، بيروت، مؤسسة الرسالة، ط ١٩، ١٩٨٦م.

٢٦- مناهل العرفان في علوم القرآن، محمد عبدالعظيم الزرقاني، دمشق، دار الفكر، ط ٣.

٢٧- من روائع القرآن، د. محمد سعيد رمضان البوطي، دمشق، دار الفارابي، ط ٥، ١٩٧٧م.

٢٨- منهج النقد في علوم الحديث، د. نورالدين العتر، دمشق، دار الفكر، ١٩٨٣م.

# نــــــــاوەڕۆك


| بــــابــــەت | لاپــەڕە |
|---|---|
| ❖ **پێشەکی وەرگێڕ** | ٤ |
| ❖ **پێشنووسی بەڕێز شێخ ئەحمەد کەفتارۆ** | ٦ |
| ❖ **پێشەکی چاپی نوێ** | ٩ |
| ❖ **پێشەکی چاپی یەکەم** | ١١ |
| • **بەشی یەکەم: قورئانی پیرۆز ( پێناسەکەی، ناوەکانی، خەسڵەتەکانی )** | ١٥ |
| پێناسەی قورئانی پیرۆز | ١٥ |
| ناو و خەسڵەتەکانی قورئان | ١٧ |
| جیاوازی نێوان قورئانی پیرۆز و فەرموودەی قودسی | ١٩ |
| • **بەشی دووەم: دابەزینی قورئانی پیرۆز** | ٢٣ |
| ژمارەی دابەزینەکان | ٢٣ |
| بۆچی قورئانی پیرۆز بەش بەش دابەزی | ٢٤ |
| یەکەم و دواهەمین ئایەت کە لە قورئان دابەزیووە | ٣٠ |
| • **بەشی سێیەم: سروش ( الوحي )** | ٣٣ |
| پێناسەکەی | ٣٣ |
| چۆنیەتی سروش دابەزین | ٣٣ |
| • **بەشی چوارەم: هۆکارەکانی دابەزین ( أسباب النزول )** | ٣٧ |
| پێناسەکردنی هۆکارەکانی دابەزین (أسباب النزول) | ٣٩ |
| سوودی زانینی هۆکارەکانی دابەزین (أسباب النزول) | ٤٠ |
| • **بەشی پێنجەم: مەککەیی و مەدینەیی** | ٤٢ |

| | |
|---|---|
| پێناسەیان | ٤٢ |
| سوودی زانینیان | ٤٢ |
| ڕێگەی زانینیان | ٤٣ |
| • **بەشی شەشەم: کۆکردنەوە و نووسینەوەی قورئانی پیرۆز** | ٤٧ |
| کۆکردنەوەی قورئان لە سینەکاندا کۆکردنەوەی قورئان لە سینەکاندا | ٤٧ |
| کۆکردنەوەی قورئان لە دێڕەکاندا، لە ڕێگەی نووسینەوە | ٤٩ |
| لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ | ٤٩ |
| لە سەردەمی ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێبێت) | ٥٠ |
| لە سەردەمی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) | ٥٢ |
| ئایەت و سوڕەتەکان: (ڕیزبەندیان، ژمارەیان، شێوەی نووسینی قورئان "رسم القرآن"، هەماهەنگی نێوان ئایەت و سوڕەتەکان، چەند سوڕەتێك کە بە زیاتر لە ناوێك ناسراون) | ٥٤ |
| • **بەشی حەوتەم: جۆرەکانی خوێندنەوەو خوێنەرانی قورئان** | ٥٩ |
| واتای جۆرەکانی خوێندنەوە | ٥٩ |
| شێوەکانی ڕاجیایی نێوان جۆرەکانی خوێندنەوەو ڕێسای وەرگرتنی حوکمەکان لێیان | ٥٩ |
| ئەو مەرجانەی کە پێویستن لە خوێندنەوەی پەسەندا هەبن | ٦١ |
| جۆرەکانی خوێندنەوەو ناوی خوێنەرانیان | ٦٢ |
| • **بەشی هەشتەم: حەوت پیتەکان (الأحرف السبعة)** | ٦٥ |
| یەکەم: بەڵگەکانی دابەزینی قورئان لەسەر حەوت پیت | ٦٥ |
| دووەم: مەبەست لە حەوت پیتەکان | ٦٨ |

| | |
|---|---|
| سێیەم: حەوت پیتەکان و جۆرەکانی خوێندنەوە | ٧٤ |
| چوارەم: سوودەکانی فرە پیتی | ٧٤ |
| پێنجەم: چەند خاڵێك کە دەبێت ڕەچاوبکرێن | ٧٥ |
| • **بەشی نۆیەم: هەڵوەشاندنەوە ( النسخ )** | ٧٦ |
| گرنگی و پێناسەکەی | ٧٦ |
| جۆرەکانی (نەسخ) لە ڕووی (هەڵوەشێنەرەوە: ناسخ) و (هەڵوەشاوەوە: منسوخ)ەوە | ٧٧ |
| حیکمەت لە بوونی هەڵوەشاندنەوە (النسخ) | ٨١ |
| • **بەشی دەیەم: یەك واتا و فرەواتا ( المحکم والمتشابە )** | ٨٣ |
| پێناسەیان | ٨٣ |
| جۆری فرەواتاکان | ٨٦ |
| • **بەشی یازدەم: شێوازی قورئانی پیرۆز** | ٨٩ |
| ئەو تایبەتمەندیانەی شێوازی قورئانی پیرۆزی پێ جیا دەکرێتەوە | ٨٩ |
| چەند نموونەیەك لە ڕەوانبێژی قورئان | ٩٣ |
| • **بەشی دوازدەم: ئیعجازی قورئان** | ٩٦ |
| مەبەست لە ئیعجازی قورئان | ٩٧ |
| مەرجەکانی موعجیزە و هاتنەجێی لە قورئانی پیرۆزدا | ٩٧ |
| ئەو ئایەتانەی کە تەحەدداى بێ باوەڕانیان کردووە لەوەی کە هاووێنەی قورئانی پیرۆز بهێنن | ٩٨ |
| ڕووەکانی ئیعجازی قورئان | ١٠٠ |
| ئیعجازی زمانەوانی | ١٠٠ |
| چۆنیەتی دانانی سورەت و ئایەتەکان | ١٠١ |

| | |
|---|---|
| زانست و زانیاریەکانی | ١٠١ |
| هەواڵدانی سەبارەت بە شتە پەنهانەکان | ١٠٢ |
| پێشەنگ بوونە زانستیەکەی | ١٠٤ |
| • **بەشی سێزدەم: وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز** | ١٠٨ |
| واتای وەرگێڕان و حوکمەکەی | ١٠٨ |
| • **بەشی چواردەم: ڕاڤە و ڕاڤەکارانی قورئان** | ١١١ |
| پێناسەی ڕاڤە (تفسیر) | ١١١ |
| جیاوازی نێوان ڕاڤە (تفسیر) و لێکدانەوە (تأویل) | ١١١ |
| ئەو سەرچاوانەی ڕاڤەکاران پشتی پێدەبەستن | ١١١ |
| جۆرەکانی ڕاڤە | ١١٤ |
| مەرجەکانی ڕاڤەکار | ١١٦ |
| چینی ڕاڤەکاران | ١١٧ |
| ڕێبازی ڕاڤەکاران | ١٢٠ |
| • **بەشی پازدەم: ئادابەکانی خوێندنەوەی قورئان** | ١٢٢ |
| • **بەشی شازدەم: پلەوپایەی قورئانی پیرۆز** | ١٢٥ |
| ❖ **وتەیەکی پێویست** | ١٢٩ |
| ❖ **سەرچاوەکان** | ١٣٢ |
| ❖ **ناوەڕۆك** | ١٣٥ |

کاروان
KARWAN
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن